جەژن و یاد و بۆنەکان

www.iqra.ahlamontada.com

منتدى إقرأ الثقافي

عەلی باپیر

هەڵسەنگاندنێک

- ئایینییەکان
- جیهانی و پیشەیەکان
- نیشتمانی و نەتەوەییەکان
- نەورۆز

التفسير

منتدى إقرأ الثقافي

جەژن و یاد و بۆنەکان

و

هەڵسەنگاندنێك

جەژن و یاد و بۆنەکان

و

هەڵسەنگاندنێک

- ئایینییەکان
- جیهانیی و پیشەییەکان
- نیشتیمانیی و نەتەوەییەکان
- نـــــەورۆز

ناوی کتێب : جەژن و یاد و بۆنەکان و هەڵسەنگاندنێک

نووسینی : عەلی باپیر

نەخشەسازیی : کۆمپیوتەری هیوا

خەت : نەوزاد کۆیی

بەرگ : أمین مخلص

نۆرە و ساڵی چاپ : یەکەم ١٤٣٤ک – ٢٠١٣ز

تیراژ : ١٥٠٠ دانە

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَـٰتِنَآ أَنْ أَخْرِجْ قَوْمَكَ مِنَ ٱلظُّلُمَـٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ وَذَكِّرْهُم بِأَيَّـٰمِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ ۝٥ ﴾ إبراهيم.

واتە:

وەبەدڵنیاییەوە موسامان بە بەڵگەو نیشانەکانمانەوە نارد "فەرمانمان پێکرد" کە گەلەکەت لە تاریکییان بەرەو ڕووناکیی دەرباز بکەو ڕۆژەکانی خوایان یاد بخەوە، بێگومان لەوەدا بەڵگەو نیشانە هەن بۆ هەرکەسێکی زۆر خۆڕاگری زۆر سوپاس گوزار.

پێشکەش بێ

بەومسوڵمانانەی کە وێڕای تونـد دەستگرتن بـە نەگۆڕەکانی شـەریعەتەوە، هـەوڵیش دەدەن بـەردەوام لـەبواری گۆڕاوەکاندا، ڕێبازو شێوازو ئـامڕازی تـازەو هاوچەرخانە دابێنن، تاکو خۆیانو دینەکـەیان لـەدنیاو ژین، بەجێ نەمێنن.

پێشەکی

الْحَمْدُ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ، وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا، وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِه اللهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَن لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ آل عمران،

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴿١﴾ ﴾ النساء، ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ ﴾ الأحزاب.

أمَّا بَعْدُ: فإنَّ أَصْدَقَ الحَدِيث كَلامُ الله وَخَيْرَ الْهَدِي هدْيُ مُحَمَّد ﷺ وَشرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَة، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّار[1]

ژیانی بەشەر بەگشتی بریتیە لەخۆشیی‌و ناخۆشیی‌و هەورازو نشێو، چ لەسەر ئاستی تاك تاکی مرۆڤەکان‌و، چ لەسەر ئاستی نەتەوەو هۆزو بنەماڵەو

---

[1] – ئەوە پێی دەگوترێ: (خطبة الحاجة) کە پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی بەرێزی فێردەکرد پێش هەر قسەیەکی گرنگ بیلێن، وەك وتاری جومعەو داخوازییکردن (خِطْبة)و .. هتد، وە ئەم وتارە هەرکام لە: الترمذي: (١١٠٥)، والنسائي: (١١٠٤)، وابن ماجه: (١٨٩٢) وأحمد: (٣٧٢٠)، وطبراني: (٢٤١٤) هێناویانەو (مسلم)یش بەشێکی هێناوە.

خێزانەکانو، ئەو کۆمەڵگایانەی کە بنیاتیان دەنێنو لەچوارچێوەیاندا دەژین.
عادەتی مرۆڤیش وایە کە کەمو زۆر یادی ئەو پێشهاتو ڕووداوانە دەکاتەوە، کە لەژیانی تایبەتیو گشتیدا هاتوونەتە پێشی، بەتاڵو شیرینیانەوە.
خوای کاربەجێش "سبحانه وتعالی" ئەو پێشهاتو ڕووداوە تاڵو شیرینانەی بە وشەی ڕۆژەکانی خوا (أيام الله) ناو بردوون، وەك لەوبارەوە فەرموویەتی:
﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَـٰتِنَآ أَنْ أَخْرِجْ قَوْمَكَ مِنَ ٱلظُّلُمَـٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ وَذَكِّرْهُم بِأَيَّـٰمِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ ﴿٥﴾ ﴾ إبراهيم، واتە: وە بەدڵنیاییەوە مووسامان بەنیشانەو بەڵگەکانمانەوە ڕەوانە کرد "فەرمانمان پێکرد" کە گەلەکەت لەتاریکییانەوە بەرەو ڕووناکیی دەرباز بکەو ڕۆژەکانی خوایان وەبیر بێنەوە، بێگومان لەوەدا نیشانەو بەڵگە هەن بۆ هەموو کەسێکی زۆر خۆڕاگری زۆر شوکرانە بژێر.
بەڵگەشمان لەسەر ئەوە کە مەبەست لەوشەی (أيام الله) لەئایەتەکەدا، ئەو پێشهاتو ڕووداوە خۆش‌و ناخۆشانەن، کە دێنە ڕێی مرۆڤ، ئەوەیە کە خوای زاناو شارەزا لەئایەتی دوای ئایەتی پێشوودا فەرموویەتی: ﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ أَنجَىٰكُم مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ وَيُذَبِّحُونَ أَبْنَآءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَآءَكُمْ ۚ وَفِى ذَٰلِكُم بَلَآءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ ﴿٦﴾ ﴾ إبراهيم، واتە: وە (یاد بکەوە) کاتێك موسا بەگەلەکەی خۆی گوت: یادی چاکەی خوا بەسەرخۆتانەوە بکەنەوە، کە لەدەست دارو دەستەی فیرعەون قوتاری کردن، کە سۆغرەو بێگاریان پێدەکردن (و سزای خراپیان دەدان) وە کوڕەکانتانیان سەردەبڕیو ئافرەتەکانتانیان دەهێشتەوە، وە لەوەدا لەپەروەردگارتانەوە چاکەیەکی مەزن هەبوو کە ببێتە مایەی

تاقیکردنەوەتان.

کەواتە: ئەو ڕۆژانی خوا (أیام الله)یەی کە "خوا سبحانه وتعالی" فەرمانی بەموسا "علیه السلام" کردوە، وەبیر گەلەکەیان بخاتەوە، ئەو ڕووداو و پێشهاتە تاڵو شیرینانەن کە لەئایەتەکەی دواییدا ئاماژەیان پێکراوە، کە بریتیی بوون لە چەوسێنرانەوەو سۆغرەو بێگار پێکران‌و، نێرەوەز سەربڕان‌و مێینە هێشترانەوەیان‌و... هتد، وەپاشان دەربازبوون‌و ڕزگاربوونیان بەهۆی پێغەمبەرانی خوا: موسا‌و هارووني برایەوە "سەلامی خوایان لێبێ"و ئازادو سەربەست بوونیان‌و، نیری ستەم‌و چەوساندنەوە لەسەر لاچوونیان.

شایانی باسیشە کە هەرکام لەوشەکانی:

١- جەژنەکان (الأعیاد) و ٢- بۆنەکان (المناسبات) و ٣- یادەکان (الذکریات)، وەك ناو و نیشانێکی گشتی بۆ ئەو ڕووداو و پێشهاتە خۆش‌و ناخۆش‌و شیرین‌و تاڵانە بەکاردێن، هەرچەندە هەندێك جار بەپێی عورف‌و باو، یەکێك لەوسێ وشانە "ڕەنگە غەیری وانیش" زیاتر بۆ جۆرێك لەو بۆنەو یادانە بەکاربهێنرێ، بۆ وێنە: وشەی جەژن (عید) کە تەنیا بۆ ڕۆژانی شادیی‌و خۆشیی بەکاردێ، "بەپێی عورف"، هەرچەندە لەبنەڕەتدا پێشهات‌و بۆنە خۆش‌و ناخۆشەکان‌دە گرێتەوە، وەك دوایی ڕوونی دەکەینەوە.

ئنجا خوا پشتیوان بێ هەوڵدەدەم لەدوو تۆێی ئەم کتێبەدا تیشك بخەمە سەر کۆی جەژن‌و بۆنەو یادەکان بەگشتی‌و، هەندێکیشیان کە مشت‌و مڕیان لەبارەوە کراوەو دەکرێ، وەك یادکردنەوەی لەدایکبوونی پێغەمبەر "صلی الله علیه وسلم"و بۆنە ئیسلامییەکانی دیکەو، ڕۆژی نەورۆزو، بۆنە نەتەوەیی‌و نیشتیمانییەکانی دیکەو، یادو بۆنە جیهانییەکانی وەك: ڕۆژی دایك، منداڵ،

کرێکار، مافی مرۆڤ ...هتد، بەتایبەت.

ئامانجیشم ئەوەیە کە ڕێ نەدەین بەناهەق، بەناوی شەریعەتەوە بازنەی قەدەغەکراوەکان (المحرمات) لەسەر حیسابی حەڵاڵو ڕەوا (الحلال والمباح) بەبێ بەڵگەیەکی ڕوونو بێ چەندو چوونی شەرعیی، فراوان بکرێو، خەڵکی تووشی سەغڵەتیی (حرج) ببێ، چونکە خوای کاربەجێو میهرەبان لەکتێبی بەهێزو بەپێزی خۆیدا، زۆر بەڕاشکاویی ڕایگەیاندوە، کە زۆری پێناخۆشە شتانێك کە بەڕەوای داناون، لەخەڵکی قەدەغە بکرێن، وەك فەرموویەتی: ﴿ قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزْقِ .... ﴿٣٢﴾ ﴾ الأعراف، واتە: بڵێ: کێ ئەو جوانییو ڕۆزییە خۆشانەی کە خوا بۆ بەندەکانی وەدیهێناون، قەدەغەی کردوون..؟!

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾ المائدة، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! ئەو شتە خۆش و بەسوودانەی خوا بۆی حەڵاڵ کردوون، قەدەغە مەکەن، وە سنوورشکێنیی مەکەن، بێگومان خوا سنوور شکێنانی خۆشناوێن.

هەروەها لەبارەی دانەنانی سەغڵەتیی لەئایینو بەرنامەکەیدا فەرموویەتی: ﴿ ...وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي ٱلدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ...﴿٧٨﴾ ﴾ الحج، واتە: وە لەئایینداهیچ جۆرە سەغڵەتییەکی دانەناوە.

بەکورتیی:

بەم باسو لێکۆڵینەوەیەم دەمەوێ، بەرگریی لە فراوانییو ئاسانییو لەگەڵ فیترەتی ساغو بەرزەوەندیی ڕاستەقینەی خەڵکدا گونجاویی، شەریعەتی تێرو تەواویی خوای کاربەجێ بکەم، لەبەرانبەر هەندێك جۆرە تێگەیشتنی

سەرکێڵو کرچو کاڵدا، بۆ هەندێك ئایەتو دەقی سوننەتو بابەتی شەرعیی، کە سەرەنجام بەناهەقو ستەم، ڕووی گەشو جوانی شەریعەت دەشێوێنن‌و، بەبێ بەڵگەیەکی ڕاستو ڕوون، هەندێك شتی ڕەوا لەخەڵکی قەدەغە دەکەن‌و، لەئاکامدا یان سەغڵەتو بێزاریان دەکەن، یان "ئەگەر دامەزراو نەبن" لە ئیسلامیان دوور دەخەنەوەو دەیانتارێنن‌و دەیانتۆرێنن‌و، ڕاست بە پێچەوانەی فەرمایشتەکەی پێغەمبەرەوە "صلى الله عليه وسلم"، مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن، کە فەرموویەتی: (يَسِّروا ولا تُعَسِّروا، وبَشِّروا ولا تُنفِّروا) متفق علیە، واتە: (دینداریی) ئاسان بکەن‌و قورسی مەکەن، وە (خەڵك) دڵخۆش بکەن‌و بێزاریان مەکەن‌و مەیانسڵەمێننەوە.

هیواداریشم ئەم نووسینە ئەو ئامانجەی کە بۆی نووسراوە بەپێکێ‌و، خۆشحاڵیش دەبم بەتێبینییی‌و ڕەخنەو سەرنجی دڵسۆزانەو بابەتییانەی هەر خوشك‌و برایەك، چونکە بێگومان هەقی ڕەها (الحق المطلق) تەنیا لەلایەن خوای بەرزو مەزن‌و زاناو کاربەجێ‌و شارەزایە: ﴿ وَقُلِ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكُمۡ... ﴿٢٩﴾ ﴾ الكهف، وەتەنیا پێغەمبەرانیش "صلى الله عليهم وسلم" لەهەڵەو کەمو کووڕیی پارێزراو (معصوم)ن.

سبحانك اللهم وبحمدك، أشهد أن لا اله الاّ أنت
أستغفرك واتوب اليك
٥ محرم/١٤٣٤ کۆچی
٢٠١٢/١١/١٩ زایینی
بەغدا

ڕێ خۆشکردن

خوێنەری سەنگین !

ئەم کتێبەی بەردەستت لە بنەڕەتدا چوار ئالقەی بەرنامەی (مەحەك)بوو، کە کاك سۆران عومەر لەگەڵ بەندەدا ئەنجامی دەدا، بەڵام دوایی لێم زیاد کردو دەستکارییم کردو لەشێوەی وتووێژو پرسیارو وەڵامەوە گۆڕیم بۆ ئەم حاڵەتەی ئێستای.

وەئەم کتێبە بۆ سێ بەش دابەش بووە:

بەشی یەکەم: دە (١٠) بنەمای گرنگ بۆ ڕوونکردنەوەی حوکمی یادو بۆنەو جەژنەکان.

بەشی دووەم: لەبێژینگدانی بەلگەکانی ئەوانەی سەرجەم یادو بۆنەکان بەحەڕام دەزانن.

بەشی سێیەم: لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی ڕەوایی‌و نا ڕەوایی یادکردنەوەی ڕۆژی نەورۆزەوە.

شایانی باسیشە کە هەوڵمداوە بەپێی توانا، ڕوون‌و کورت‌و گوشراوانە بابەتەکە بخەمەڕوو، هەربۆیەش لەشێوەی وتو وێژو چاوپێکەوتنەوە گۆڕیم بۆ شێوەی نووسین‌و، هەرچییەك پەیوەندیی بەخودی بابەتەکەوە نەبووبێ لامبردوە، بەڵام بێگومان کەم‌و زۆر شوێنەواری قسەی زارەکیی (شفهي) چاوپێکەوتنی هەرپێوە دیارە.

بەشی یەکەم

دە (١٠) بنەمای گرنگ بۆ ڕووبەڕووبونەوەی حوکمی یادو بۆنەو جەژنەکان.

خوێنەری بەڕێز!

لـەم بەشـەدا دە (١٠) بنـەمای گـەورەو گرنگـی شـەریعەت دەخەینـەڕوو، کـە هەرکەسێك بەوردیی سەرنجیان بداتو باش لێیان تێبگات، بەئاسانیی حـوکمی شەرعیی یادکردنەوەی یادو بۆنەو جەژنەکانی بۆ ئاشکرا دەبێ.

ئەو بنەمایانەش ئەمانەن:

١- ئیسـلام لـەقۆڕئانو سـوننەتدا بەرجەسـتەیەو، قسـەو بۆچـوونی زانایـان، تێگەیشتنی ئەوانە لەبارەی ئیسلامەوە، نەك خودی ئیسلام.

٢- ئاسانکاریی "لەسنووری شەریعەتدا" یەکێکە لە بنەماکانی شەریعەت.

٣- ئیسلام حەزناکات بازنەی قەدەغەکراوەکان (محرمات) لەسەر حیسابی ڕەوا (مباح) فراوان بکرێ.

٤- کردەوەکـان بەگشـتی بـۆ هـەردووك جـۆری: خواپەرسـتییەکان (العبـادات)و هەڵسو کەوتەکان (المعاملات - العادات) دابەش دەبن.

٥- بناغە لەخوا پەرستییەکاندا قەدەغەبوون (حظر)و، لەهەڵسو کەوتەکاندا ڕەوا (مباح) بوونە.

٦- شـتی ڕەوا بـەهۆی بەهەڵـە بەکارهێنرانییـەوە، حوکمـە ئەسـڵییەکەی ناگۆڕێو قەدەغە نابێ.

٧- نیازو مەبەست، حوکمی هەڵس‌و کەوتەکان دەگۆڕێ.

٨- یادو بۆنەو جەژنەکان لەبازنەی هەڵس‌و کەوت‌و عادەتەکاندان.

٩- بیدعەت تایبەتە بەهەردووك بواری عەقیدەو عیبادەتەوە.

١٠- هەرکات حوکمێکی شەرعیی لەسەر بناغەی عورف‌و عادەتێك بنیات نـرا، بەگۆڕانی عورف‌و عادەتەکە، ئەو حوکمەش دەگۆڕێ.

بنەمای یەکەم:

ئیسلام لەقۆرئان و سوننەتدا بەرجەستەیەو قسەو بۆچوونی زانایان ،تێگەیشتنی ئەوانە لەبارەی ئیسلامەوە، نەك خودی ئیسلام.

بەڕێزان !

هەرچەندە ئەم بنەمایە یەکێکە لە بەئاشکرا زانراوەکانی ئیسلامو، ناگونجێ هیچ کەس لامو جیمیی لەبارەیەوە هەبێ، بەڵام بەکردەوەو لەکاتی جێبەجێکردن (تطبیق)دا زۆرکەس پێیەوە پابەند نابێو، دیارە پێوە پابەند نەبوونیشی مرۆڤ دووچاری گرفتو کێشەی زۆر دەکات، بگرە زۆر لەلادان (إنحراف)و بەلاڕێدا ڕۆیشتنی بەشێك لەمسوڵمانان، هۆکارەکەی پابەند نەبوونە بەم بنەما گەورەو گرنگو ئاشکرایەوە!

بۆیە بەپێویسم زانی بۆ دەرخستنی حوکمی یادو بۆنەو جەژنەکان بەگشتی، بەر لەهەر شتێك ئەم بنەما شەرعییە گرنگە بخەمەوە بەرچاو.

بەڵگەش لەسەر ڕاستییو تەواویو ئاشکرایی ئەم بنەمایە، ئەوەیە کە جیاوازیی لە نێوان پێغەمبەران "علیهم الصلاة والسلام"و غەیری ئەواندا، ئەوەیە کە پێغەمبەران لەلایەن خواوە "تبارك وتعالى"، سرووش (وحي)یان بۆ هاتوە، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦۚ ...﴿١٦٣﴾﴾ النساء، واتە: ئێمە سرووشمان بۆتۆ کردوە، وەك چۆن سرووشمان بۆ نووحو پێغەمبەرانی دوای ویش کردوە...

هەروەها خوا فەرموویەتی: ﴿قُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ ...﴿١١٠﴾﴾ الكهف، واتە: "ئەی موحەممەد" بڵێ: بێگومان من تەنیا مرۆڤێکم وەك ئێوە، سرووشم بۆ دێ کە پەرستراو "ی بەهەق"تان یەك

پەرستراوە "كە خوايە"...

ئنجا بێگومان پێغەمبەرانیش "علیهم الصلاة والسلام" لەبەرانبەر وەحی خوای زانا و شارەزادا، وەك هەركەسێكی دیكە، جگە لەشوێنكەوتنی و جێبەجێكردنی، هیچ مافێكی دیكەیان نەبووە، وەك خوا "عز وجل" بەپێغەمبەری كۆتایی "صلى الله علیه وسلم" فەرمووە: ﴿ وَٱتَّبِعْ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيْكَ وَٱصْبِرْ حَتَّىٰ يَحْكُمَ ٱللَّهُ ۚ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿١٠٩﴾ ﴾ یونس، وەشوێن ئەو سرووشە بكەوە كە بۆت كراوە، وەخۆڕاگربە، هەتا خوا حوكم دەكات و بڕیار دەدات، وەئەو باشترین بڕیار دەرە.

ئاشكراشە كە سرووش (وحي)ێك كە بۆ پێغەمبەری خاتەم (محمد) هاتوە، لە قورئان و سوننەتدا كورت هەڵاتوە، وێڕای جیاوازییەكانی نێوان قورئان و سوننەت، كە ئێرە شوێنی ئەو باسە نیە.

ئنجا بەڵگەش لەسەر كورت هەڵاتنی سرووش (حصر الوحي) لەقورئان و سوننەتدا زۆرن و، بگرە ئەوە لەمەسەلە ڕوون و بەئاشكرا زانراوەكانی ئیسلامە، خوای كاربەجێش فەرموویەتی: ﴿ ... وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾ النحل، واتە: وەزیكرمان بۆڵای تۆ ناردۆتە خوار، تاكو ئەوەی بۆڵایان نێررراوەتە خوار، بۆیان ڕوون بكەیەوە، وەبەڵكو خۆشیان بیربكەنەوە.

هەروەها خوای بەرزو بێ وێنە فەرموویەتی: ﴿ ... وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٧﴾ ﴾ الحشر، واتە: وە هەرچی پێغەمبەر پێتان دەدا "لەئەرك و فەرمانەكان" لێی وەربگرن، وەئەوەی ڕێگریان لێ دەكات "لەقەدەغەكان" وازی لێ بێنن، وەپارێز لەخوا

بکەن، بێگومان خوا سزای تونده.

ئاشکراشه ئەوەی که پێغەمبەری خوا "صلى الله عليه وسلم" ئاڕاستەمان دەکات لەفەرمانو ڕێگرییەکان (الأوامر والنواهي)، یان هەر لەخودی قوڕئاندان، یان بریتین لە فەرموودەو کردەوەو دانپێداهێنانەکان (الأقوال والأفعال والتقريرات)ی، که وشەی سوننەت (السنة) کۆیان دەکاتەوە.

دیارە ڕستەی: ﴿ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴾یش پاش ڕستەی: ﴿ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ ﴾ زۆر بەڕوونیی ئەوە دەگەیەنێ، که سەرپێچیی کردنی مسوڵمانان، بۆ هەرچی کە پێغەمبەری خوا "صلى الله عليه وسلم" پێیان ڕادەگەیەنێ، لەدوو تۆێ قوڕئانو سوننەتدا، دووچاری سزاو جەزرەبەی توندو سەختی خوای دادگەرو باڵا دەستیان دەکات.

هەروەها پێغەمبەریش "صلى الله عليه وسلم" لەوبارەوە کە وەحی خوا (وحي الله) لەقوڕئانو سوننەتدا بەرجەستەیەو تێیاندا کورت هەڵاتوە، فەرموویەتی: (...ألا إنّي أُوتيتُ الكتاب و مثله معه..)، رواه أبو داود والترمذي: ٢٦٦٥، وابن ماجه: ١١٣، واتە: ئاگادارین! من کتێبم پێدراوە "وەك وەحی"، وە وێڕای وی وێنەی ویشم پێدراوە، کە بێگومان مەبەستی پێ سوننەتە، بەهەرکەسێك جۆرەکەیەوە.

بەڵێ بەڕێزان !

ئیسلام لەسرووش (وحي)دا بەرجەستەیەو، سرووشیش لەقوڕئانو سوننەتدا بەرجەستەو کورت هەڵاتوو (محصور)ە، هەربۆیەش زانایانی ئیسلام لەسەر بنچینەیەك ڕێککەوتوون لەوبارەوە کە دەڵێ: قسەکانی زانایان بەڵگەیان لەسەر دەهێنرێتەوەو بە بەڵگە ناهێنرێنەوە (أقوال العلماء يستدلُ لها ولا

يُستدَلُّ بها).

ئنجا هەر لێرەشەوە بووە كە (ابن عباس) "خوا لێی ڕازی بێ" ڕۆژێك لە كۆڕێكدا باسی مەسەلەیەكی كردو فەرمایشتێكی پێغەمبەری خوای "صلى الله عليه وسلم" لەبارەوە هێنایەوە، یەكێكیش لەئامادەبووان لەوبارەوە باسی قسەیەكی ئەبوبەكرو عومەری كرد "خوا لێیان ڕازی بێ" (إبن عباس)یش تووڕەبوو و گوتی: (يوشِك أن تَنْزِلَ عليكم حجارة من السماء، أقول: قال رسول الله "صلى الله عليه وسلم"، وتقولون: قال: أبوبكر وعمر!)[1]

واتە: نیزیكە لەئاسمانەوە بەردتان بەسەردا ببارن، دەڵێم: پێغەمبەر "صلى الله عليه وسلم" وایفەرموو، ئێوەش دەڵێن: ئەبو بەكرو عومەر!!

كەواتە:

ئیسلامو شەریعەت تەنیا بریتیە لە قورئانو سوننەتو، جگە لەو دوانە بەخودی ئیسلامو شەریعەتەكەی دانانرێو، قسەو بیروڕاو ئیجتیهادی زانایانو

---

[1] – روى معناه أحمد (٣٣٧/١) والخطيب في الفقيه والمتفقه (ص ١٤٤) وابن عبد البر في بيان العلم وفضله (ص ٥٧٠) من طريق شريك عن الأعمش عن الفضيل بن عمرو قال : أراه عن سعيد بن جبير عن ابن عباس قال : تمتع النبي صلى الله عليه وسلم فقال عروة بن الزبير : نهى أبو بكر وعمر عن المتعة فقال ابن عباس ما يقول عروة ؟ قال : يقول : نهى أبو بكر وعمر عن المتعة ، فقال ابن عباس أراهم سيهلكون أقول قال النبي صلى الله عليه وسلم ويقول نهى أبو بكر وعمر . أ . هـ وفي سنده شريك من عبد الله القاضي وفيه ضعف يسير.

و للأثر سندٌ آخر رواه إسحاق بن رهويه في مسنده (كما في المطالب العالية) ٣٦٠/١ رقم ١٢١٤) ورواه ابن عبد البر في (بيان العلم) تعليقاً (٥٧٠ (ورواه الخطيب في الفقيه (١٤٥/١) وأبو مسلم الكجي (ذكره ابن القيم في الزاد ٢٠٦/٢ (من طريق أيوب عن ابن أبي مليكة عن عروة – به – قال الحافظ ابن حجر : سنده صحيح. وقد روى هذا الأثر معمر عن أيوب فأسقط ابن أبي مليكة ، لكنّ الصواب ذكر ابن أبي مليكه كذا ر واه حماد بن زيد عن أيوب . والله أعلم . وأما اللفظ المذكور: وهو يوشك أن تنزل عليكم حجارة من السماء ... فلم نجده ، لكن ذكره ابن القيم ولم يعزه لأحد كما في الزاد ١٩٥/٢، لە پێگەی: (منتديات شبكة السنة النبوية وعلومها)دا هاتوە، (http://www.alssunnah.net/vb/showthread.php?t=1207).

مەزهبەکانیان "جگە لەوەی ڕاستەوخۆ لەقورئانو سوننەت وەرگیراوە" تەنیا بەتێگەیشتنی ئەوان لەبارەی ئیسلامو شەریعەتەوە دادەنرێ، نەك بەخودی ئیسلامو شەریعەت، پێشم وایە ئیمام شافیعیش ڕەحمەتی خوای لێبێ، هەر مەبەستی ئەوەبووە کە گوتوویەتی:

كل العلوم سوى القرآن مَشْغَلَةٌ — وسوى الحديث والفقه فى الدين

العلم ماكان فيه: قال "حدثنا" — سوى ذلك وسواس الشياطين

ئنجا شتێکی ئاشکراشە کە لەکاتێکدا بەهۆی نەشارەزایی لەقورئانو سوننەتو دەمارگیریی (تعصب)یەوە بۆ قسەو بیروڕاو مەزهبی زانایان، قسەو ڕاو ئیجتیهادییەکانیان وەك دەقی شەریعەتو دین مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، لەجیاتی ئیسلامێکی بەرجەستە لەقورئانو سوننەتدا، سەدانو بگرە هەزاران جۆرە ئیسلاممان لێ پەیدا دەبن !!

بنەمای دووەم:
ئاسانکاریی لەدینداریيدا "لەبازنەی شەریعەتدا"
یەکێکە لەبنچینەکانی شەریعەت

ئـەم بنەمایـەش چـەندان ئایـەتی قورئـانو دەقـی سـوننەت بـەرووندو راشکاویی‌و جەخت لەسەرکردنەوە پایانگەیاندوە، بۆ وێنە:

١-﴿ ...يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ ... ﴿١٨٥﴾ ﴾ البقـــــرة، واتە: خوا ئاسانیی بۆتان دەوێ‌و زەحمەت‌و قورسیی بۆتان ناوێ.

ئـەم ڕستە موبارەکـەش لەسـیاقێکدا هـاتوە، کـە هـەمووی باسـی ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزان دەکات: ﴿ شَهْرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلْقُرْءَانُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٍ مِّنَ ٱلْهُدَىٰ وَٱلْفُرْقَانِ ۚ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ ۖ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ۗ يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ ... ﴿١٨٥﴾ ﴾ البقرة.

کەواتـە: لەسـۆنگەی ئـەوەوە کـە بابـای نـەخۆش‌و بابـای ڕێبـوار بـەهۆی ڕۆژوو گرتنـەوە تووشـی زەحمـەت‌و ناڕەحـەتیی دەبـن، خـوای میهرەبـان مۆڵەتی داون کە بەڕۆژوو نەبن‌و، لەڕۆژانی دیکەدا ئەو ڕۆژانە بگرنـەوە، چـونکە خـوای بەبـەزەیی حـەزناکات بەنـدەکانی تووشـی ناڕەحـەتیی‌و قورسیی ببن.

٢-﴿ ...مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٦﴾ ﴾ المائدة، واتە: خـوا نایەوێ بەهیچ جۆرێك سەغڵەتتان بکات، بەڵکو دەیەوێ پاکتان بکاتـەوەو چاکەی خۆیتان لەسەر تەواو بکات، بەڵکو سوپاسگوزاریی بکەن.

ئـەم ڕستە موبارەکـەش کـە بەشـێکە لەئایـەتێك، پـاش ئـەوە هـاتوەو

لەسیاقێکدا هاتوە، کە خوا باسی دەستنوێژو پاشان خۆشوردنو، دواییش لەکاتی نەبوونی ئاودا تەیەمموم کردنی کردوە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى ٱلْمَرَافِقِ وَٱمْسَحُواْ بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى ٱلْكَعْبَيْنِ ۚ وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَٱطَّهَّرُواْ ۚ وَإِن كُنتُم مَّرْضَىٰٓ أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوْ جَآءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ ٱلْغَآئِطِ أَوْ لَٰمَسْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمْ تَجِدُواْ مَآءً فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا فَٱمْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم مِّنْهُ ۚ مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ ... ﴿٦﴾ ﴾ المائدة.

کەواتە:

لەو حاڵەتەدا کە ئاو چنگ ناکەوێ، یان ناگونجێ بەکار بهێنرێو بەکارهێنانی خاوەنەکەی تووشی زیان دەکات، خوای میهرەبان مۆڵەتی داوە کە لەجیاتی ئاو، بۆ هەرکام لەدەستنوێژو خۆشوردن (الوضوء والغسل) تەیەمموم بکرێ.

٣-﴿ يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُخَفِّفَ عَنكُمْ ۚ وَخُلِقَ ٱلْإِنسَٰنُ ضَعِيفًا ﴿٢٨﴾ ﴾ النساء، واتە: خوا دەیەوێ لەسەرتان سووک بکات، وەمرۆڤ بێهێز دروستکراوە.

ئەم ئایەتە موبارەکەش کە خوای بەبەزەیی تێیدا ڕایگەیاندوە، کە ڕەچاوی بێهێزیی (ضعف)ی مرۆڤی کردوەو ئەرکی سەرشانی سووک کردوە، بەتایبەت لەبەرانبەر غەریزەی جینسییدا، چونکە ئەم ئایەتە لەسیاقێکدا هاتوە، کە هەمووی باسی مەسەلەی هاوسەرگیریو تێرکردنی غەریزەی جینسییە بەشێوەیەکی شەرعییانە.

کەواتە: خوای کاربەجێو بەخشندە لەو حاڵەتانەدا، کە زانیویەتی

مرۆڤەکان تووشی سەغڵەتیی‌و بارگرانیی دەبن، ئەرکەکانی شانی سووك کردوون، تاکو دووچاری بێزاریی‌و گرفتاریی نەبن لەدینداریی‌یاندا.

هەروەها لەوبارەوە پێغەمبەری خواش "صلى الله عليه وسلم" فەرمایشتی زۆرن، بۆ وێنە:

٤-(يَسِّروا ولا تُعَسِّروا، وَبشِّروا ولا تُنفِّروا) متفق علیه، واتە: (دینداریی) ئاسان بکەن‌و وەزەحمەت مەخەن، وە (خەڵك) دڵخۆشبکەن‌و مەیانسڵەمێننەوەو بێزاریان مەکەن.

٥-پێغەمبەری خوا "صلى الله عليه وسلم" عادەتی هەمیشەیی وابووە کە لای ئاسانیی گرتووەو، هیچ کات بەلای زەحمەت‌و بارگرانییدا نەشکاوەتەوە، وەك دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ لەوەسفی پێغەمبەردا گوتوویەتی، کە بێگومان هاوسەریش لەهەمووکەس بەهاوسەری خۆی ئاشناترە:

(ما خُيِّرَ رسولُ الله "صلى الله عليه وسلم" بين أمرين قَطُّ الاّ أَخَذ أَيْسَرَهُما مالم يكن إثماً، فإن كان إثماً، كان أبعد الناس منه) متفق علیه، واتە: هەرگیز پێغەمبەری خوا "صلى الله عليه وسلم" لەنێوان دوو کاردا سەرپشك نەکراوە، مەگەر ئاسانەکەیانی وەرگرتوە، ئەگەر گوناه نەبووبێ، ئەگەر گوناه بووبێ، لەهەمووکەس لێی دوورتر بووە.

٦-(ما بالُ رجالٍ بلغهم عَنِّي أمرٌ تَرَخَّصْتُ فيه فكرهوه وتَنزَّهوا عنه، فوالله لأنا أعلمهم بالله وأشدهم له خشيةً) متفق علیه، واتە: بۆچی پیاوانێك لەمنەوە پێیان دەگات کە مۆڵەتم لەشتێکدا وەرگرتوە "لای ئاسانییم گرتوە" کەچی ئەوان پێیان ناخۆشەو خۆی لێ دوور دەگرن!! بەخوا من

لەوان بەخوا زاناترم‌و زیاتریش لێی دەترسم.

دیارە پێغەمبەری خوا "صلى الله عليه وسلم" بەتووڕەیی‌و بێزاریيەوە باسی کەسانێك دەکات کە بەخەیاڵی خاوی خۆیان، لەبەر زێدە شارەزایی‌و پارێزکاریی‌و بۆخوا صوڵحان، هەندێك لەوشتانەی کە پێغەمبەری خوا "صلى الله عليه وسلم" کاری بەمۆڵەت (رخصة) کردوە تێیاندا، "بۆ وێنە: بەڕۆژوو نەبوون لەسەفەردا" ئەوان کارکردن بەمۆڵەتیان "وەك پێغەمبەری خوا" پێخۆش نەبووەو کاریان پێنەکردوە!!

ئنجا دوایی کە پێغەمبەری خوا سوێند دەخوات، لەسەر ئەوە کە لەوان بەخوا زاناترەو، لەوانیش زیاتر لێی دەترسێ‌و پارێزی لێ دەکات، مەبەستی ئەوەیە ئەو بۆچوونە لارو چەوتەیان بۆ ڕاست بکاتەوە، کە مەرج نیە، کێ سەختگیریی (تشدُد)ی زیاتر بکات، لەخوا ترستر‌و شارەزاترو بەدینتر بێ!

هەڵبەتە نە پێغەمبەری خوا "صلى الله عليه وسلم" مەبەستی بووەو، نە ئێمەش مەبەستمانە، کە حەڕام بۆ خەڵکی حەڵاڵ بکرێ‌و دەستکاریی سنووڕەکانی شەریعەت بکرێ! نەخێر، بەڵام پێویستە دڵنیاش بین کە شەریعەت هەتا بلوێ لای ئاسانیی دەگرێ‌و، حەزناکات خەڵك سەغڵەت‌و بارگران بکات.

پاشان وەك چۆن شلگیریی‌و بەزایەدان (تفريط) نیشانەی کەم پارێزکاریيە، بەهەمان شێوەش سەختگیریی‌و تێپەڕاندن (التشدُد والإفراط)یش هەرنیشانەی کەم پارێزکاریيەو بەڵگەی نەشارەزاییە، دینداریی ڕێك‌و ڕاستیش ئەوەیە کە ڕاستە شەقامی خوا بگرێ‌و، نە لێی بەجێ بمێنیی‌و نە لێی تێپەڕێنی.

بنەمای سێیەم:
ئیسلام حەزناکات بازنەی قەدەغەکراوەکان
(مُحرَّمات) لەسەر حیسابی ڕەوا (مباح)
فراوان بکات

ئەمیش چەندان ئایەتی قورئانی بەپێزو دەقی سوننەتی پێغەمبەری بەڕێز "صلى الله عليه وسلم" بەڕوونو ڕاشکاویی ڕایانگەیاندوە، بۆ وێنە:

١-﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾ المائدة، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! ئەو شتە خۆش‌و سوودبەخشانەی خوا بۆی حەڵاڵ کردوون، قەدەغەیان مەکەن وەسنوورشکێنیی مەکەن، بێگومان خوا سنوور بەزێنانی خۆشناوێن.

٢-﴿ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوْلَٰدَهُمْ سَفَهًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ وَحَرَّمُواْ مَا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ ٱفْتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِ ۚ قَدْ ضَلُّواْ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ ﴿١٤٠﴾ ﴾ الأنعام، واتە: بێگومان زیانبار بوون ئەوانەی نەفامانە، بەنەزانیی منداڵەکانی خۆیانیان کوشتن، وەئەو ڕۆزییەی کە خوا پێیداون، بەدرۆ هەڵبەستنەوە بەناوی خواوە قەدەغەیان کرد، زیانباربوون‌و ڕێی ڕاستیان نەگرتبوو.

٣-(إن الله تعالى فرض فرائض فلا تُضَيِّعوها، وحدَّ حدوداً فلا تعتدوها، ونهى عن أشياء فلا تنتهكوها، وسكت عن أشياء من غير نسيان لها رحمة لكم، فلا تبحثوا عنها) رواه الدار قطني والطبراني في الكبير برقم: (٥٨٩)، والبيهقي، واتە: خوای بەرز چەند ئەرکێکی پێویستکردوون، مەیانچوێنن، وەچەند سنوورێکی کێشاون، مەیانبەزێنن، وەچەند شتێکی قەدەغە کردوون، توخنیان مەکەون، وەلەڕووی بەزەیی پێدا هاتنەوەتانەوە بێ لەبیرچوونەوە، لەچەند شتێك بێدەنگ بووە، لێیان مەپرسن.

٤-(ما أحلّ الله في كتابه فهو حلال، وما حرّم فهو حرام، وما سكت عنه فهو عفو، فاقبلوا من الله العافية، فان الله لم يكن نسياً، ثم تلا هذه الآية: ﴿ ...وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ﴿٦٤﴾ ﴾ مريم) رواه الحاكم وقال صحيح الإسناد، وقال البزّاز: الإسناد صالح، واتە: ئەوەی خوا لەکتێبی خۆیدا حەڵاڵی کردوە حەڵاڵەو، ئەوەی قەدەغەی کردوە قەدەغەیە، ومئەوەی لێی بێدەنگ بووە، ئەوە ڕەوایەو ئەوەی خوا ڕەوای کردوە لێی وەربگرن، چونکە بێگومان خوا هیچی لەیاد ناچێ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: "ومناگونجێ پەروەردگارت شتی لەیاد بچێ".

دیارە ئەو ئایەتو فەرمایشتانە کەتەنیا چەند نموونەیەکن، زۆر ڕوونو ئاشکران لەوبارەوە کە خوای کاربەجێو پێغەمبەرەکەی "صلى الله عليه وسلم" پێیان ناخۆشەو قەدەغەیان کردوە، کە بەهیچ بیانوو و پاساوێکەوە ئەو شتانەی کە خواو پێغەمبەرەکەی لەقورئانو سوننەتدا حەڵاڵو ڕەوایان کردوون، قەدەغە بکرێن، چونکە بێگومان جگە لەخوای زاناو شارەزاو کاربەجێ، هیچ کەسی دیکە مافی ئەوەی نیە حەڵاڵو حەڕام بۆ خەڵکی دیاریی بکات، وەك فەرموویەتی: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلَٰلًا قُلْ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى ٱللَّهِ تَفْتَرُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾ یونس، واتە: بڵێ: ئەو ڕۆزییە کە خوا بۆی ناردوونە خوار، وە هەرلەخۆوە بەحەڕامو حەڵاڵتان داناوە، بڵێ: پێم بڵێن: ئایا خوا مۆڵەتی داون، یان بەناوی خواوە درۆ هەڵدەبەستن؟!

ئاشکراشە کە شەریعەتی خوای کاربەجێ، لەسۆنگەی ئەوەوە کە خوای بەخشەر هەرچی لەبوونەوەردایە بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤەکانی ومدیهێناوە،

وەك فەرموویـــــــەتی: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ... ﴿٢٩﴾ ﴾ البقـرة، واتـه: (خـوا) ئـەو کەسـەیە کـە هەرچـی لەزەویـدا هەیـە بـۆ ئێـوەی دروستکردوە..

هـــەروەها فەرموویـــەتی: ﴿ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ ... ﴿١٣﴾ ﴾ الجاثية، واتە: وەهەرچی لە ئاسمانەکانو لەزەویدایـە، هـەمووی لەلایـەن خۆیەوە بۆ ئێوە ڕامو ملکەج کردوە..

بەڵێ لەسۆنگەی ئەوەوە، کە ڕێژەی شتە حەڵاڵو ڕەوایەکان، زۆر زۆر زیاترە لەهی قەدەغەکراوەکان، خوا قەدەغەکراوەکان دەستنیشانو دیاریی دەکات، تاکو بزانرێ کە جگـە لـەناو هێنـراو و دیاریـیکراوەکـان، هەرچـی دەمێنێتـەوە، ڕەواو حەڵاڵـە، وەك خـوای زانـاو توانـا فەرموویـەتی: ﴿ وَمَا لَكُمْ أَلَّا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا ذُكِرَ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ وَقَدْ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلَّا مَا ٱضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ ... ﴿١١٩﴾ ﴾ الأنعام، واتە: وەئایا بۆچی لـە (گۆشـتی) ئـەو سـەربڕاوە نـاخۆن کـەناوی خـوای لەسـەر هێنـراوە، لەحاڵێکـدا کـە (خـوا) ئـەوەی بـۆ ڕوون کردوونەتـەوە کـە لـێی قەدەغەکردوون، جگە لەوەی کە بۆی ناچار دەبن بیخۆن..

ئەوەش کە لە گۆشتەکان (لحوم) قەدەغەیە چوار شتن، کـە خـوای کاربـەجێ لەچوار شوێن لەقورئاندا باسیکردوون، کە ئەمانەن:

١-﴿ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحْمَ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ بِهِۦ لِغَيْرِ ٱللَّهِ ... ﴿١٧٣﴾ ﴾ البقرة.

٢-﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةُ وَٱلدَّمُ وَلَحْمُ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ... ﴿٣﴾ ﴾ المائدة.

٣-﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطْعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُۥ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ... ﴿١٤٥﴾ ﴾ الأنعام.

٤-﴿ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحْمَ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ... ﴿١١٥﴾ ﴾ النحل.

کەواتە: خواردنە قەدەغەکراوەکان لەقورئاندا، ئەم چوارەن:

١- مردار.

٢- خوێن.

٣- گۆشتی بەراز.

٤- سەربڕاو بۆ غەیری خوا.

بۆیەش خوای کاربەجێ ئاوا بەڕوونیی و لەچەند شوێنێك لەقورئاندا باسیکردوون، تاکو بزانرێ کە جگە لەوچوارە، هەموو جۆرە خواردنەکان حەلاڵو ڕەوان، واتە: لەسەر حاڵەتی بنەڕەتیی خۆیان کە ڕەوایی (إباحة)یە ماونەوە.

ئنجا وەك لەبنەمای پێنجەمیشدا دەیخەینەڕوو، زاناو پێشەوایان بنچینەی بناغە لەشتەکاندا ڕەواییە (الأصل في الأشياء الإباحة) یان لەو هەموو ئایەتو فەرمایشتانە وەرگرتوە کە ڕایانگەیاندوە: شتەکان بەگشتی ڕەواو حەلاڵن و، نابێ هیچ شتێك لەدروستکراوەکان و لەکردەوەو هەڵس و کەوتەکان بەقەدەغەو ناڕەوا دابنرێ، مەگەر بەڵگەیەکی ڕوون و بێ چەندوچوونی لەسەر هەبێ، چونکە خوای میهرەبان و کاربەجێ ڕایگەیاندوە، کە بەگشتی دروستکراوەکانی بۆ مرۆڤ وەدیهێناون کە لێیان بەهرەمەند ببێ.

بنەمای چوارەم:

کردەوەکان بەگشتی بۆ هەردووك جۆری:

خوا پەرستییەکان (العبادات)و هەڵس و کەوتەکان

(المعاملات - العادات) دابەش دەبن

بەسەرنجدانو تێوەڕامانی کۆی ئایەتەکانی قورئانو فەرمایشتەکانی پێغەمبەر "صلى الله عليه وسلم" بەتەعبیرێکی فراوانتر: دەقەکانی سوننەت، چونکە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ واتە: فەرمایشتەکانی، وە کردەوەکانی، وە دانپێدانراوەکانی، بە سەرنجدانی کۆی ئەو دەقانەی شەریعەت، بۆمان دەردەکەوێت کە کردەوەکانی ئینسانەکان لە ڕوانگەی شەریعەتەوە، دەبنە دوو بەش‌و، بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکرێن:

جۆری یەکەم: پێی دەگوترێ: پەرستشەکان (العِبادات)، کە بریتیە لەو کردەوانەی کە لە نێوان ئینسانو خوادا ئەنجام دەدرێن، یاخود ئینسان ئەنجامیان دەدات، بۆ ئەوەی پێیان لە خوا نێزیك بێتەوە.

جۆری دووەم: پێیان دەگوترێ: هەڵسوکەوتەکان (المعاملات)، یان پێیان دەگوترێ: نەرێتەکان (العادات)، کە بریتین لەو کردەوانەی کە ئینسانەکان کە لە نێوان خۆیاندا ئەنجامیان دەدەن.

ئەمە بۆ هەر کەسێك کە تۆزێك شارەزای شەریعەت بێ‌و، تەماشای دەقەکانی قورئانو سوننەت بکات، بە ئاشکرا دیارە، وە پاشان هەرکەس تەماشاش بکات، دەبینێ کە ئینسان دوو جۆرە پەیوەندیی هەن:

١ــ پەیوەندییەك لەگەڵ خوادا سبحانه وتعالى وەك بەدیهێنەر، وەك پەروەردگار، وەك پەرستراو، وەك خاوەن.

٢ــ وە پەیوەندییەك لەگەڵ مرۆڤەکاندا، وەك کەسانێك کە لەگەڵی لەسەر ئەم زەوییە دەژین.

ئنجا ئەو کردەوانەی کە مرۆڤ لە نێوانی خۆی‌و خوادا ئەنجامیان دەدات، پێیان دەگوترێ: (العبادات) کە کۆی (عبادة)ەو ئەمیش واتە: ملکەچبوون بۆ

خوا، وه ئەو کردەوانەی کە مرۆڤ لە نێوان خۆی‌و ئینسانەکاندا ئەنجامیان دەدات، پێیان دەگوترێ: (المعاملات) هەڵس وکەوتەکان، یاخود نەرێتەکان (العادات)، جا هەرچەندە وەك گوتم، ئەوە شتێکی ڕوون‌و ئاشکرایە، بەڵام بەوەندە وازی لێناهێنین‌و، وەك نموونە چەند قسەیەکی زانایان لەوبارەوە دێنینەوە، چونکە ئێمە لەداهاتوودا زۆر پێویستییمان بەم ڕاستییە دەبێ:

١-(إبن رجب الحنبلي) لە کتێبی (جامع العلوم والحکم)دا[1] کە شەرحی (٥٠) فەرموودەی کردوە، دەڵێ: (والأعمالُ قسمانِ: عبادات، ومعاملات) واتە: کردەوەکان دوو بەشن، خوا پەرستییەکان‌و هەڵسوکەوتەکان.

٢-(الشاطبي) کە ئەویش یەکێکە لە زانایانی بەرجەستەی ئیسلام، لەوبارەوە دەڵێ: (المطلُوب الشَّرعِي ضَرْبان: أَحَدهُمَا: مَا كَانَ مِن قبيل العادات الجَارِية بَيْنَ الخلق، من الإكتسابات وسائِر الْمحاولات الدنيوية، التي هي طرق الحظوظ العاجِلَة، كَالعقود على اختلافها، والتصاريف المالية على تَنَوُّعها، والثاني: مَا كَانَ من قبيل العبادات اللازمة للمكلف، من جهة توجهه إلى الواحد المعبود)[2] واتە: ئەوەی کە شەرع داوای کردوە، داواکاریی شەرعیی دوو جۆرە، یەکەمیان: بریتیە لە هەڵسوکەوتەکانی کە لە نێوانی خەڵکدا ڕوودەدەن، وەك: کاروکەسابەت‌و بازرگانیی‌و هەموو شێوە هەوڵدانەکانی دنیایی، کە بریتین لە ڕێبازەکانی وە دەست هێنانی مەبەستە دنیاییەکان، وەك گرێبەستەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە، وە هەڵسوکەوتە دارایییەکان بە هەموو شێوەکانیانەوە، دووەمیان: بریتیە

---

[1] – ص١٣٩.

[2] – الموافقات في أصول الشريعة، ج٢، ص١٩٤.

لەو خواپەرستییانەی کە لەسەر ئینسان پێویستن، لەو ڕووەوە کە ڕوو دەکاتە خوای تاکی پەرستراو.

٣-(ابن تيمية)ش لەکتێبی: (القواعد النورانية الفقهية)دا دەڵێ: (أَنَّ تَصَرُّفَاتِ الْعِبَادِ مِنْ الأَقْوَالِ وَالأَفْعَالِ نَوْعَانِ: عِبَادَاتٌ يَصْلُحُ بِهَا دِينُهُمْ، وَعَادَاتٌ يَحْتَاجُونَ إِلَيْهَا فِي دُنْيَاهُمْ)[1] واتە: هەڵسوکەتی بەندەکان لە قسەکانو کردەوەکانیان، دوو جۆرن: چەند خواپەرستییەك کە دینداریانی پێ چاك دەبێو بەڕێوە دەچێ، وە چەند عادەتو نەرێتو هەڵسوکەوتێك کە بۆ ژیانی دنیایان پێویستییان پێیانە.

٤-(عزالدين عبدالعزيز بن عبدالسلام)یش کە بە (سُلطان العُلَماء) بە ناوبانگە، لە کتێبی (القواعد الكبرى الموسوم بـ{قواعد الأحكام في إصلاح الأنام} دا لەوبارەوە گوتوویەتی: (المَشْروعَات ضَرْبَان: أَحَدهُمَا مَا ظَهَرَ لَنَا أنهُ جَالِبٌ لِمَصْلَحَة أَو داريءٌ لِمَفْسَدَة، أَو جَالب داريء لِمَفْسَدة، أَو جَالب داريء لِمَصْلَحَة، ويُعَبَّرُ عَنْهُ بأنهُ مَعْقُول الْمَعْنَى. الضَرْبُ الثاني: مَا لَمْ يظهرْ لَنَا جَلْبُهُ لِمَصْلَحَة أو درؤه لِمَفْسَدَة، وَيُعَبَّر عَنْهُ بِالتَعَبُّد. وَفِي التَعَبُّد مِن الطواعية والإِذْعَان مِمَّا لَمْ تعرف حكمتهُ ولا تعرف علّتهُ، مَا لَيْسَ مِما ظَهرت عِلّتُهُ وَفُهِمَت حكمتهُ، فإن مُلابِسَهُ قَدْ يَفْعَلُهُ لأَجل تَحْصِيل حكمته وفائدته، والْمُتَعَبِّدُ لا يفعل مَا تَعَبَّد بهِ إلاَّ إجلالاً لِلْرَب وانقيادا إلى طَاعَتِهِ)[2] واتە: ئەو کردەوانەی کە ڕەوان، یاخود لە ڕوانگەی شەرعەوە تەماشایان دەکرێ، دوو جۆرن، (بە هەمان شێوە وەك ئەوانی دیکە دەڵێ:) یەکەمیان: (کە

---

١ - ص١١٢.

٢ - ج١، ص٢٨.

مەبەستی پێ هەڵسوکەوتەکانە) ئەوەیە کە بەرژەوەندییەکی پێ وەدەست دێ، یاخود خراپەیەکی پێ دوور دەخرێتەوە، یاخود هەم بەرژەوەندییەکی پێ وەدەست دێو هەم زیانو خراپەیەکی پێ دوور دەخرێتەوە، کە لە شەرعدا پێی دەگوترێ: (مَعْقُول الْمَعْنی) واتە: عەقڵ تێی دەگاتو حیکمەتەکەی دەزانێت. جۆری دووەمیان: ئەوەیە کە ئێمە بۆمان دەرناکەوێ، کە ئایا چ بەرژەوەندییەکی وەدی هێناوەو چ زەرەرێکی دوور خستۆتەوە؟ واتە: حیکمەتەکەی دیار نیە، کە پێی دەگوترێ (التعَبُّد) بەندایەتیی کردن بۆ خوا، ئنجا ئەو شتانەی کە لەجۆری پەرستن (تعبّد)ن، لەبەر ئەوەی مرۆڤ حیکمەتەکەیان نازانێ، زیاتر ملکەچییان بۆ خوا تێدا دەردەکەوێ، لەوانەی کە حیکمەتو هۆیەکەیان دەزانرێ، کە ڕەنگە ئینسان لەبەر قازانجەکەیان، ئنجامیان بدات نەك لەبەر خوا، بەڵام جۆری پەرستن، خاوەنەکەی تەنیا بەمەبەستی بەگەورە گرتنی پەروەردگارو فەرمانبەریی بۆکردنی ئەنجامی دەدات، بێ ئەوەی لەحیکمەتو هۆکارەکەی تێبگات، بۆ وێنە: نوێژی شێوان سێ ڕکاتە، نوێژی عەسر چوار ڕکاتە، بۆچی؟ دەبێ حەوت جار بە دەوری کەعبە بخولێینەوەو طەواف بکەین، حیکمەتەکەیان دیارنیە بۆ ئێمە، ئەوە پێی دەگوترێ: پەرستن (التَعَبُّد)، بەڵام ئەوەی کە حیکمەتەکەی دیارە، بۆ وێنە: کەسێك کەسێکی کوشت دەبێ بکوژرێتەوە، کەسێك داوێن پیسیی کرد، دەبێ سزا بدرێ، کەسێك دزیی کرد دەبێ سزا بدرێ، ئەوە دیارە لەبەرچی؟ بۆ ئەوەی سەرو مالّ وناموووسی خەڵکی پارێزراوبێ، ئەوانە حیکمەتەکەیان دیارە، ئەوانە پێیان دەگوترێ: هەڵسوکەوتەکانو نەرێتەکان.

٥- هەروەها یەکێکی دیکە لە زانایان لەو بارەوە، کە زانایەکی هاوچەرخە (مُحَمَّد بْن إبراهيم بن عبداللّه التويْجري) لە کتێبی (مُخْتَصَر الفِقْه الإسلامي)دا دەڵێ: (الإسلام دين كَامل جَاءَ بتَنظيم المعَامَلات بَيْنَ الخَالِق وَالمَخلُوق، بالعِبَادات الَّتي تُزَكيِّ النُّفُوس وتَطَهّرُ القُلُوب، وَجَاءَ بتَنظيم المعَامَلات بين المَخلوقين بَعضُهُمْ مَعَ بَعْض، كَالبيُوع والنِّكاح والمَوَارِيث وَالحدُود وَغَيْرِهَا لِيَعيش النَّاس إِخْوَة في أمن وَعَدلٍ وَرَحْمةٍ يؤدّون حق اللّه وحق عباده)[1] واتە: ئیسلام بەرنامەیەکی تێرو تەواوە، هاتوە بۆ ئەوە کە هەڵس وکەوتەکانی نێوان ئینسانو بەدیهێنەر رێك بخات، بە چەند عیبادەتێك کە دەبنە هۆی پاکبوونەوەی دڵو دەروونی ئینسانو تەزکیە بوونی نەفس، وە هەروەها هاتوە بۆ رێکخستنی هەڵسوکەوتەکانی نێوان دروست کراوەکان لە نێوان خۆیاندا، وەك: کڕینو فرۆشتنو، میراتو نیکاحو سزاو غەیری ئەوانە، تاکو خەڵك بە شێوەیەکی خوشك و برایانەو بە هێمنییو ئاسایشو بە دادگەرییو بە بەزەیی یەوە پێکەوە بژین، هەم هەقی خوا جێبەجێ دەکەنو هەم هەقی بەندەکانیش.

کەواتە: ئەوە پێنج نموونە لەقسەی زیانایان، ئەگەرنا هەموو زانایان لەسەر ئەوە یەك دەنگن. بەڵام لێرەدا پێویستە ئەوەمان لێ تێك نەچێ کە ئەگەر چەمکی گشتی وشەی عیبادەت (عبادة) بێنین، عادەتەکانیش دەبنەوە بە عیبادەت، چونکە ئەویش "واتە: هەڵسو کەوت" تۆ بۆیە ئەنجامی دەدەی کە پاداشتت هەبێو پێی لەخوا نزیك بکەویەوە، کە دیارە ئەوەش عیبادەتە، بەڵام لە ڕاستییدا عیبادەت بەچەمکو واتا تایبەتییوتەسکەکەی، بریتیە

---

١ - الباب الرابع: المعاملات، ص٣٧٣.

لەوەی کە ئینسان لە نێوان خۆی‌و خوادا ئەنجامی دەدات، کە ئەمجۆرە پێی دەگوترێ: (العبادات المحضة) واتە: عیبادەتە ڕووتەکان.

ئنجا مادام کردەوەی ئینسانەکان بەگشتی دەبنەوە بە دوو بەش: خواپەرستییەکان (عبادات) هەڵس‌و کەوت‌و نەرێتەکان (معاملات وعادات).

ئێمە پێشێ دەبێ بزانین عیبادەت چییە؟ وە عادەتیش چییە؟ واتە پێناسەیان بکەین، هەڵبەتە ئەوەش زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام من بە کورتیی ئەوە باس دەکەم:

پێناسەی (العِبَادَات) و (العَادَات):

أ/ پێناسەی (العِبَادَات):

١- (راغب الأصفهاني) کە زانایەکی زۆر ناوادارە لە شیکردنەوەی وشەکانی قورئاندا، دەڵێ: (العبودية: إظهار التذلل والعبادة أبلغ منها لأنها غاية التذلل ولا يستحقها الاّ من له غاية الإفضال، وهو الله تعالى، ولهذا قال تعالى: ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ ﴿٢٣﴾﴾[1] الإسراء، واتە: (عبودية) بریتیە لە دەرخستنی ملکەچیی، بەڵام عیبادەت ئەو واتایە زیاتر دەگەیەنێ، چونکە عیبادەت واتە: دەربڕینی ئەوپەڕی ملکەچیی، کە ئەویش هیچ کەسێک شایستەی نیە، مەگەر کەسێک خاوەنی ئەو پەڕی نیعمەت و چاکەبێت، ئەویش خوای بەرزە بۆیەش خوای بەرز فەرموویەتی: ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا

---

١ – مفردات ألفاظ القرآن، ص٥٤٢.

﴿تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ ﴿٢٣﴾﴾، واتە: پەروەردگارت بپەرستن و فەرمانی کردوە کە جگە لەو نەپەرستن، واتە: جگە لەو ئەوپەڕی ملکەچیی بۆ نەکرێ، کەواتە: عیبادەت یانی چی؟ یانی: ئەو پەڕی ملکەچیی.

٢- (المعجم الوسيط) کە فەرهەنگێکی هاوچەرخە، ئەویش ئاوا پێناسەی عیبادەت دەکاتو سادەتر دەیهێنێو، دەڵێ: (العبادة: الخضُوع لِلإلَهِ عَلَى وَجْهِ التَّعْظِيم، والعِبَادةُ: الشَّعَائِر الدِينيَة)[1] واتە: عیبادەتی بە دوو شێوە لێکداوەتەوە، یەکەمیان: ملکەچیی بۆ پەرستراو لەسەر شێوەی بە گەورەگرتن، وە بە مانای دروشمەکانی خواپەرستیی (نوێژ، ڕۆژو، زەکات، حەج، زیکر، دوعا ... هتد)، عیبادەت ئاوا پێناسە دەکات.

ب/ پێناسەی (العَادَات):

١-(راغب الأصفهاني) دەڵێ: (العَادَةُ اسمٌ لِتَكرير الفِعْلِ والإنْفعَال حَتَّى يصير ذَلِكَ سَهْلاً تعاطيهِ كَالطَبْعِ وَلذلك قيلَ: العَادَةُ طَبيعَة ثانية)[2]، واتە: عادەت ناوە بۆ کردەوەیەک کە دووبارە بێتەوە، وەبۆ کاردانەوەیەک کە دووبارە بێتەوە، وە بە شێوەیەکی وای لێ بێ کە ئینسان بە ئاسانیی بیکات، بۆیەش گوتراوە: (العَادَةُ طَبيعَة ثانية)، عادەت سروشتی دووەمە.

٢-(إبْنُ تَيْمِية) ڕەحمەتی خوای لێ بێ، لە کتێبی (القواعد النورانية الفقهية)دا دەڵێ: (وَأَمَّا الْعَادَاتُ فَهِيَ مَا اعْتَادَهُ النَّاسُ فِي دُنْيَاهُمْ مِمَّا يَحْتَاجُونَ إِلَيْهِ)[3] واتە: عادەت بریتیە لەوەی کە خەڵک خوویان پێوە گرتوە لەوەی کە

---

١ - ص٥٧٩.

٢ - مفردات الفاظ القرآن، ص٥٩٤.

٣ - ص١١٢.

پێویستییان پێیەتی لە کڕین‌و فرۆشتنەکان‌و لە هەڵسوکەوتەکان لە سەردانەکان لە مامەڵەکان‌و لەو شتانەی کە خەڵك پێویستییانە بۆ ژیانی دنیایان.

٣-هەروەها (المعجم الوسيط) دەڵێ: (العادة كُلُّ مَا اعتيد حَتَّى صَارَ يُفْعَلُ مِنْ غَيْر جُهْدٍ، والعَادةُ: الحالة تَتَكَرَّرُ عَلَى نَهجٍ واحد كَعادةِ الْحَيْضِ فِي الْمَرأَة، جَمْعُهَا: عَادٌ وَعَادَاتُ وَعَوَائِد)[1] واتە: عادەت هەرشتێکە کە خووی پێوەگیرابێ، وە بە ئاسانیی بکرێ، وە عادەت هەر شتێکە کە دووبارە بێتەوە بە یەك شێوە، وەك: عادەی ئافرەت، کە مەبەست پێی حەیزە، وە وشەی (عادة) بە (عاد وعادات وعوائد) کۆدەکرێتەوە.

کەواتە: عیبادەت واتە: ملکەچیی بۆ خوا، وە ئەو شتانەی کە ئینسان دەیانکات بۆ دەرخستنی ملکەچیی خۆی بۆ خوا، بەڵام ئەو شتانەی کە خەڵك لە نێوان خۆیاندا دەیانکەن، وەك: خواردن‌و خواردنەوە‌و شادیی‌و خۆشیی‌و جەنگ‌و ئاشتیی، وە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان‌و پەیوەندییە سیاسییەکان‌و کڕین‌و فرۆشتن‌و مامەڵەکان، ئەوانە پێیان دەگوترێ: نەرێتەکان‌و هەڵسوکەوتەکان (العادات والمعاملات).

بەڵێ، عیبادەت هەر شتێکە کە بەو مەبەستە دەیکەی، پێی لە خوا نێزیك بکەوێەوە، وە شتێکە کە لە نێوان خۆت‌و خوادا ئەنجام دەدرێ، ئەمما مەرج نیە تەنیا عیبادەت پاداشتی هەبێ، عادەت‌و هەڵسوکەوتەکانیش ئەگەر نیەتی باشیان لەگەڵ دابێ، پاداشتیان هەر هەیە، بۆ وێنە: ئاو خواردنەوە، نان خواردن، بەڵکو هاوسەرگیریی، یان کاسبیی حەڵاڵ، بەڵکو سەرپەرشتیی کردنی

---

١ - ص٥٩٤.

کاروباری ولّات، هەموو ئەوانە کە لە هەڵسوکەوتەکانن‌و لە عادەتەکانن، مادام بەشێوەیەکی شەرعیی ئەنجامیان بدەی، وە بەو نیەتەوە بن کە تۆ کردەوەیەکی باش ئەنجام بدەی، ئەویش هەر پاداشتی لەسەرە، وە جاری واش هەیە ئینسان عیبادەتێك ئەنجام دەدات، بەڵام مادام نیەتەکەی ڕیابازیی بێ، پاداشتی نیە، بەڵکو سزای لەسەرە، وەك خوا "سبحانه وتعالى" دەفەرموێ:

﴿فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ﴿٤﴾ ٱلَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ﴿٥﴾ ٱلَّذِينَ هُمْ يُرَآءُونَ ﴿٦﴾ وَيَمْنَعُونَ ٱلْمَاعُونَ ﴿٧﴾﴾ الماعون، واتە: سزای سەخت بۆ ئەو نوێژکەرانەی کە لە نوێژەکانیان بێ ئاگان، ئەوانەی کە ڕیابازیی دەکەن، وە یارمەتی لە خەڵك دەگرنەوە.

جیاوازیی نێوان (عبادات و عادات و معاملات): دیارە زانایان قسەیان زۆر لێکردوە، بەڵام بەڕاستیی (الشاطبي) لە کتێبی (الموافقات)دا[1] بە کورتیی زۆر جوانی هێناوە، دەڵێ:

(الأصل في العبادات بالنسبة إلى المكلّف التعبد دون الإلتفات إلى المعاني، والأصل في العادات الإلتفات الى المعاني)، واتە: بناغە لە عیبادەتەکاندا بەنسبەت ئینسانەوە، بریتیە لە بەندایەتیی کردن بۆ خوا بەبێ ئەوەی سەرنجی حیکمەتەکەی بدات، (سەرنجی بدا بزانێ سوودی چییەو حیکمەتەکەی چییە؟) بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەسڵ لە عادەت‌و هەڵسوکەوتەکاندا، بریتیە لە سەرنجدانی سوودەکەیان‌و حیکمەتەکەیان.

بۆیە دەگێڕنەوە عومەر "خوا لێی ڕازی بێ" لە طەوافی کەعبەدا، بەردە

---

١ - الموافقات، ج٢، ص٢٥٦.

ڕەشەکە (الحجر الأسود)ی ماچ کرد، دوایی گوتی: وەڵڵاهی دەزانم بەردێکی، نە زەرەرت هەیەو نە قازانج، وە ئەگەر پێغەمبەرم ﷺ نەدیبایە ماچی کردووی، ماچم نەدەکردی، واتە: ماچ کردنی بەردە ڕەشەکە خوا پەرستییەکە، نازانێ سوودی چییە؟ بەڵام ملکەچییە بۆ خوا، یان حەوت جار دەسووڕێیەوە بە دەوری کەعبەداو، نابێ بیکەی بە هەشت جارو، نابێ بیکەی بە شەش جار، یان حەوت جار لە نێوان صەفا ومەڕوە دێی‌و دەچی، یان دەبێ حەوت وردکە بەرد بە سێ جێ جەمرەکاندا بدەی، یان دەبێ کاتێ کە ئیحرام دەبەستی هیچ شتێکت لەبەردا نەبێ، زریزەو تەقەڵو قۆپچەو ئەوانەی پێوە بێ، وە دوو پەشتە ماڵ بەخۆتەوە بگری، وە نابێ بۆنی خۆش بەکاربێنی‌و، نابێ نینۆکت بکەی‌و، نابێ موو لەخۆت هەڵبکێشی، یان نوێژی نیوەڕۆ چوار ڕکاتە، نوێژی شێوان سێ ڕکاتە، نوێژی بەیانی دوو ڕکاتە، بۆچی وایە؟ خوا وای داناوە.

ئنجا (شاطبي) باسی ئەوە دەکات کە ئایا بەڵگەمان چییە لەسەر ئەوە کە عیبادەتەکان ئەسڵ تێیاندا دەرخستنی ملکەچییە بۆ خوا، بەڵام هەڵسوکەوتەکان ئەسڵ تێیاندا بریتیە لە دەرک کردنی حیکمەت‌و سوودەکەیان؟

دەڵێ:

بەڵگەی یەکەم: بریتیە لە تێوەڕامان، بۆ وێنە: عیبادەتەکان وە ختێك کە تێیانەوە ڕادەمێنی، چی دەبینی؟ بۆ وێنە: خۆشۆردن‌و پاککردنەوە (الطهارة) دەڵێ: (الطَّهَارةُ تتعدَّى محلَّ مُوجِبِها) کەسێك سەرجێیی لەگەڵ خێزانی دەکات، بەڵام دوایی دەبێ هەموو جەستەی بشوات، نەك تەنیا ئەندامێکی! چونکە ئەوە عیبادەتە، ئنجا دەڵێ: پێنج نوێژە فەرزەکان چەند کردەوەیەکیان تێدان کە ئەو کردەوانە لە نوێژەکاندا عیبادەتن،

ڕەشەکە (الحجر الأسود)ی ماچ کرد، دوایی گوتی: وەڵڵاهی دەزانم بەردێکی، نە زەرەرت هەیەو نە قازانج، وە ئەگەر پێغەمبەرم ﷺ نەدیبایە ماچی کردووی، ماچم نەدەکردی، واتە: ماچ کردنی بەردە ڕەشەکە خوا پەرستییەکە، نازانێ سوودی چییە؟ بەڵام ملکەچییە بۆ خوا، یان حەوت جار دەسووڕێیەوە بە دەوری کەعبەداو، نابێ بیکەی بە هەشت جارو، نابێ بیکەی بە شەش جار، یان حەوت جار لە نێوان صەفا ومەڕوە دێی‌و دەچی، یان دەبێ حەوت وردکە بەرد بە سێ جێ جەمرەکاندا بدەی، یان دەبێ کاتێ کە ئیحرام دەبەستی هیچ شتێکت لەبەردا نەبێ، زریزەو تەقەڵو قۆپچەو ئەوانەی پێوە بێ، وە دوو پەشتە ماڵ بەخۆتەوە بگری، وە نابێ بۆنی خۆش بەکاربێنی‌و، نابێ نینۆکت بکەی‌و، نابێ موو لەخۆت هەڵبکێشی، یان نوێژی نیومڕۆ چوار ڕکاتە، نوێژی شێوان سێ ڕکاتە، نوێژی بەیانی دوو ڕکاتە، بۆچی وایە؟ خوا وای داناوە.

ئنجا (شاطبي) باسی ئەوە دەکات کە ئایا بەڵگەمان چییە لەسەر ئەوە کە عیبادەتەکان ئەسڵ تێیاندا دەرخستنی ملکەچییە بۆ خوا، بەڵام هەڵسوکەوتەکان ئەسڵ تێیاندا بریتیە لە دەرک کردنی حیکمەت‌و سوودەکەیان؟

دەڵێ:

بەڵگەی یەکەم: بریتیە لە تێوەڕامان، بۆ وێنە: عیبادەتەکان وە ختێك کە تێیانەوە ڕادەمێنی، چی دەبینی؟ بۆ وێنە: خۆشۆردن‌و پاککردنەوە (الطهارة) دەڵێ: (الطَّهَارةُ تتعدَّى محلَّ مُوجِبِها) کەسێك سەرجێیی لەگەڵ خێزانی دەکات، بەڵام دوایی دەبێ هەموو جەستەی بشوات، نەك تەنیا ئەندامێکی! چونکە ئەوە عیبادەتە، ئنجا دەڵێ: پێنج نوێژە فەرزەکان چەند کردەوەیەکیان تێدان کە ئەو کردەوانە لە نوێژەکاندا عیبادەتن،

بەڵام لە دەرەوەی نوێژ بە عیبادەت دانانرێن، بۆ وێنە: ڕکووع بردن، هەر لەخۆوە ڕکووع بۆ خوا بەری، لە نوێژدا نەبێت عیبادەت نیە، وە سەجدە بردن، مەگەر سەجدەی شوکر بێ، یاخود سەجدەی قورئان خوێندن، ئەگەرنا لە دەرەوەی نوێژدا سەجدە بردن عیبادەت نیە.

بەڵگەی دووەم: تەماشا دەکەی عیبادەتەکان بەستراونەوە بە کاتێکی دیاریکراو و بە شێوەیەکی دیاریکراوەو، بە پێچەوانەی عادەتەکانو هەڵس و کەوتەکانەوە، کە نەبەستراونەوە بەکاتو شێوەی دیارییکراوەوە.

بەڵگەی سێیەم: ئنجا ئێمە تەماشا دەکەین لەو کاتانەدا کە خەڵك لە نووری پێغەمبەرایەتی دوور کەوتۆتەوە، لەو فەترانەدا کە پێغەمبەران "علیهم الصلاة والسلام" نەبوو ون، خەڵك لە ڕووی خوا پەرستییەوە زۆر بە هەڵەدا چووەو، شتی سەیرو سەمەرەیان پەرستوەو، بە جۆری سەیرو سەمەرە خوایان پەرستوە، بەڵام لە بواری هەڵسوکەوتەکانو تووشی ئەو جۆرە هەڵانە نەبوون.

ئەوە بە نسبەت عیبادەتەکانەوە، بەڵام کە تەماشای هەڵس و کەوتو عادەتەکان دەکەینو ڕادەمێنین، دەبینین خوای پەروەردگار حیکمەتی داناون لە هەڵسوکەوتەکاندا لە عادەتەکانداو، بەزۆریی حیکمەتەکەیانی ئاماژە پێداوە، بۆ وێنە: لە باسی تۆڵە سەندنەوەدا، کە کەسێ کەسێ بکوژێ، دەبێ بکوژرێتەوە، دەفەرموێ: ﴿ وَلَكُمْ فِي ٱلْقِصَاصِ حَيَوٰةٌ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٧٩﴾ ﴾البقرة، واتە: ئەی عاقڵمەندان! لە تۆڵەدا ژیان هەیە بۆ ئێوە، بەڵکو پارێز بکەن، حیکمەتەکەی بەیان دەکات کە بۆچی خوا دەفەرموێ: ئەگەر کەسێك کەسێکی کوشت، دەبێ بکوژرێتەوە؟ تاکو ژیانتان سەلامەت بێ،

هەتا هەم کوژراوەکەش نەکوژرێ، وە هەم بکوژەکەش تووشی سزا نەبێ.

یان بۆ وێنە: کە باسی قەدەغە بوونی شەڕاب و قومار دەکات، دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ فِى ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِ ۖ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴿٩١﴾ ﴾المائدة، واتە: شەیتان دەیەوێ دوژمنایەتیو و کینەو ڕقتان لە نێواندا پەیدا بکات بە هۆی شەڕابو قومارەوە، وەلەیادی خواو لەنوێژ بتانگێڕێتەوە، ئایا هەر دەستی لێ هەڵناگرن؟ قومارچییەکانو شەڕاب خۆرەکان، زۆر جار سەرو گوێلاکی یەکدی دەشکێنن و بەشەڕ دێن، هەروەها کەم وایە یادی خوا بکەنو نوێژ بکەن، وە ئەوە کە بکوژ میرات لە کوژراو ناگرێ، ئەگەر بابو کوڕیش بن، یاخود خزم بن، (القاتل لایرث) بۆچی؟ حیکمەتەکەی دیارە کە مادام بۆیە کوشتوویەتی میراتی لێ بگرێ، لە میراتەکەی بێبەش دەبێ، وە ئەو بنچینە شەرعییەش هەیە لەوبارەوە: (مَنْ اسْتَعْجَلَ شيئاً قَبْلَ أَوَانِهِ عُوقِبَ بِحِرْمَانِهِ)، بەڵێ، کە تەماشا دەکەین لەو ماوانەدا کە خەڵك پێغەمبەرانیان "علیهم الصلاة والسلام" لەنێودا نەبوون، لە حاڵێکدا کە لە بواری بەندایەتیی کردندا زۆر بە هەڵە داچوونو تووشی شتی سەیرو سەمەرە بوون، دەبینین لە بواری هەڵسوکەوتەکاندا، هەرچەندە تووشی هەڵە بوون، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر توانیویانە مەداری خۆیان ساز بکەنو توانیویانە ژیانی کۆمەڵایەتیو و سیاسیی خۆیان ڕێك بخەن، کەواتە: عیبادەتەکان لە مەودای عەقڵ بەدەرن، بەڵام هەڵسوکەوتەکان لە مەودای عەقڵدان، بۆچی؟ چونکە عیبادەت، چ لایەنە تیۆریی (نظري)ەکەی کە بریتیە لە (ئیمان و عەقیدە)و چ لایەنە کردەییەکەی، کە بریتیە لە پێشکەش کردنی دروشمەکان: هەڵسوکەوتە لەگەڵ خوادا "سبحانەوتعالی"، ئنجا

هەڵسوکەوتو مامەڵەکردنیش لەگەڵ خوا، بەس خوا دەزانێ دەبێ چۆنبێ؟ بۆیە کاتێك ئینسان لە وەحی دوور دەکەوێتەوەو، پشت بە عەقڵ دەبەستێ بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ خوادا بکات، تووشی هەڵە دەبێ، بەڵام عادەتەکانو هەڵسوکەوتەکان بریتین لەچی؟ بریتین لە پەیوەندیی نێوان ئینسانەکان خۆیان، کە دیارە هەڵسوکەوتی نێوان خۆیان، ئەوەش لە مەودای عەقڵ دایە، بۆیە تارادەیەکی زۆر، عەقڵ پەییان پێ دەبات، هەر بۆیەش لە بواری عیبادەتدا، واتە: چ لایەنی ئیمانو عەقیدەکەی، چ لایەنی دروشمەکان، شەریعەت چۆتە نێو وردەکارییەکانەوەو خاڵی خستۆتە سەر پیت، بەڵام لە بواری هەڵسوکەوتەکاندا، شەریعەت خاڵی نەخستۆتە سەر پیتو بۆشایی زۆری بەجێ هێشتوەو، تەنیا چوارچێوەی فراوانی داناوە، چونکە ئەوە لە مەودای عەقڵی ئینساندایە، جا زانایان لێرەدا بنچینەیەکیان داناوە، دەڵێن: (إجمال في المتغيرات تفصيل في الثوابت) ، واتە: ئەو شتانەی دەگۆڕێن، شەریعەت بە کورتیی باسی کردوون، وە ئەو شتانەی کە ناگۆڕێن شەریعەت بە وردیی و تەفصیڵ باسی کردوون.

بۆ وێنە: عەقیدە ناگۆڕێ، عیبادەتەکان ناگۆڕێنو شەریعەت خاڵی تێدا خستوونەتە سەر پیتان، بەڵام هەڵسوکەوتەکان مامەڵەو بازرگانیی، پێکهێنانی دەوڵەت، بەڕێوەبردنی وڵات، فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە، پاکسازییو چاکسازیی، ئەوانە لەبەر ئەوەی گۆڕانیان زۆر بەسەر دادێ، شەریعەت بە کورتیی باسی کردوونو، هێڵی گشتیو چوارچێوەی فراوانی بۆ داناون، بەڵام بۆشایی زۆری تێدا بەجێ هێشتوون، بۆ ئەوەی کە عەقڵی ئینسان پڕی بکاتەوە.

بنەمای پێنجەم:
بناغە لە خوا پەرستییەکاندا قەدەغەبوون (حَظْر)و، بناغە لە هەڵس و کەوتەکاندا ڕەوا (مباح) بوونە

بەڕێزان!

لەڕابردوودا هەتا ڕاددەیەك تیشكمان خستە سەر مەسەلەی دابەشبوونی كردەوەكان بەگشتی بۆ دوو جۆری سەرەكیی: خواپەرستییەكانو، هەڵسو كەوتو نەرێتەكان (العبادات، والمعاملات والعادات)، پاشان پێناسەی هەركام لەخوا پەرستیی‌و نەرێت (العبادة والعادة)مان كردو، جیاوازیی سەرەكیی نێوانیشیانمان خستەڕوو، ئێستاش لێرەدا هەوڵدەدەین چۆنیەتی هەڵسو كەوتو مامەڵەكردن لەگەڵ هەركام لەپەرستشەكانو نەرێتەكان (العبادات والعادات)دا بخەینەڕوو.

دیارە ئەم بنەمایەش گرنگیی‌و بایەخێكی زۆری هەیە لەم ڕۆژگارەماندا كە دەمانەوێ، خوا پشتیوان بێ، شەریعەت بكەینەوە سایەو سێبەری كۆمەڵگاكەمانو كاڵای باڵای میللەتەكەمان، كە بەبێ لەیەك جیاكردنەوەی وردی سنووری نێوان خوا پەرستییەكانو هەڵسو كەوتو نەرێتەكان، گیرۆدەی سەرلێشێواندو گرفتاریی گەورەو بێڕەزا دەبین.

دیارە بەخستنە ڕووی ئەم مەسەلەیەش مەبەستی ئەم قسانەم باشتر ڕوون دەبێتەوە.

ئنجا شایانی باسیشە كە ئەو بابەتەی سەرگەرمی توێژینەوەمینی: (جەژنە ویادوبۆنەكانو هەڵسەنگاندنێك) پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەم مەسەلەیەوە هەیەو، هۆكاری سەرەكیی بەهەڵەداچوونی ئەوانەی كە لەم بابەتەدا بەهەڵەداچوون، بریتیە لە حاڵی نەبوونیان لەم مەسەلەیەو لێ تێكەڵ بوونی خواپەرستییەكانو نەرێتەكان (العبادات والعادات)، كە بێگومان زۆر لەیەك جیاوازنو، بناغەو شێوازی مامەڵەكردن لەگەڵ هەركامێكیان نەك هەر

جیاوازە، بگرە ڕاست پێچەوانەی ئەوی دیکەیە، چونکە:

بناغەو ئەسڵ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پەرستشەکان (العادات)دا، ئەوەیە کە بۆمان نیە لەخۆمانەوە هیچ جۆرە خوا پەرستییەك ئەنجام بدەین، مادام شەریعەت دیاریی نەکردبێو داینەنابێ، واتە: ئەسڵ وەستانو شوێنکەوتن (الوقوف والإتباع)ە، بەڵام بناغەو ئەسڵ بۆ مامەڵە لەگەڵ هەڵسو کەوتو نەرێتەکان (المعاملات والعادات)دا، بریتیە لە ڕێپێدرانو داهێنان (الجواز والإبداع)و، گرنگ ئەوەیە لەگەڵ دەقێکی شەریعەتدا تێکگیران دروست نەبێ.

واتە:

لەبواری خوا پەرستییەکاندا مەگەر ئایەتێکی قورئان یان زیاتر، یان دەقێکی ڕاستو ڕاشکاوی سوننەت هەبێ، ئەگەرنا بۆمان نیە هەنگاو بنێینو لەخۆمانەوە جۆرە خوا پەرستییەك دابێنینو ناو بنێین، بەڵام لەبواری هەڵسو کەوتو نەرێتەکاندا، ڕاست بەپێچەوانە: بۆمان هەیە هەر جۆرە مامەڵەو هەڵسو کەوتێك بکەینو، هەرجۆرە نەرێتو هەڵسو کەوتێك پەیدا بکەینو دابێنین کە پێمان وایە، بەرژەوەندییەکان دابین دەکات، بەرژەوەندیی (مصلحة)یش، بریتیە لە دوورخستنەوەی زیانەکانو وەدەستهێنانی سوودەکان (دفع المضارّ وجلب المنافع)، وەهیچ جۆرە هەڵسو کەوتو نەریتێك قەدەغە نیە، مەگەر دەقێکی شەریعەتی ڕوونو بێ چەندو چوونی لەسەربێ، کە قەدەغەیەو ڕێ لێگیراوە.

هەڵبەتە حیکمەتی ئەوەش کە بناغەو ئەسڵ بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ خواپەرستییەکانو هەڵسو کەوتەکاندا بەوجۆرەیە کە پێچەوانەی یەکدین ئەوەیە کە:

خواپەرستییەکان مامەڵە کردنن لەگەڵ خوادا "سبحانه وتعالى"و دیارە

بەس خواش خۆی دەزانێ کەپێویستە چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکرێ؟ چ مامەڵەی فیکریی کە لەئیمانو عەقیدەدا خۆی دەنوێنێو، چ مامەڵەی کردەیی کە لە وەرگرتنی بەرنامەکانو پێشکەشکردنی دروشمەکان (أخذ الشرائع وتقديم الشعائر)دا خۆی دەنوێنێ، بەڵام هەڵسو کەوتو نەرێتەکان، مامەڵەکردنی مرۆڤەکانن لەنێو خۆیاندا، لە هەموو بوارەکانی سیاسییو ئابووریو جەنگو ئاشتییو کۆمەڵایەتییدا، ئاشکراشە کە چۆنیەتی مامەڵە کردنی مرۆڤەکان لەنێوخۆیاندا، لەمەودای عەقڵی بەشەردایەو، مرۆڤ تا ڕادەیەکی زۆر عەقڵی پێی دەشکێ، هەربۆیەش شەریعەت ئەگەر لەبواری خواپەرستییەکاندا نوختەی خستوونە سەرپێتان، لەبواری نەرێتو هەڵسو کەوتەکاندا بەدانانی چوارچێوەیەکی فراوانو هێڵە گشتییەکان وازی هێناوەو، بۆشایی زۆری بەجێهێشتوە، کە مرۆڤ بەعەقڵی خۆی بەگوێرەی پێداویستی ژیانو گوزەرانی هەمیشە گۆڕاویی، لەڕێی کۆششکردن (إجتهاد)و تێفکرینی هێڵەگشتییەکانەوە، پڕی بکاتەوە.

ئنجا هەر لێرەشەوەیە کە زانایان بەڕستەی: (إجمال في المتغيرات وتفصيل في الثوابت)، واتە: بەکورتیی باسکردنی گۆڕاوەکانو، بەدرێژیی باسکردنی نەگۆڕەکان، تەعبیریان لەو حاڵەتەی شەریعەت کردوە.

ئێستاش با بۆ بەرچاو ڕوونیی زیاترو، زانینی بەڵگەکانی ئەو بنەمایە لەقورئانو سوننەتدا، سەرنجی قسەو بیروڕای ژمارەیەک لەزانایان بدەین لەوبارەوە:

١- (ابن تيمية) "ڕەحمەتی خوای لێبێ" لە (مجموع الفتاوى)کەی خۆیدا[1]

---

١ - ج١٤، ص٤٥.

دەڵێ: (الأصل في العبادات أن لايشرع منها إلاّ ما شَرَعهُ الله و الأصلُ في العادات أن لايُحظرَ منها إلاّ ما حَظرَهُ الله)، واتە: بناغە لە عیبادەتەکاندا ئەوەیە کە هیچی شەرعیی نیە، مەگەر ئەوەی کە خوا داینابێ، وە بەپێچەوانەوە بناغە لە هەڵسوکەوت و نەرێتەکاندا، ئەوەیە کە هیچ شتێ قەدەغە نیە، مەگەر ئەوەی کە خوا قەدەغەی کردبێ.

واتە: کەسێك بیەوێ عیبادەتێك بکا، دەبێ بزانێ، ئایا خوا فەرموویەتی: ئەو عیبادەتە بکە! یان نا؟ دەبێ ئیزنی شەرعی لەسەر بێ ئەوجار بیکا، ئەگەر نا کەس بۆی نیە لەخۆڕا بڵێ: جۆرە نوێژێك دەکەم، یاخود جۆرە ڕۆژوویەك دەگرم، دەبێ بەس ڕۆژوویەك بێ کە خوا فەرموویەتی یان پێغەمبەر "صلى الله عليه وسلم" وە تەنیا نوێژێك بێ کە خواو پێغەمبەری خوا فەرموویانە، چونکە عیبادەت هەڵسوکەوتە لەگەڵ خوادا "سبحانه و تعالى" هەڵسوکەوتیش لەگەڵ خوادا، هەر خوا دەزانێ دەبێ چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەی، بەڵام بەپێچەوانەوە بواری هەڵسوکەوتەکانو عادەتو نەرێتەکان، بۆمان هەیە هەموو هەڵسوکەوتەکان بکەین هەموو عادەتو نەرێتەکان ڕەچاوبکەینو مومارەسە بکەین، مادام دەقێکی شەرعیی ڕوونو بێ چەندو چوونی لەسەر نەبێ، کە ئەو هەڵسوکەوتە دیاریکراوە، قەدەغەیە.

هەروەها لە کتێبی: (القواعد النورانية الفقهية)دا[1] ڕوونتر ئەو بنچینەیە دێنێ، هەڵبەتە زانایانی دیکەش هەر دەیهێنن، دەڵێ: (إنّ تصرفات العِبادِ منَ الأقوال و الأفعال نوعان: عبادات يصلح بها دينهم، و عادات يحتاجون

---

١ - ص١١٢.

إليها في دنياهم، وباستقراء أصول الشريعة نعلم أن العبادات التي أوجبها الله أو أحبَّها لايثبت الأمر بها إلاّ بالشرع، و أما العادات فهي ماعتاده النّاسُ في دنياهم مما يحتاجون إليه، و الأصل فيه عدم الحظرِ، فلايُحظرُ إلاّ ما حَظرهُ الله "سبحانه و تعالى" و ذلك لأنّ الأمر و النّهي هما شرع اللهِ، و العبادةُ لابد أن تكون مأموراً بها و لهذا كان أحمد و غيره من فقهاء الحديث يقولون: إنَّ الأصل في العبادات التوقيفُ، فلا يُشرَع منها إلاّ ما شرَّعهُ الله، و إلاّ دخلنا في معنى قوله تعالى: ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُا۟ شَرَعُوا۟ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ﴾والعاداتُ الأصل فيها العفو، فلا يُحظرُ منها إلاّ ما حرَّمهُ، و إلاّ دخلنا في معنى قوله تعالى: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلَٰلًا ﴾.

واتە: كردەوەكانى بەندەكان (بەشەر) لە قسە و لە كردار بەگشتى دوو جۆرن: چەند خواپەرستىيەك كە دينداريياني پێ چاك دەكەنو دينداريیان پێك دەهێنن، وە چەند نەرێتێك كە بۆ ژيانى دونيايان پێويستييان پێيانە، وە بەتێوەڕامانى بنچينەكانى شەريعەت (واتە: قوڕئانو سوننەت) دەزانين كە ئەو عيبادەتانەى خوا "سبحانه و تعالى" پێويستى كردوون ياخود پەسەندى كردوون (واتە: فەرزن يان سوننەتن) بەبێ فەرمانى شەرع ناچەسپن (دەبێ دەقێكى قوڕئان يان دەقێكى سوننەت هەبێ ئەوجار دەزانين ئەو عيبادەتە هەيە، جا چ واجب بێ، چ سوننەت بێ) بەڵام عادەتەكان ياخود هەڵسوكەوتەكان، ئەوە شتانێكن كە خەڵك لە ژيانى دونياى خۆياندا عادەتيان پێوەگرتوونو پێويستييان پێيانە (وەك ژنو ژنخوازيى دەعوەتو دەعوەتكاريىو جەنگو ئاشتيىو

کڕینو فرۆشتن) بناغه لەو هەڵسوکەوتانەدا قەدەغەنەبوونەو هیچی لێ قەدەغە نیە، مەگەر خوای پاکو بەرز قەدەغەی کردبێ، ئەویش لەبەرئەوە کە شەرعی خوا لە ئەمرو نەهی پێك دێ، عیبادەتیش دەبێ فەرمان پێکراوبێ یان بە شێوەی پێویست، کە پێی دەگوترێ: فەرز، یان بە شێوەی پەسەند، کە پێی دەگوترێ: سوننەت، بۆیەش ئیمام ئەحمەدو غەیری ئەویش لە شەرعزانانی فەرموودەناس گوتوویانە: بناغە لە خواپەرستییەکاندا وەستێنران (توقیف)ە (واتە: دەبێ بوەستیو بۆت نیە لەخۆوە عیبادەتێك بکەی) عیبادەت دەبێ خوا "سبحانه و تعالی" داینابێو ئەگەر وانەکەین، دەچینە نێو مانای قسەی خوای بەرزەوە، کە دەفەرموێ: ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ﴾الشوری، واتە: یاخود ئایا ئەوانە چەند هاوبەشێکیان هەن، کە شتێکیان لە دین بۆ داناون، کە خوا مۆڵەتی لەسەر نیە؟! (کەواتە: دانانی حەڵاڵو حەرام، دانانی عیبادەتەو ئەوەش حەقی خوای پەروەردگارە "سبحانه و تعالی" وە هەر کەسێك ئەوە بکاو عیبادەتێك دابنێ بە عینوانی دین، مانای وایە لەجیاتی خوا شەرعی بۆ خەڵك داناوە) بەڵام هەڵسوکەوتەکان بناغە تێایاندا دەستکراوەییو ڕێپێدرانە، بۆیە هیچ شتێك لە عادەتەکان قەدەغە ناکرێ، مەگەر ئەوەی خوا قەدەغەی کردوە، ئەگەر نا کەسێك عادەتێك قەدەغە بکا کە خوا قەدەغەی نەکردوە، هەڵسوکەوتەکەی دەچێتە بازنەی ئەو فەرمایشتەی خواوە کە دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلَٰلًا قُلْ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى ٱللَّهِ تَفْتَرُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾یونس،

واتــه: پێیــان بڵــێ: ئایــا ئــەو ڕزق و ڕۆزییــە دەبیــنن کــە خــوا بــۆی ناردوونەخوار، هەر لەخۆتانەوە حەڵاڵو حەرامتان تێدا داناوە، بڵێ: ئایا خــوا مۆڵــەتی داون، یــاخود بــەناوی خــواوە درۆ دەکــەنو، خــوا شــتێکی قەدەغە نەکردووەو خۆتان قەدەغەی دەکەن؟!

کەواتە: هەر کەسێك شتێك لــە خــەڵك قەدەغــە بکــا کــە خــوا قەدەغــەی نــەکردبێ لــە هەڵسوکەوتەکاندا، ئــەوە لەڕاســتییدا وەکــو بڵێــی خــۆی لــە خــەڵك کردۆتــە پەرســتراو و، خــۆی لێ کردوونــە پــەروەردگارو، خــۆی کردۆتە شەرع دانەر!

٢- هەر لەوبارەوە (عبدالرحمن بن ناصر السعدي) دەربارەی هەمان مەسەلە لە کتێبی (أصول الفقه المهمة)دا بــە کــورتیی دەیهێنــێو دەڵــێ: (الأصل في العبــادات الحظــر، إلاّ مــا وردَ عــن الشــارعِ تشــريعُهُ، و الأصــل في العــادات الإباحة، إلاّ ما وردَ عن الشارعِ تحريمُهُ)،[1] واتــە: بناغــە لــە عیبادەتەکانــدا قەدەغە بوونو ڕێلێگیرانە، مەگەر ئەوەی کە شــەرعدانەر خــوا "سبحانه و تعالى" داینابێ، بــەڵام بناغــە لــە هەڵسوکەوتەکاندا ڕێپێدرانــە، مەگــەر ئەوەی کە شەرع دانەر ڕێی لێگرتبێ، (دەنا هەمووی ڕەوایە).

٣- هــەر لــەوبارەوە (د.عبــدالكريم زيــدان)یش لــە کتێبــی (الــوجيز في أصــول الفقه)دا دوای ئەوەی کە باسی (مباح) دەکات، دەڵێ: (و على هذا فالأفعال من عقودٍ و تصرفات، و الأشياء مــن جمادٍ و حيــوان و نبــات، الأصل فيها الإباحة، فما لم يرد دليل مــن الشارع يــدل على حكمها صــراحةً فحكمها الإباحة إستصحاباً من الإباحةِ الأصلية، هذا و إنّ حكــم المباحِ أنــه لا ثــوابَ

---

١ – ص١٠٥،١٠٦.

فيه ولا عقاب و لكنّ قد يُثابُ عليه بالنية و القصد، كمن يمارس أنواع الرياضة البدنية بنية تقوية جسمه ليقوى على محاربة الأعداء)،[1] واتە: لەسەر ئەو بناغەیە: کردەوەکان لە گرێبەستەکانو لە هەڵسوکەوتەکان (گرێبەستەکان واتە: گرێبەستی هاوسەرگیریی، گرێبەستی نێوان دوو دەوڵەت، گرێبەستی کڕینو فرۆشتن، گرێبەستی سیاسیی لەنێوان خەڵکو حوکمڕاندا) هەموو ئەوانە، وە شتەکان لە ماددەی بێ ژیانو ئاژەڵو ڕووەك (واتە: هەموو شتێك) بناغە تێایاندا بریتیە لە ڕێپێدرانو هەموویان ڕەوان، هەڵسوکەوتەکان وە شتەکان هەموویان ڕەوان، مەگەر لە شەرع دانەرەوە بەڵگەیەك هاتبێ بە ڕوونو ڕاشکاویی فەرموویێتی: ئەو شتە قەدەغەیە، ئەگەرنا حوکمەکەی بریتیە لە ڕەوایی‌و ڕێپێدران، چونکە لە ئەصڵدا هەموو شتەکان ڕێپێدراون، وە هەموو هەڵسوکەوتەکان ڕێپێدراون، ([2]چونکە خوای پەروەردگار فەرموویەتی:﴿ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ...﴿٢٩﴾ ﴾ البقرة، هەرچی لەسەر زەوییە بۆ ئێوەم دروستکردوە، وەخوای پەروەدگار دەفەرموێ: ﴿ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ ...﴿١٣﴾ ﴾ الجاثية، هەرچی لە ئاسمانەکانو زەوی دایە بۆ ئێوەم دەستەمۆ کردوە، کەواتە: هەموو شتێك بۆ ئێمە حەڵاڵو ڕەوایە، مەگەر ئەوەی خوای کاربەجێ جیای کردبێتەوە) وە حوکمی ڕەوا (مباح) ئەوەیە کە نە پاداشتی لەسەرەو نە سزای لەسەرە، بەڵام جاری وا هەیە مرۆڤ شتێکی

---

١ – المطلب الخامس: المباح، ص٤٨.

٢ – ئەوەی نێوان کەوانەکان زیادکردنی خۆمە.

موباح دەکا، بەلاّم بە نیەت بۆی دەبێتە مایەی پاداشت (بۆ وێنە: ئاودەخواتەوە، بۆئەوەی جەستەی بەهێز بێتو بتوانێ ئەرکە شەرعییەکان جێبەجێ بکات، هاوسەرگیریی دەکات، بۆئەوەی کە نەسڵو وەچەی پەیدابێو خۆی و بەرانبەرەکەی لە حەرامو گوناح بپارێزێ) وەك کەسێك کە چەندان جۆرە وەرزشی جەستەیی دەکات بۆئەوەی بەدەنی بەهێز بێتو، دوایی بتوانێت لەبەرانبەر دوژمناندا بەهێزبێ.

بەلاّم من دەڵێم: ئەگەر لەبەرانبەر دوژمنانیشدا بەهێزنەبێ، هەر لە خودی خۆیدا بەدەن بەهێزبوون، شتێکی پەسەندو شتێکی باشە، کەواتە: کاتێك کە باسی هەڵسوکەوتێك دەکرێ، جا چ یادو بۆنەیەکە، چ نەرێتێکە، هەر هەڵسوکەوتێك بێ، ئەو کەسەی کە دەڵێ: ئەو شتە ڕەوایە، پێویستە ناکات بەلگە بێنێتەوە چونکە لە ئەصڵدا هەڵسوکەوتەکان ڕەوان، بەڵکو دەبێ ئەو کەسە بەلگە بێنێتەوە کە دەڵێ: ئەو هەڵسوکەوتە قەدەغەیە، بۆ وێنە: یەکێك دەڵێ: یادکردنەوەی لەدایك بوونی پێغەمبەر "صلى الله عليه وسلم" قەدەغەیە، دەڵێین: بەلگەت چییە؟ یان یەکێك دەڵێ: یادکردنەوەی ڕۆژی نەورۆز قەدەغەیە، دەڵێین: بەلگەت چییەو لەبەرچی؟ چونکە لە ئەصڵدا هەڵسوکەوتەکان ڕێپێدراو و ڕەوان، بۆیە دەبێ ئەو بەلگە بێنێتەوە لەسەر ناڕەوایی، بەلاّم بەپێچەوانەوە، عیبادەت هەر کەسێك بڵێ: ئەو جۆرە خواپەرستییە دەکەم، دەڵێین: بەلگەت چییە کە فەرزە یان سوننەتە؟ چونکە خواپەرستیی بەبێ بەلگەی شەرعیی دروست نیە، بەلاّم هەڵسوکەوت پێویستیی بە بەلگەی شەرعیی ناکات، چونکە هەڵس و کەوتو عادەتەکان خۆیان لە ئەصڵدا ڕەوان و ڕێپێدراون.

حیکمەتەکەش ئەومیە کە عیبادەت بریتیە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ خوادا "سبحانه و تعالی" هەڵسوکەوتیش لەگەڵ خوادا دەبێ خوا پێت بفەرموێ: ئاوا هەڵسوکەوت بکە ! ئاوا نوێژم بۆ بکە، ئاوا ڕۆژوو بگرە، ئاوا یادم بکە، ئاوا دووعا بکە، ئاوا لێم بترسێو پشتم پێ ببەستەو...هتد، وەخوا هەر بۆخۆی دەزانێ ناوەکانی کامانەن و سیفەتەکانی چی و چین؟ بەڵام هەڵسوکەوتی ئێمە لەنێو خۆماندا، لە مەودای عەقڵی خۆماندایە، بۆیە شەریعەت لە بواری عیبادەتدا، وە لە بواری ئیمانو عەقیدەدا، نوختەی خستۆتە سەر پیت، هەر بۆیەش وەك دوایی باسی دەکەین، هەر شتێ لە بواری ئیمانو عەقیدەو عیبادەتدا زیادبکرێ، بیدعەتە، بەڵام لە بواری هەڵسوکەوتەکاندا، جا چ هەڵسوکەوتی سیاسیی بێ: حوکمو سیاسەتو دەوڵەتداریی، چ هەڵسوکەوتی بازرگانییو ئابووریی بێ، چ هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی بێ، لە بواری هەڵسوکەوتەکاندا، شەریعەت نەچۆتە نێو وردەکارییەکانەوەو، چوارچێوەیەکی فراوانی داناوەو بۆشاییەکی زۆری بەجێهێشتوە بۆئەوەی خەڵك بەعەقڵی خۆی پڕی بکاتەوە، بۆیە لە بواری هەڵسوکەوتەکاندا بوارێکی زۆر هەیە بۆ داهێنان (إبداع)، ئنجا پەیداکردنو ئیبتیداع لە دینداچەندە خراپە، داهێنان لە بواری دنیادارییدا هێندە پەسەندو بگرە پێویستە.

٤- (إبن عثیمین)یش لەو بارەوە کە بناغە لە عیبادەتەکاندا، بریتیە لە ڕێ لێگیران، مەگەر شەرع شتێکی دیاریکردبێ، وە بناغە لە هەڵسوکەوتو عادەتەکاندا، بریتیە لە ڕێ پێدران، مەگەر شەرع شتێکی قەدەغە کردبێ، واتە عەکسی یەکدیین، لەوبارەوە لە کتێبی: (شرح الأربعین

النووية)[1] له شەرحی ئەم فەرمودەیەدا کە دەفەرموێ: {مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فهو ردٌ} (أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (١٧١٨))، واتە: هەر کەسێك کردەوەیەك بکات، فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێ، ڕەتکراوەیە، کە مەبەستی پێ عیبادەتە، جا لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا (إبن عثيمين) دەڵێ: (مَنْطُوق الْحَدِيث: أنهُ إذا لَمْ يَكُن عَلَيْهِ أمر اللَّهُ وَرَسُولِهِ فَهُوَ مَردُودٌ، وَهَذَا فِي العِبَادَاتِ لاشَكّ فيهِ، لأنَّ الأصْل فِي العِبَادَات الْمَنع حَتَّى يَقُوم دَليل عَلَى مَشرُوعِيَّتهَا، فَلَو أن رَجُلاً تَعبد للَّه عزّوَجلَّ بشيءٍ وأنكر عَلَيْهِ إنسان، فَقَالَ: مَا الدَّليل عَلَى أنهُ حَرَامٌ؟ فَالقَول قَول الْمُنْكِر فَيَقُول: الدَّلِيل: هُوَ أن الأصْل فِي العِبَادَات الْمَنْع وَالحَظر حَتَّى يَقوم دَليل عَلَى أنَّهَا مَشروعَة، أما غَيْر العِبَادَات فَالأصْل فِيهَا الْحل، سَواءً مِنَ الأعيَان، أو مِنَ الأعْمَال، فَإنَّ الأصْل فِيهَا الْحِلُّ، مِثال الأعيَان: رَجل صَاد طَيْراً ليأكله، فأُنكر عَلَيْهِ آخر، فَقَالَ: مَا الدَّليل على التَحريم؟ فالقَولُ قَوله هُوَ، لأنَّ الأصْل الحِلَّ كَمَا قَالَ اللَّهُ تَعَالى: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ﴿٢٩﴾ ﴾البقرة، ومثال الأعْمَال: رَجُل عمل عملاً فِي بيتهِ، أو في سيارته، أو في لباسه، أو في أي شيء من أمور دنياه، فأنكَرَ عَلَيْهِ رَجل آخر، فَقَالَ: أينَ الدَّليل على التحريم؟ فالقَول قول الفاعل، لأن الأصل الحل) واتە: ئەم فەرموودەیە بە ڕوانّەتی بێژەکەی ئەوە دەگەیەنێ، کە هەر کردەوەیەك فەرمانی خواو پێغەمبەری خوای لەسەر نەبێ، ڕەتکراوەیە ئەوەش هیچ گومانی تێدا نیە، کە مەبەست پێی عیبادەتەکانە، نەك هەڵسوکەوتەکان، لە عیبادەتەکاندا دەبێ خواو پێغەمبەری خوا ﷺ دەقیان لەسەر کردبێ،

---

١ - ص١٢٢،١٢١.

ئنجا بۆ ئێمە شەرعییە، چونکە بناغە لە عیبادەتەکاندا بریتیە لە ڕێ لێگیران، هەتا بەڵگە دەبێ لەسەر شەرعیی بوونی، (وێنە دێنێتەوە) ئەگەر پیاوێك بە جۆرێك خوای پایە بەرزی پەرست، یەکێکی دیکە ئینکاریی لێکردو گوتی: بۆ بەم شێوەیە خوا دەپەرستی؟ وە ئەوەی کە خوا پەرستییەکەی کردوە، گوتی: بەڵگەت چییە لەسەر ئەوە کە قەدەغەیە؟ ئەوە قسە قسەی ئەوکەسەیە کە ڕەخنەی لێ گرتوە، ئەو کەسەی کە ڕەخنەی لێ گرتوە دەڵێ: بەڵگەم ئەوەیە کە ئەسڵ لە عیبادەتەکاندا ڕێ لێگیرانو، قەدەغە بوونە، مەگەر بەڵگە هەبێ لەسەر ئەوەی کە شەرعییە، تۆش بەڵگەت نیە، کەواتە: نابێ بە جۆرێك خوا بپەرستی کە خوا نەیفەرموە، بەڵام غەیری عیبادەتەکان، چ شتەکان (أعیان) وە چ کردەوەکان (أعمال)، ئەسڵ تێیاندا بریتیە لە حەڵاڵیی[1]، وێنەیەك لە شتان، (مثال الأعیان): کەسێك باڵندەیەك ڕاو دەکات بۆ ئەوەی بیخوات، یەکێکی دیکە ئینکاریی لێدەکاتو دەڵێ: ئەو باڵندەیە قەدەغەیە، بەڵگەت چییە کە دەیخۆی؟ ئەویش پێی دەڵێ: ئەدی تۆ بەڵگەت چییە لەسەر ئەوەی کە ئەم باڵندەیە قەدەغەیە؟ قسەی کامیان

---

١ - هەندێکیان لەو بارەوە گوتبوویان: دەبێ بڵێین: (الأشیاء النافعة) شتە سوود بەخشەکان، بەڵام هیچ کام لەزانایان ئەو قەیدەیان نەخستۆتە سەری، چونکە خوا هەرچی لە زەویدا دروست کردوە، بۆ ئینسانەکانی دروست کردوە، ئیدی ئەوەی کە زەرەری هەیە، ئەوە قەدەغەیە، لەبەر ئەوەی کە زەرەری هەیە، وە کردەوەکانو جموجۆڵەکان هەموویان حەڵاڵو ڕەوان، بەڵام کردەوەو هەڵسوکەوتێك ناڕەوایە، کە دەقێکی شەرعیی لەسەر بێ، بۆیە پێویست ناکات ئەو قەیدەی بخەیە سەرێ: (ئەو شتانەی کە سوودیان هەیە، حەڵاڵن) ئەوە پێویست ناکاتو وا بڵێین، چونکە ئەوەی کە زەرەری هەبێ، ئەوە شەرع دیاریکردوە، کە حەڕامە: ﴿وَقَدْ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ ﴿١١٩﴾﴾الأنعام، واتە: ئەوانەی کە حەڕامن، خوا بە تەفصیلیی بۆی باس کردون، ئیدی ئەوەی دەمێنێتەوە هەمووی حەڵاڵە.

دەیخوا ؟! قسەی ئەو کەسە کە باڵندەکە دەخوا، قسەی ئەو دەیخوات، چونکە ئەسڵ ئەومیە کە هەموو شتەکان حەڵاڵن، وەك خوای بەرز فەرموویەتی: (خوا ئەو کەسەیە کە هەرچی لەزەوییدایە بۆی دروستکردوون) البقرە ٢٩، (کەواتە: بابای باڵندە خۆر ناچار نیە ئەو باڵندەیە حەدیسێکی لەسەر بهێنێتەوە، بۆ وێنە: ژیاندارێکی دەریایی ئەگەر کاتی خۆی خواردنی باو نەبووبێ، هەر شتێکی دیکە لەو پەڕی ئەفریقیا، لەو پەڕی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا جۆرە باڵندەیەك، جۆرە ژیاندارێك پەیدادەبێ، کە لە کۆمەڵگای پێغەمبەردا ﷺ نەبووە، بەڵگەمان چییە کە حەڵاڵە؟ بەڵگەمان ئەومیە کە خوا "سبحانه وتعالی" دەفەرموێ: هەموو شتێکم لە زەوییدا بۆ ئێوە دروست کردوە، ئنجا کە زەرەری نەبوو مانای وایە حەڵاڵە)[1]، وێنەی کردەوان کە ئەسڵ تێیاندا ڕەواییە: پیاوێك لە مااڵی خۆی، یاخود لە سەیارەکەیدا، یاخود لە بەرگو پۆشاکیدا، یان لە هەر شتێکدا، کردەومیەك لە کاروباری دنیاییدا دەکات، پیاوێکی دیکەش ئینکاریی لێ دەکات، دەڵێ: بۆ وا بەو شێومیە ڕەفتار دەکەی؟ (بۆ وێنە: سەیارەکەی دەشوات، ماڵەکەی بۆیاغ دەکات، یان پەردەی بۆ دەگرێتەوە، یەکێکیش ڕەخنەی لێ بگرێ) قسە قسەی ئەوکەسەیە کە کردەوەکە دەکاتو، ئەوەی دیکە دەبێ بەڵگە بێنێتەوە، (تۆ بەڵگەت چییە لەسەر ئەوەی کە نابێ دیوار بۆیاغ بکەی؟ بەڵگەت چییە لەسەر ئەوەی نابێ بەردی حەللانی لێبدرێ؟ بەڵگەت چییە لەسەر ئەوەی کە نابێ خانوو سێ قات بێ؟ ئنجا ئەگەر بەڵگەی نەبوو

---

١ – ئەوەی نێوان کەوانەکانم بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەست زیاد کردوە.

لەسەر قەدەغەبوونی، ئەوە لەسەر ئەسڵی خۆی دەمێنێتەوە، کە بریتیە لە حەڵاڵیی).

هەروەها (إبن عثیمین) هەر لەوبارەوە لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا کە دەفەرموێ: {وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الأُمُورِ، فَإِنَّ كُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ} (أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٧١٨٤)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٤٦٠٧)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٦٧٦) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٤٢)، وَالحَاكِمُ برقم: (٣٢٩)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٥) وَصَحَّحَهُ الألباني في (السلسلة الصحيحة) برقم: (٩٣٧))، واتە: خۆتان دوور بگرن لە شتە پەیداکراوەکان، چونکە هەموو پەیداکراوێك گومڕاییە، دەڵێ: (والأمورُ المحدثةُ يَعني بِهَا صَلَوات وَسَلامه عَلَيْهِ الْمحدثات في دينِ اللَّه، وذَلِكَ لأن الأَصْل فِيمَا يدين بِهِ الإِنْسَان ربَّه وَيَتَقَرَّب بِهِ إِلَيْهِ، الأَصْل فِيه الْمَنْعُ وَالتَّحْرِيْم، حَتَّى يَقُوم دَلِيل عَلَى أنهُ مَشروع، وَلِهَذَا أنكر اللَّهُ عَزَّوَجَلَّ عَلَى مَن يُحَلِّلون ويُحَرِّفُون بأهوائهم، فَقَالَ تَعَالى: ﴿ وَلَا تَقُولُواْ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ ٱلْكَذِبَ هَٰذَا حَلَٰلٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُواْ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ ﴿١١٦﴾ ﴾ النحل، وأنكر على من شَرَّع في دينه ما لم يأذن بِه، فَقَال: ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ﴿٢١﴾ ﴾الشورى، وَقَالَ: ﴿ قُلْ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى ٱللَّهِ تَفْتَرُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾ يونس[1]، واتە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الأُمُورِ)، واتە: خۆتان لە شتە پەیداکراوەکان دوور بگرن، مەبەستی پێغەمبەری خوا ﷺ پەیداکراوەکانە لە بواری دینداریی (تَعَبُّد)دا، چونکە ئەسڵ لەوەدا کە ئینسان پێی لە پەروەردگاری نێزیك دەبێتەوە، وە خۆی پێ لەخوا نێزیك دەخاتەوەو بەندایەتیی بۆ دەکات، ئەسڵ تێیدا ڕێگیرانو قەدەغەبوونە، هەتا بەڵگە دەبێ

---

١ - شرح رياض الصالحين، ج١، ٥٤٨،٥٤٧.

لەسەر ئەوەی کە شەرعییە، بۆیەش خوا "سبحانه وتعالی" ئەوانەی کە شتیان حەلاڵو حەڕام کردوە، بە ئارەزووی خۆیان، ڕەخنەی لێ گرتوون، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَقُولُواْ لِمَا تَصِفُ أَلۡسِنَتُكُمُ ٱلۡكَذِبَ هَٰذَا حَلَٰلٞ وَهَٰذَا حَرَامٞ لِّتَفۡتَرُواْ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ لَا يُفۡلِحُونَ ﴿١١٦﴾ ﴾النحل، واتە: بە زمانی بە درۆتان مەڵێن ئەوە حەلاڵەو ئەوە حەڕامە، تاکو سەرەنجام درۆ بەناوی خواوە هەڵبەستن، بێگومان ئەوانەی درۆ بەناوی خواوە هەڵدەبەستن سەرفراز نابن.

هەروەها ڕەخنەی گرتوە لەوانەی شتێك لەدیندا بڕیار دەدەن کە مۆڵەتی لەسەر نیە: ﴿ أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمۡ يَأۡذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ﴿٢١﴾ ﴾الشوری، واتە: ئایا چەند هاوبەشێکیان هەن کە شتێکیان لە دین بۆ دادەنێن، کە خوا فەرمانی لەسەر نیە، وەك دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمۡ أَمۡ عَلَى ٱللَّهِ تَفۡتَرُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾یونس، واتە: ئایا خوا ئیزنی داون، یاخود درۆ بە ناوی خواوە دەکەن؟!

بەڵام لە کاروباری عادەتییو کاروباری دنیاییدا ئەو ڕەخنەیە ناگیرێ لە پەیداکرانیان، مەگەر دەقێك هەبێ لەسەر قەدەغەبوونیان، ئەگەرنا هەرچی کاروبارە دایبهێنەو پەیدای بکە، مادام دەقێکی لەسەر نەبێ، یاخود نەچێتە ژێر بنچینەکەوە، کە بەلگەبێ لەسەر قەدەغەبوون، ئەوە لەسەر ئەسڵی خۆیەتی، کە ڕەوایی‌و حەڵاڵییە.

بۆیە من دەڵێم، وە گوتوومە: (الأَصْلُ في العِبَادات الإتباع، والأَصْلُ في المُعَامَلات الإبدَاع)[1] کە پێم وایە زۆرباش لەگەڵ قسەی زانایاندا دێتەوە، واتە:

[1] - ڕەنگە پێشترێش نەو قسەیە کرابێ‌و مەرج نیە من دامهێنابێ، گرنگ نەومیە قەناعەتم

بناغه له خوا پەرستییەکاندا بریتیە لە شوێنکەوتن، (شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ) بەڵام بناغە لە عادەتەکانو لە هەڵس وکەوتەکاندا بریتیە لە داهێنان.

بۆیەش هاوەڵان "خوا لێیان ڕازی بێ"، ئەبو بەکرو عومەرو عوسمانو عەلی، هەر چوار خەلیفە ڕاشیدەکانو باقی هاوەڵان، لە کاروباری عیبادەتو دینداریدا، بەموو لەوەی پێغەمبەریان لانەداوە ﷺ، بەڵام ئایا لە بواری سیاسەتی شەرعییو ئیدارەی دەوڵەتو بازرگانییو ئابووریو جەنگو ئاشتییو...هتددا، تەماشایان کردوە، داخۆ پێغەمبەر ﷺ چی کردوە، ئەوانیش کتو مت وابکەن؟! بۆ وێنە: پێغەمبەری خوا ﷺ خەندەکی لێداوە بە دەوری مەدینەدا، ئەوانیش خەندەك لێ بدەن؟ یان پێغەمبەر ﷺ مەنجەنیقی بەکارهێناوەو، حەتمەن دەبێ ئەوانیش مەنجەنیق بەکاربێنن؟! یان پێغەمبەر ﷺ بە تیرو کەوان شەڕی کردوە، ئەوانیش هەر بە تیروکەوان شەڕێ بکەن؟ یان پێغەمبەر ﷺ چۆن صولحی کردوەو لەگەڵ کێو لەسەرچی صولحی کردوە، ئەوانیش وابکەن؟! نەخێر، بەڵکو تەماشایان کردوە، مەصڵەحەت چۆن تەحقیق دەبێ، وایانکردوە، باکاتی خۆی پێغەمبەری خواش نەیکردبێ! کەواتە: کاروباری دنیا، عادەتو هەڵسوکەوتەکان، ئەسڵ تێیاندا داهێنانە، وە سەنگی مەحەکیش دابین کردنی بەرژەوەندییەکانە، چۆن بەرژەوەندیی دابین بێ، دەبێ ئاوا بکرێ، مادام ناشەرعیی نەبێ.

پێیەتی.

بنەمای شەشەم:

شتی ڕەوا بەهۆی بەهەڵە بەکارهێنرانی و خرا پە ڕەگەڵ خرانییەوە، حوکمە ئەسڵییەکەی ناگۆڕێ و قەدەغە نابێ

ئەمیش بنەمایەکی دیکەی گرنگەو ڕەچاوکردنی لەبواری مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵس‌و کەوت‌و نەڕێتەکانـدا بەگشتی‌و، بەتایبەت بۆنەو یادەکانـدا، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ بۆ پارێزران لەهەڵەو لادان‌و خلیسکان.

دەشتوانین زۆر بەڵگان لەسەر ڕاستیی ئەم بنەمایە بێنینەوە، بەڵام بەم چەند بەڵگەیە وازی لێدێنین:

١- ئەگەر بێت‌و هەر هەقێك ناهەقێکی لەگەڵ تێکەڵ کرا، وازی لێ بێنین‌و، هەر حەڵاڵێك، حەرامێکی لەپەنادا کرا، دەستبەرداری ببین‌و هەر چاکەیەك خراپەیەکی لەگەڵ ئاوێتەبوو، هەردووکیان پێکەوە تورپبدەین، ئەوە هیچ هەق‌و حەڵاڵ‌و چاکەیەکمان بەدەستەوە نامێنێ !

ئایا دەگونجێ زەماوەندو هاوسەرگیریی قەدەغە بکەین، چونکە جاری وایە هەڵس‌و کەوتی ناشەرعیی، وەك ڕەشبەڵەکی تێدا دەکرێ؟

یان ئایا دەگونجێ گەشتە بەهارەو سەیران قەدەغە بکەین، چونکە کەسانێك جاری وایە لەپەنای ئەوەدا شەڕاب دەخۆنەوە؟!

یان ئایا دەگونجێ کڕین‌و فرۆشتن‌و بازرگانیی قەدەغە بکەین، بەپاساوی ئەوە کە هەندێك لەبازرگانەکان، بازرگانیی بەشتی حەرامەوە دەکەن‌و، هەندێکیان سوێندی بەدرۆ دەخۆن‌و هەندێکیان فێڵبازو قۆڵبڕن‌و...هتدا؟!

٢- خوای دادگەر بەخاوەن کتێبەکانی فەرمووە: ﴿ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تَلۡبِسُونَ ٱلۡحَقَّ بِٱلۡبَٰطِلِ وَتَكۡتُمُونَ ٱلۡحَقَّ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٧١ ﴾ آل عمران، واتە: ئەی خاوەن کتێبینە! بۆچی هەق‌و ناهەق تێکەڵ دەکەن‌و هەق پەنهان دەکەن لەحاڵێکدا کە دەشزانن "ئەوە هەقە"؟

کەواتە: هەقو ڕاستیی، ئەگەر ناهەقو درۆشی لەگەڵ تێکەڵ بکرێ، هەر هەقو ڕاستییەو، نابێ لەبەرچاومان بکەوێ.

٣- (عن ابن عباس رضي الله عنهما قال: بينما النبيُّ ﷺ يخطب اذا هو برجل قائم، فسأل عنه، فقالوا: أبو إسرائيل نَذَر أن يقوم في الشمس ولا يَقْعُدَ ولا يَستظِلَّ ولا يتكلم ويصوم، فقال النبي ﷺ: مُرُوه فليتكلَّمْ ولِيَقْعُدْ وليتِمَّ صَوْمَهُ) رواه البخاري، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەببباس "خوا لەخۆی و بابی ڕازی بێ" دەڵێ: لەکاتێکدا کە پێغەمبەر ﷺ وتاری دەدا، پیاوێکی بینی ڕاوەستابوو، لەبارەیەوە پرسیاری کرد؟ گوتیان: ئەوە ئەبو ئیسرائیلە لەسەر خۆی نەزر کردوە کە بەڕۆژوو بێ و، لەبەرخۆر بوەستێ و، دانەنیشێ و، نەچێتە بەر سێبەرو، قسەش نەکات!

پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: پێی بڵێن: با قسە بکات و دابنیشێ و "بچێتە بەرسێبەرو" ڕۆژووەکەیشی تەواو بکات.

وەک دەبینین پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو شتە ناهەقو ناشەرعییانەی، ئەو پیاوە لەگەڵ ڕۆژوو گرتنە هەقو شەرعییەکەدا تێکەڵی کردوون، کە قسە نەکردن و، دانەنیشتن و نەچوونە بەرسێبەر بوون، هەڵیومشاندوونەوەو، ئەوەش کە هەق بووە هێشتوویەتەوە.

کەواتە:

ئێمەش پێویستە هەروابکەین و هەمیشە (کا)ی ناهەقو (دان)ی هەقی قسەو کردەوان بە تەرازوو پێوەری شەریعەت لەیەک جیا بکەینەوەو، هەر یەکەیان مامەڵەی پڕ بەپێست و شایستەی خۆی لەگەڵدا بکەین.

کەواتە:

لەکاتێکدا کەسانێك لەبۆنەو جەژنێکدا ڕەفتارو هەڵسو کەوتی هەڵەو ناشەرعییان لێ دەپشکوێتەوە، نابێ عاتیفییانە حوکم بدەینو بەهۆی هەڵەو ناشەرعییەکانەوە، حوکمێکی نەرێنیی (سلبي) گشتی بەسەر کۆی بۆنەو جەژنەکەیان دابدەین، کە بەڵگەیەکی ڕوونی شەرعییمان لەسەر قەدەغەبوونی بەدەستەوە نیە.

بنەمای حەوتەم:

نیازو مەبەست حوکمی هەڵس وکەوتەکان دەگۆڕێ

نیازو مەبەستو پالنەر، حوکمی شتەکان دەگۆڕێ، چۆن؟ بۆ وێنە: کەسێك خەڵك دەعوەت دەکا، دیارە دەعوەتی خەڵکو خواردندان بە خەڵك (إطعام الطعام) شتێکی باشە، وەك خوا مەدحی کەسانێکی کردوەو فەرموویەتی: ﴿ وَيُطْعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا ﴿٨﴾ ﴾ الإنسان، واتە: خواردنێك کە خۆشیان دەوێ، دەیدەن بە نەدارو هەتیو و دیل..، بەڵام یەکێك دەعوەتێك ساز دەکات بۆ کۆمەڵێك بەرپرس، وەك بەرتیلێك، بۆ ئەوەی ئەگەر داوایەکی لێ کردن، چاویان بنووقێنێ، ئەوە دەعوەت کردنەکەی لێ حەرام دەبێ، چونکە بۆ مەبەستێکی خراپە، وە لەسەریشی گوناهبارە.

یان کەسێك گەشتو سەیران دەکا، بەڵام بەو نیازو مەبەستە گەشتو سەیران دەکا کە لەوێ گوناە بکا، چونکە نیەتەکەی خراپە، یەکەمین هەنگاو کە دەینێ، گوناهبارە، یاخود کەسێك دەڵێ: دەچمە سەفەر، دیارە چوونە سەفەر حەڵاڵە، بەڵام ئەو نیازی وایە بچێتە سەفەر بۆ ئەوەی نەفەرێك بکوژێ، یان رێگریی بکا، ئەوە یەکەم هەنگاو کە لە ماڵەوە دەینێ گوناهبارە، چونکە نیەتو هاندەرەکەی ئەوەیە کە بچێ لەوێ گوناە بکا، ئنجا لێرەدا چ بەباری چاکە دابێت، چ بەباری خراپەدا، جاری وا هەیە شتەکە موباحە، بەڵام یەکێك ئەو شتە دەکات بە مەبەستی وەدەست هێنانی پاداشت، وەك پێغەمبەرمان ﷺ لە فەرمایشتێکدا دەفەرموێ: (ما من مسلمين يلتقيان فيتصافحان الا غُفِرَ لهما قبل ان يفترقا) رواه أبو داود، واتە: دوو مسوڵمان کە بەیەکەوە تۆقە دەکەن، بەرلەوەی لەیەك جیابنەوە لەلایەن خواوە دەبوردرێن.

دیارە تۆقەکردن هەڵسوکەوتەو عورفو عادەتێکە، بەڵام مادام بە مەبەستی

برایەتیی دەیکەن، گوناهیان لێ دەبێتەوە، هەروەها پێغەمبەر ﷺ ڕۆژێ بە هاوەڵەکانی فەرموو: ئەوە خێرە، ئەوە خێرە، ئەوە خێرە، ئەوە خێرە، دوایی فەرمووی: (وفي بُضْعِ أحدِكُمْ صدقة) رواه مسلم.

واتە: وە یەکێك لە ئێوە کە سەرجێیی لەگەڵ خێزانی دەکات پاداشتی هەیە، گوتیان: چۆن یەکێك لە ئێمە ئارەزووی خۆی جێبەجێ دەکاو پاداشتی هەیە؟ فەرمووی: ئەگەر ئارەزووەکەی لە حەرامدا جێبەجێ بکات حەرام نیە؟ گوتیان بە، فەرمووی: مادام لە حەڵاڵدا جێبەجێی بکات (خۆیو هاوسەری لەگوناه بپارێزێ) پاداشتی هەیە.

هەروەها بوخاریو موسلیم لە عومەری کوڕی خەتتابەوە "خوا لێی ڕازی بێ" هێناویانە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (انما الأعمال بالنيات و انما لكل امرئٍ ما نوى، فمن كانت هجرته الى الله و رسوله، فهجرته الى الله و رسوله، ومن كانت هجرته لدنيا يصيبها أو امرأةٍ ينكحها، فهجرته الى ما هاجر اليه) .واتە: بێگومان کردەوەکان بە پێی نیەتن، وە هەر کەسە چۆنی نیەت هێناوە، ئاوا بۆی دەنووسرێ (ئنجا نموونە دەهێنێتەوە بە کۆچ کردنو دەفەرموێ:) کەسێك بەو نیازە کۆچ بکات کە بچێ بۆلای خواو پێغەمبەری خوا ﷺ (لە مەککەوە بچێ بۆ مەدینە بۆلای دەوڵەتی ئیسلامیی، بۆ ئەوەی لەوێ فەرمانبەریی خواو پێغەمبەری خوا بکات) ئەوە بەو پێیە کۆچەکەی بۆ دەنووسرێ، یەکێکیش کۆچ بکا بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکی دونیایی دەست بکەوێ، یاخود ئافرەتێك بینێت، ئەویش کۆچەکەی بەو پێیە بۆ دەنووسرێ، کە لە دڵی خۆی گرتوە.

کەواتە: موباحەکانیش بە پێی نیەتنو، ئەگەر مرۆڤ نیەتەکەی باش بێ، پاداشتی لەسەریان هەیەو بۆی دەبن بە طاعەت، بەڵێ عادەت بە نیەتی باش

دەبنە عیبادەت، وە بە پێچەوانەشەوە عادەتە باشەکانو شتە ڕەوایەکان، ئەگەر هاندەری خراپیان لە پشتەوە بێ، ئەوە قەدەغە دەبن، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو عیبادەتیش ئەگەر هاندەرو پاڵنەری خراپی هەبێت، نەك هەر بە عیبادەت دانانرێ، بەڵکو خاوەنەکەی لەسەریشی سزادەدرێ، بە بەڵگەی ئەوە کە خوا "سبحانه وتعالى" دەفەرموێ: ﴿فَوَيۡلٞ لِّلۡمُصَلِّينَ ٤ ٱلَّذِينَ هُمۡ عَن صَلَاتِهِمۡ سَاهُونَ ٥ ٱلَّذِينَ هُمۡ يُرَآءُونَ ٦﴾ الماعون، واتە: ئنجا سزای سەخت بۆ ئەو نوێژکەرانەی، کە لە نوێژەکان بێئاگان، ئەوانەی کە ڕیابازیی دەکەن.

وەك دەبینین: خوای کاربەجێو دادگەر ڕایگەیاندوە، کە کەسانێك کە نوێژێکی بێ ڕووحو بێئاگایانەی ڕیابازانەو تەنیا بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵك دەیکەن، نەك هەرنابێ چاوەڕێی پاداشت بن، بگرە سزاو جەزرەبەش چاوەڕێیانە. دیارە ئامانجیشم لەخستنەڕووی ئەم بنەمایەو ئەم ڕاستییەی شەریعەت، سێ شتی سەرەکییە:

یەکەم: ئەوانەی کە نیاز پیسنو، لەپەنای بۆنەو جەژنو یادێکدا دەیانەوێو هەوڵدەدەن مەبەستێکی خراپ بێننەدی، با ئەو کارەی دەکرێ لەئەسڵدا ڕەواو شەرعییو بێ ئیشکالیش بێ، بەڵام ئەو جۆرە کەسانە بەگوێرەی نیازو مەبەستە خراپەکەی خۆیان گوناهبارو عەیبدارن، بەڵام خودی بۆنەو یادەکە بەهۆی ئەوەوە قەدەغە نابێ.

دووەم: کاروچالاکییە لە بنەڕەتدا ڕەوا (مباح)یەکان، خاوەنەکانیان ئەگەر بەنیازو مەبەستی باشەوە ئەنجامیان بدەنو، ڕوویان بێ لەخواو ڕەزامەندییەکەی و، هێنانەدی بەرژەوەندییەکی شەرعیی بکەن،

لەسەریان پاداشتت دەدرێنەوە، وەك فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ بەڕوونیی دەیگەنن.

سێیەم: کەسێك کە بەکارێك هەڵدەستێ، بۆ نموونە: ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەری خواوە ﷺ، یان شەو ڕۆژو بەرزبوونەوە (الإسراء والمعراج)ی، یان کۆچکردنی لە مەککەوە بۆ مەدینە، یان جەنگی بەدر...هتد، کە "وەك دوایی باسی دەکەین" ئەمانەو هاوێنەکانیان لەبنەڕەتدا لەبازنەی هەڵس و کەوتو نەرێتەکاندان و، حوکمیان بەگوێرەی نێوەڕۆك و شێوازیان، دەگۆڕێ، ئەگەر تەنیا وەك کارێکی ڕەواو عادەتێکی باش پێی هەڵسێ، ئەوە بەئەندازەی ڕێك و پێك و شەرعیی بوونی و خوا پێ مەبەست بوونی و هێنانەدی بەرژەوەندیی مسوڵمانان، پاداشتی هەیە، بەڵام ئەگەر بەخەیاڵی خۆی "هەرچەندە لەواقیعدا واش نیە" بەجۆرێك لەخواپەرستیی (عبادة) دابنێ، ئەوە بێگومان بەپێی ئەو نیازو مەبەستە هەڵەو ناشەرعییەی، لەسەر ئەوکارەی گوناهبارەو، کردەوەکەشی بە بیدعەت (بدعة) دادەنرێ، بۆچی؟!

چونکە بێگومان "وەك لەبنەمای نۆیەمدا دەیخەینەڕوو" هەرشتێك لەبواری ئیمانو عەقیدەو عیبادەتدا پەیدا بکرێو دابهێنرێ، بە پەیدا کراو و بیدعەت (محدثة وبدعة) دادەنرێو، بیدعەتو داهێنانیش لەئیسلامدا هەمووی هەر خراپەو گومڕاییەو، هیچ چاکەیەکی تێدا نیە.

جا ئەو کەسە بەگوێرەی تێگەیشتنی هەڵەی خۆیو، بەپێی نیازو مەبەستەکەی، خۆی گیرۆدەی نازناوی داهێنەر (مبتدع) لەدیندا دەکاتو، خۆی گوناهبار دەکات، لەحاڵێکدا کە هەر هەمان کردەوە، ئەگەر "وەك خۆی

لەواقیعدا وایە" تەنیا بەکردەومیەکی ڕەواو عادەتێکی باشی داهێنراوی مسوڵمانانی دانابایە، ئەو ئیشکالانەی بۆ دروست نەدەبوون.

کەواتە:

وەك بینیمان نیازو مەبەست (نیة) کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەگۆڕینی حوکمی کردەوەکاندا، بەهەموو جۆرەکانیانەوەو، نیازو مەبەستی باش، عادەتەکانیش "مادام لەخودی خۆیاندا ناشەرعیی نەبن" والێدەکات کە خاوەنەکەیان پاداشتی هەبێو، نیازو مەبەستی خراپیش وا لەخاوەنەکەی دەکات، کە تەنانەت لەسەر عیبادەتەکانیش قەرزار بێتەوەو سزا بدرێ!

بنەمای هەشتەم:
جەژن و یاد و بۆنەکان
لەبازنەی هەڵس وکەوت و
عادەتەکاندان

وەك گوتراوە: حوكم كردن لەسەر هەرشتێك لقێكە لە لێتێگەیشتنی (الحكم على شيء فرع عن تصوُرِه) بۆیە پێویستە سەرەتا بزانین مەبەست لە: جەژن و یادو بۆنەكان چییە؟!

سەرەتا با تەماشای فەرهەنگەكانی زمان بكەین:

١-(راغب الأصفهاني) لەبارەی پێناسەی جەژن (عید)ەوە گوتوویەتی:

(والعيد ما يعود مرة بعد أخرى وخَصَّ في الشريعة بيوم الفِطر ويوم النَّحر، ولما كان ذلك اليوم مَجعولاً للسرور في الشريعة كما نبَّه النبيُّ ﷺ بقوله: ((أيام أكلٍ وشرب وبعالٍ)) صار العيد في كل يوم فيه مسرّة، وعلى ذلك قوله تعالى: ﴿...ٱللَّهُمَّ رَبَّنَآ أَنزِلْ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ تَكُونُ لَنَا عِيدًا ﴿١١٤﴾﴾ المائدة، والعيد كل حالةٍ تعاود الإنسان).[1]

واتە: جەژن (عید) ئەوەیە كە جار لەدوای جار بۆ مرۆڤ دەگەڕێتەوە، وەلەشەریعەتدا تایبەت كراوە بەڕۆژی جەژنی ڕەمەزانو ڕۆژی جەژنی قوربانەوە، وەلە سۆنگەی ئەوەوە كە ئەو ڕۆژە لەشەریعەتدا بۆ شادیو خۆشیی دانراوە، وەك پێغەمبەر ﷺ هۆشداریی داوە كە فەرموویەتی: ((ڕۆژانی خواردنو خواردنەوەو جووتبوونن))، جەژن بۆ هەر ڕۆژێك كە خۆشییەكی تێدابێ بەكارهاتوە، قسەی خوای بەرزیش هەر لێرەوەیە كە فەرموویەتی: ((سفرەیەكمان لەئاسمانەوە بۆ بنێرە خوارێ كە بۆمان ببێتە جەژن)) المائدە -١١٤-، وەجەژن هەر حاڵەتێكە كە بۆ مرۆڤ دووبارە بێتەوە.

---

١ – مفردات ألفاظ والقرآن، ص٥٩٤.

کەواتە:

(راغب الأصفهاني) وشەی جەژن (عيد) بەسێ واتایان بەکاردێنێو دەڵێ:

سێ واتای هەن:

أ- هەردووك ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانو قوربان.

ب - هەر ڕۆژێك كە خۆشیو شادییەكی تێدابێ.

ج - هەر حاڵەتێك كە بۆ مرۆڤ دووبارە بێتەوەو بگەڕێتەوە.

٢-المعجم الوسيط:

ئەمیش لەبارەی جەژن (عيد)ەوە گوتوویەتی: (العيد: مايعود من همّ أو مرضٍ أو شوقٍ أو نحوه، والعيد: كل يوم يحتفل فيه بذكرى كريمة أو حبيبة،ج: أعياد).[1]

واتە: جەژن (عيد) هەر حاڵەتێكە كە بۆ مرۆڤ بگەڕێتەوە، لەخەفەت، یان نەخۆشیی، یان شادیی، یان وێنەی ئەوە، وەجەژن هەر ڕۆژێكە كە ئاهەنگی تێدا بگێڕرێو خۆشحاڵیی تێدا پیشان بدرێ، بەبۆنەی بیرەوەرییەكی گرنگ یان خۆشەویست، كۆیەكەی (أعياد)ە، واتە: جەژنەكان.

٣-المنجد:

ئەمیش ئاوا پێناسەی جەژن (عيد)ی كردوە:

(العيد: ما اعتادك من مرضٍ أو حزنٍ أوهمّ ونحو ذلك، الموسم، كل يوم فيه جمع أو تذكار لذي فضل أو حادثةٍ مهمة...)[2]، واتە: جەژن ئەوەیە كە بۆلات دێتەوە لەنەخۆشیی، یان دڵتەنگیی، یان خەفەت وە وێنەی

---

١ - ص٦٣٥.

٢ - ص٥٣٦.

ئەوە، وە جەژن رۆژی کۆبوونەوەیە، وەهەر رۆژێکە کە خرپبوونەوە یان بیرەوەرییەکی تێدابێ بۆ خاوەن چاکەیەك، یان ڕووداوێکی گرنگ...

کەواتە:

وشەی (عید) کە لە کورددیدا (جەژن)ی لەبەرانبەردایە، ماناو چەمکی هەرکام لە بۆنە (مناسبة) و یاد (ذکری)ش دەگرێتە خۆی‌و، پوختەی ماناو چەمکی وشەی (عید):

هەر رۆژێك‌و بۆنەیەك‌و بیرەوەرییەك، کە خۆشی‌و شادیی، یان نەخۆشی‌و گرفتاریی‌و ناڕەحەتیی تێدا بووبێ‌و، خەڵك گرنگیی پێبدەن‌و، تێیدا کۆببنەوەو یادی بکەنەوە، دەگرێتەوە.

کەواتە:

ئەو قسەیەی کە دەڵێ: وشەی جەژن (عید) دروست نیە بۆ جگە لە دوو جەژنەکانی ڕەمەزان‌و قوربان (یوم الفطر و یوم النّحر) بەکاربهێنرێ، قسەیەکی سادەو سەرکێڵانەیەو، وێڕای قسەی شارەزایانی زمان، پێچەوانەی دەقی قورئان‌و دەقی سوننەتی پێغەمبەریشە ﷺ، بابزانین چۆن؟!

یەك: لە قورئاندا وشەی (عید) لەسەر زمانی (حواریین)ی عیسا (علیه السلام) بۆ بۆنەی دابەزینی سفرەیەکی خوایی لە ئاسمانەوە بەکارهێنراوە:﴿ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ ٱللَّهُمَّ رَبَّنَآ أَنزِلْ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ تَكُونُ لَنَا عِيدًا لِّأَوَّلِنَا وَءَاخِرِنَا وَءَايَةً مِّنكَ ۖ وَٱرْزُقْنَا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ﴿١١٤﴾ ﴾ المائدة.

دوو: پێغەمبەری خوا ﷺ هەرکام لە:

ڕۆژی عەرەفەو، ڕۆژەکانی تەشریقو، ڕۆژی جومعەشی بەڕۆژانی جەژن ناوبردوون، وەك لەم فەرموودانەدا هاتوە:

أ- (يوم عرفة و يوم النّحر و أيّام التشريق عيدُنا أهل الإسلام و هي أيّام أكلٍ و شُربٍ) أخرجه أحمد: ١٧٤١٧، و أبوداود: ٢٤١٩، و الترمذي:٧٧٣، والنسائي:٣٠٠٤، و الحاكم:١٥٨٦، وصَحّحه كل من الترمذي و الحاكم و الألباني.

واتە: ڕۆژی عەرەفەو ڕۆژی سەربڕین {واتە: (١٠)ی ذي الحجة} وە ڕۆژانی تەشریق {واتە: سێ ڕۆژەکانی دوای سەربڕین} جەژنی ئێمەی ئەهلی ئیسلامن، وە ڕۆژانی خواردنو خواردنەوەن.

ب- (إنّ يوم الجمعة يَوْمُ عيد، فلاتجعلوا يوم عيدكم يوم صيامكم، إلاّ أن تصوموا قبلَهُ أو بَعده) أخرجه أحمد:٨٠١٢، و الحاكم:١٥٩٥، وابن خُزيمة:٢١٦١، و البزار عن أبي هريرة، و قال شعيب الأرناؤوط: إسناده حسن.

واتە: بێگومان ڕۆژی هەینی ڕۆژی جەژنە، دەجا ڕۆژی جەژنتان مەکەنە ڕۆژی بەڕۆژوو بوونتان، مەگەر ڕۆژێك پێشی، یان دوای بەڕۆژوو بن.

کەواتە: وشەی (عید) لە قورئانو سوننەتیشدا، بۆ غەیری دوو جەژنەکەی ڕەمەزانو قوربانیش بەکارهاتوە.

ئنجا ئەگەر سەرنجی یادو بۆنەو جەژنەکانیش بدەین، لە واقیعی بەرچاودا، دەگەینەوە هەمان ئەنجام کە شارەزایانی زمان لەبارەی چەمکو واتای وشەی (عید)ەوە گوتوویانەو، وەك گوتیشمان وشەی

(عید) کە بە (أعیاد) کۆدەکرێتەوە، چەمك‌و واتای سەرجەم بۆنەو یادەکانیش لەخۆیدا کۆدەکاتەوە.

ئنجا ئایا جەژن‌و یادو بۆنەکان، لە واقیعدا چین‌و چۆنیان دەبینین؟!

پۆلێن کردنی جەژن ویادو بۆنەکان

دەتوانین جەژن ویادو بۆنەکان، بە گشتی بۆ سێ جۆری سەرەکیی پۆلێن بکەین:

جۆری یەکەم: ئەوانەی کە ڕەگ‌و ڕیشەیەکی ئایینی "بەمانا ئاسمانییەکەی"یان هەیە، بەنسبەت کۆمەڵگای مسوڵمانی ئێمەوە، وەك: هەردووك جەژنی ڕەمەزان‌و قوربان، یادی لەدایك بوونی پێغەمبەری کۆتایی ﷺ، یادی شەوڕۆو بەرزبوونەوە (الإسراء و المعراج)، کۆچکردن (الهجرة)، جەنگی بەدر، ئازادکردنی مەککە...هتد.

جۆری دووەم: ئەوانەی کە بەهۆی ڕووداو و پێشهاتێکی نەتەوەیی‌و نیشتیمانییەوە پەیداکراون، بەنسبەت کۆمەڵگای ئێمەوە، وەك: ڕاپەڕینی جەماوەریی ساڵی (١٩٩١)، کۆچڕەو، یەکەمین هەڵبژاردن لە ساڵی (١٩٩٢)دا، کارەساتی بەناو ئەنفال، کیمیایی بارانی هەڵەبجە لە ساڵی (١٩٨٨)دا،...هتد.

جۆری سێیەم: ئەوانەی کە مۆرکێکی گشتیی‌و جیهانییان هەیەو پەیوەستن بە بابەتێکی گرنگەوە، یان داکۆکییکردن لەسەر مافەکانی تۆڕێك لە خەڵك

وەك: ڕۆژی دایـــك، ڕۆژی منـــدالْ، ڕۆژی کرێکـــاران، ڕۆژی ئـــازادیی ڕۆژنامەگەریی، ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان ...هتد.

ئنجا ئەگـەر بـە وردیـی سـەرنجی هـەرکام لـەو سـێ جـۆرەی جـەژن و یـادو بۆنەکان ن بدەین، دەبینین خاڵی هاوبەشی نێوانیـان بریتیـە لـە گردبوونـەوەو کۆبوونـــەوەی خـــەڵك، چ بـــۆ خۆشـــیی‌و شـــادیی دەربـــڕین، ئەگـــەر بۆنەکـــە بیرەوەریـیـەکی خـۆش بـێ، وە چ بـۆ یادکردنـەوەو هێنانـەوە بەرچـاوی ئـەو بیرەوەریـیـە، ئەگـەر ڕووداو و کارەساتێکی نـاخۆش بووبـێ، وە چ بـۆ گرنگیـی‌و بایەخـدان بـەو بابەتـەی کـە بۆنەکـەی بـۆ دانـراوە، جـا چ ئـایینی بـێ، چ نەتەوەیی‌و نیشتیمانیی بێ، چ جیهانیی...

شـتێکی ئاشکراشـە کـە هـەموو ئـەو کـارو چـالاکییانەی لـەنێوان مرۆڤـەکان خۆیاندا دەکرێن، وەك: گردبوونەوەو کۆبوونەوە، شادیی‌و خۆشحاڵیی دەربڕین، ماتەمینیی‌و دڵتەنگیی دەربڕین، دەرس‌و پەند وەرگـرتن، داکۆکییکردن لەسـەر مافەکانی تۆێژێك...هتد. دەچنە بازنەو خانەی هەڵس وکەوت ونەرێتەکان (المعـــاملات و العـــادات)ەوەو، هـــیچ پەیوەنـــدییان بـــە خواپەرســـتییەکان (عبادات)ەوە نیە.

ئێستاش با سەرنجی ئەم سێ بەڵگەیە بدەین، لەسەر ئەوە کە جـەژن و یـادو بۆنەکان، لەبازنەی هەڵس‌و کەوت‌و عادەتەکاندان:

١- وەك پێشتریش گوتمان، سـەرجەم ئـەو کـارو چـالاکییانەی لـە بۆنـەو یـادو جەژنەکانـدا ڕوودەدەن، تایبـەتن بـە مرۆڤـەکان خۆیانـەوەو، لـەنێوان خۆیاندا ڕوودەدەن، تەنانەت دوو جەژنەکەی ڕەمەزان‌و قوربانیش، جگە لـە نوێژەکـەیان کـە دروشمێکـی ئایینییـە، کردەوەکـانی دیکـەیان وەك: سـەردان‌و چاك‌و چـۆنیی‌و پیرۆزبـایی‌و تۆقـەو گـەردن ئازادیی‌و...هتـد،

هەموویان هەڵس‌و کەوتی ئاسایی مرۆڤەکانن لەنێوان خۆیاندا، ئنجا پێغەمبەری خواش ﷺ بە ڕۆژانی خواردن‌و خواردنەوە (أيّام أكلِ و شُربِ) پێناسەی کردوون.

هەڵبەتە پاداشت لەسەر وەرگرتنەوەی ئەو کارو چالاکییە خێرو باشانەی، کە لەو بۆنەو جەژن‌و یادانەشدا دەکرێن، لەگەڵ خواپەرستیی (عبادة) نەبوونیاندا تێک ناگیرێ، چونکە وەك پێشتریش گوتمان، بە نیازو مەبەستی باشەوە، کردەوە ئاسایی‌و عادەتییەکانیش، پاداشتیان دەبێ‌و دەبنە طاعەت.

٢- پێشتر لە پێناسەی عیبادەت‌و عادەتدا هێنامان، کە عیبادەت حیکمەتەکەی دیارنیە، بەڵام عادەت‌و هەڵس‌و کەوتەکان حیکمەت‌و بەرهەمەکانیان دیارن‌و، بە زاراوەی (الشاطبي) (معقول المعنى)ن.

ئنجا کاتێک کە سەرنجی جەژن‌و یادو بۆنەکان دەدەین، دەبینن حیکمەت‌و بەرهەمەکانیان دیارو بەرچاون، وەك:

یەك: زیندوو ڕاگرتنی بیرەوەرییەکان‌و لەبیرنەچوونەوەیان، تاکو پەندیان لێوەربگیرێ، ئەگەر ناخۆش‌و تاڵ بووبن، وەك کیمیایی باران‌و، بەناو ئەنفال، وە نیعمەت‌و چاکەی خوا لەیاد نەکرێ‌و سوپاسگوزاریی بۆبکرێ، ئەگەر خۆش‌و شیرین بووبن، وەك: ڕاپەڕین‌و، هەڵبژاردن‌و، دامەزراندنی حکوومەت...

دوو: بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

سێ: گرنگیی‌و بایەخدان بە هەندێ بابەت، یان هەندێ چین‌و توێژو داکۆکییکردن لە مافەکانیان.

چـوار: خۆشـیـو شـادیی دەربـڕینو، هـەوای بـاڵی خـۆدانو پشـووداندو گەڕان..

٣- هەردووك جـەژنی ڕەمـەزانو قوربـان، هـەروەها ڕۆژەکـانی ڕاوەسـتان لـە عـەرەفـاتو سێ ڕۆژ پاش جەژنی قوربان، کە بە (أيام التشريق) ناونـراون، بـە دەقـی فەرمایشـتی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە ڕۆژانـی خـواردنو خواردنەوە (أكل و شرب) دانـراون، وە بە تایبەت هەردووك جەژن کە بـە دەقی فـەرموودەی پێغەمبـەر ﷺ کـراون بـە بـەدیلی دوو ڕۆژ کـە کـاتی خۆی خەڵکی شاری مەدینە گەمەو یارییان تێدا کـردوون، کەواتـە: مـادام دوو جەژنەکە بەدیلی ئەو دوو ڕۆژەن، دیارە هەمان ئامـانج کـە لـەو دوو ڕۆژە گـۆڕاوە (اليـومَين المُبـدَلين)دا هێنـراومتـە دی، دەبـێ لـەو دوو ڕۆژە بەدیلە (اليومين البديلين)شدا بێتە دی!

با سەرنجی ئەم فەرمایشتانە بدەین:

١- (عـن أنـس قـال: قـدِمَ الـنبيُّ ﷺ المدينـة، ولهـم يومـان يَلعبـون فيهمـا في الجاهليـة فقـال: ان الله عـزَّ وجـل قـد أبـدلكم الله بهمـا خـيراً منهمـا: يـوم النَحـر، ويـوم الفِطـر) أخرجـه أحمـد:١٢٠٢٥، وأبـوداود:١١٣٤، والنسـائي في الكـبرى:١٧٥٥، وأبـو يعلـى:٣٨٢٠، والحـاكم:١٠٩١، وقـال: صـحيح علـى شـرط مسلم، و البيهقي في شعب الإيمان:٣٧١٠.

واتـە: پێغەمبـەر ﷺ هاتـە مەدینـە، کـە خـەڵکی مەدینـە دوو ڕۆژیـان هەبوون (لەسـاڵێدا) کـە لـە ڕۆژگـاریی نەفامییـدا یارییـان تێـدا دەکـردن، فەرمووی: بێگومان خـوا "عـز و جـل" دوو ڕۆژی باشـتری بـۆ لەجێیانـدا داناون: ڕۆژی سەربڕینو، ڕۆژی ڕۆژوو شکاندن (واتـە: جـەژنی قوربـانو ڕەمەزان).

دیارە بەپێی فەرموودەکەش دیارە ئەو دوو ڕۆژەی لە ئیسلامدا، کە جەژنی ڕەمەزانو قوربانن، لەجێی ئەو دوو ڕۆژەی سەردەمی نەفامیی دانراون، مادام دوو ڕۆژەکەی پێشوو ڕۆژانی گەمەو یاریی بوون، دیارە بەدیلەکانیشیان هەروان، چونکە بەدیلو جێگرەوە دەبێ لە جینسی گۆڕاو (مُبدَل) بێ، بەڵام وادیارە ئەوان گەمەو یاریی هەڵەو ناشەرعییان تێدا کردوون، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ گۆڕیونی، ئەگەرنا نەیدەگۆڕین.

بەڵگەشمان لەسەر ئەوە کە ڕۆژانی دوو جەژنەکە یاریی‌و گەمەو تێداکردنیان ڕەوایەو، هەر لەسەر حاڵەتی ئەسڵیی خۆیان، کە گەمەو یاریی تێداکردنە، ماونەوە، دەقی فەرمایشتەکانی پێغەمبەرە ﷺ، بۆ وێنە:

٢: (عن عائشة رضي الله عنها قالت: دَخلَ رسول الله ﷺو عندي جاريتان تُغَنّيان بغناء بُعاثٍ، فاضطجع على الفراش و حوَّل وَجْهَهُ، فَدَخل أبوبكرٍ فانتهرني وقال: مِزمارُ الشيطان عند رسول الله! فأقبل عليه رسول الله ﷺ فقال: دَعْهُما، فلما غَفَلَ غَمَزْتُهما فخرجتا، وكان يوم عيدٍ يَلعبُ السّودان بالدّرَقِ والحراب، فإمّا سألتُ النبيَّ ﷺ، وإمَّا قال: تشتهين تنظرين؟ فقلت: نعم، فأقامني وراءه خدّي على خَدِّه و هو يقول: دونكم يا بني أرفدَة! حتى إذا مَللتُ، قال: حَسْبُكِ؟ قُلت نعم، قال: فاذهبي) رواه بخاري.

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ لێم وەڕووركەوت، لەوکاتەدا دوو کچ "یان دوو کەنیزەك"م لەلابوون گۆرانی ڕۆژی بوعاثیان دەگوت، ئەویش لەسەر جێگا ڕاکشاو ڕووی بەرەو ئەولا

وەرسووڕاند، ئنجا ئەبوبەکر هاتەژوورو تێیخوڕیەو گوتی: چۆن دەبێ شمشاڵی شەیتان لە لای پێغەمبەری خوا لێبدرێ؟! پێغەمبەری خواش ﷺ ڕووی تێکردو فەرمووی: لێیان گەڕێ! ئنجا کاتێک (پێغەمبەری خوا) خافڵا، ئاماژەم بۆکردنو چوونەدەرێ، وە ئەو ڕۆژە جەژن بوو، ڕەشپێستەکان بە قەڵغانانو بە نێزان یارییان دەکرد، ئنجا یان من داوام لە پێغەمبەر ﷺ کرد، یان خۆی فەرمووی:

حەزدەکەی تەماشابکەی؟ گوتم: بەڵێ، ئەویش لەپشت خۆیەوە ڕایگرتم ڕوومەتم لەسەر ڕوومەتی بوو، وە دەیفەرموو: ئەی نەوەی ئەرفیدە دەی یاریی بکەن! هەتا کاتێک ماندوو بووم، فەرمووی: بەستە ؟ گوتم: بەڵێ، فەرمووی: دە بڕۆ.

ئنجا دیارە پێشتریش لە فەرموودەی پێغەمبەرەوە ﷺ کە (أحمد و أبوداود و الترمذي و النسائي و الحاكم) هێناویانە، هێنامان کە هەر کام لە ڕۆژانی : عەرەفەو ڕۆژی سەربڕینو ڕۆژەکانی تەشریقی بە جەژنی ئەهلی ئیسلام دانەونو فەرموویەتی: (و هي أيام أكلٍ و شربٍ) وە ئەوانە ڕۆژانی خواردنو خواردنەوەن.

هەروەها لەفەرموودەیەکی دیکەدا کە پێشتر ئەویشمان هێنا، پێغەمبەری خوا ﷺ لەمسوڵمانانی قەدەغەکردوە کە ڕۆژی جومعە کە ڕۆژی جەژنە، بکەینە ڕۆژی ڕۆژوو تێدا گرتن، کە جۆرێکە لەعیبادەتو، ڕۆژی جەژنیش ڕۆژی خواردنو خواردنەوەو یاریی‌و گەمەیە: (ان يوم الجمعة يوم عيد فلا تجعلوا يوم عيدكم يوم صيامكم الاّ أن تصوموا أو يعده) رواه أحمد والحاكم وابن خزيمة والبزّار.

کەواتە:

هـەر کەسـێك دەعـوای ئـەوە بکـات کـە دوو جەژنـەکان (بێجگـە لـە نوێـژو زیکرەکان) خواپەرستیی (عبادة)ن، مانـای وایـە خـواردنو خواردنـەوەو گەمـەو یـاریی کردنـی بـە خواپەرسـتیی دانـاون، واتـە: خواپەرسـتیی بـە مانـا تایبەتییەکـەی، کـە دیـارە ئـەوەش قسـەیەکی پـووچو بـێ بنەمایـەو، خـواردنو خواردنـەوەو گەمـەو یـاریی و هاووێنـەکانیان، لـەجۆری هـەڵسو کـەوتو عادەتەکانو هـیچ پەیوەنـدییان بـە عیبادەتـەوە نیـە، هـەر چـەندە ئەگـەر بـە نیازو مەبەستی باشەوە بکرێن، پاداشتیشیان لەسەرە.

ئاگادارییەکی گرنگ

بەڵام لێرەدا پێویستە ئاگامان لە ڕاستییەکی گرنگ بێ، ئـەویش ئەوەیـە کـە دانرانی دوو جەژنەکەو سەرجەم بۆنەو یادەکان بەهەرسێك جۆرەکانیانەوە، لە بازنەو خانەی هەڵسو کەوتو نەرێتەکان (المعاملات و العادات)دا، مانـای ئـەوە نیە کە هەموویان بێ بەندو مەرج (بلا قید و شرط) ڕەواو ڕێپێدراو (مُباح و جائز)ن!

بەڵکو پێویستە سـەرنـج بـدرێنو، هـەر کامێکیـان نێـوەڕۆك، یـان شـێوازێکی ناشەرعییانەی هەبێ، بە ناڕەوا دادەنرێ، بۆ وێنە:

ئەو یاد و بۆنانەی هاوبەش بۆ خوادانان (الشرك بالله)، یان جۆرێك لە کوفر دەگەیـەنن، یـان لـە خـودی خۆیانـدا ناهـەق‌و گونـاهن، یـان بەمەبەستی ڕەواج پێـدانو بانگەشـەکردن بـۆ شـتی حـەڕامو نـاڕەوا ئـەنجام دەدرێن...هتـد، ئـەوە بێگومـان قەدەغـەن، بـەڵام نـەك لەبەرئـەوەی پێیـان دەگـوترێ: جـەژنو یـادو بۆنەو، ئەوانەش خواپەرستیینو هەرچی تێیاندا زیـاد بکـرێ بیدعەتـە! بـەڵکو

لـه سـۆنگەی ئـەوەوە کـه نێـوەرۆکو شـێوازێکی ناشـەرعییانەیان هەیـەو، بـۆ ئامانجێکی ناشەرعیی دەکرێن.

بەڵێ، ئەگەر کەسێك یەکێك لە بۆنەو یادە ئیسلامییەکان بـۆ نموونـە: یـادی لـەدایك بـوونی پێغەمبـەر (ذکـری مولـد الـنبي) ﷺ بەهەڵـە بـەجۆرێك لـە عیبـادەت دابنـێ، ئـەوە بێگومـان یادکردنەوەکـەی بـە بیدعـەت دادەنـرێو، بیدعەتیش هەمووی گومڕاییو خراپە بەبێ هـەڵاواردن (بـدون اسـتثناء)، وەك لە بنەمای نۆیەمدا قسەی لەبارەوە دەکەین.

بنەمای نۆیەم:

بیدعەت

تایبەتە بە هەردووك بواری

عەقیدەو عیبادەتەوە

هۆکـاری سـەرەکیی بەهەڵەداچـوونی ئەوانـەی کـە سـەرجەم یـادو بۆنـەو جەژنەکانیان "جگە لەوانەی دەقێکی شەرعییان لەسەرە" بـە قەدەغـەو نـارەوا داناون، ئەوەیە کە یـادو بۆنـەو جەژنـەکانیان بەگشتی بـەجۆرێك لـە عیبـادەت داناوەو، دیارە عیبادەتیش ئەگەر دەقێکی شەریعەتی ڕوونو بێ چەندوچـوونی لەسەر نەبێ، بە زیادەو پەیداکراو (محدثـة)و داهێنـراو (بدعـة) دادەنـرێو، بـە دەقی فەرموودەی پێغەمبەری خواش ﷺ هەموو پەیـداکراو و داهێنراوێك لـە ئایینـدا گومڕایی‌و گوناهو ناشەرعییە.

بۆیە بە پێویستم زانی ئەم بنـەمای نۆیەمـە بریتـی بـێ لـە ڕوونکردنـەوەی چەمك‌و واتای بیدعەت‌و، خستنە ڕووی ئەو ڕاستییە کـە بیدعـەت تایبەتـە بـە عەقیـدەو عیبادەتـەوەو، هـیچ پەیوەنـدیی بـە بـواری هـەڵس‌و کـەوت‌و نەرێتەکانەوە نیەو، پێشتریش ڕوونمان کردەوە کە جـەژن‌و بۆنـەو یادەکـان، لـە بازنـەو خانـەی هـەڵس‌و کـەوت‌و عادەتەکانـدان‌و، هـیچ پەیوەنـدییان بـە خواپەرستییەوە نیە.

پێناسەی (بـدعـة):

١- (راغب الأصفهاني) لەبارەی وشەی (إبداع)ەوە گوتوویەتی:

(الإبداع: إنشاءُ صَنعةٍ بلا احتذاء و اقتداء و منه قيل: رَكِيَّةٌ بديع، أي: جديدة الحَفْرِ، و إذا استعمل في الله تعالى، فهو إيجاد الشيء بغيرِ آلةٍ و لا مادة و لا زمان، و لا مكان وليس ذلك إلاّ لله.

والبـديع يقـال للمُبْـدِع نحـو قولـه تعـالى:﴿ بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ...﴿١١٧﴾ ﴾ البقرة، ويقال للمُبْدَع نحو: رَكِيَّةٌ بديع، و كذلك البدْع

يقال لهما جميعاً، بمعنى الفاعل، و المفعول و قوله تعالى:﴿ قُلْ مَا كُنتُ بِدْعًا مِّنَ ٱلرُّسُلِ... ﴿٩﴾ ﴾ الأحقاف، قيل معناه: مُبْدَعاً لم يتقدَّمني رسول، وقيل: مُبدِعاً فيما أقوله.

والبدعة في المذهب: إيرادُ قولٍ لم يَستنَّ قائلُها و فاعلُها فيه بصاحب الشريعة و أمائلها المُتقدِّمة و أصولها المتقنة...)[1]

واتە: (إبداع) دروستكردنێكە كە شوێنكەوتنو چاولێكردنی تێدا نەبێ، لەوەوەش گوتراوە: (ركية بديع) واتە: بیرێك كە تازە هەڵكەندرابێ.

وە ئەگەر وشەی (إبداع) بۆ خوای بەرز بەكاربێ، ئەوە دروستكردنی شتێكە بەبێ ئامرازو بێ كەرەستەو بێ كاتو بێ شوێن، ئەوەش بەس بۆ خوایە.

وە (بديع) بۆ پەیداكەر (مُبْدِع) بەكاردێ، وەك قسەی خوای بەرز ((پەیداكەری ئاسمانەكانو زەوییە)) البقرە-١١٧-، وە بۆ پەیداكراو (مُبْدَع)یش بەكاردێ، وەك: (ركية بديع) بیرێكی تازە لێدراو، وە وشەی (بدع) بۆ هەردووكیان دەبێ: بكەرو بەركار، وە قسەی خوای بەرز: ((بلێ من (بدع) نیم لە پێغەمبەران)) الأحقاف-٩-.

گوتراوە یانی: تازە پەیداكراو نیم كە لە پێش من هیچ پێغەمبەر نەهاتبن، وە گوتراوە یانی: پەیداكەر نیم لەوەدا كە دەیلێم.

وە بیدعەت لە ئایینداداهێنانی شتێكە كە بێژەرەكەی و ئەنجامدەرەكەی، تێیدا خاوەنی شەریعەتو وێنە پێشووەكانی و بنەما چەسپاوەكانی نەكردۆتە پێشڕەو و چاوساغی.

١- مفردات ألفاظ القرآن، ص١١١،١١٠.

٢- (العزّ بن عبدالسلام) ئاوا پێناسەی بیدعەتی کردوە:

(البدعة: فعل ما لم يُعهَد في عصر رسول الله ﷺ).[١]

واتە: (بیدعەت) بریتیە لە کردنی شتێك کە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ نەبووبێ.

جا دیارە (العز بن عبدالسلام) یەکێکە لەو زانایانەی کە ڕایان وایە وشەی بیدعەت چەمك و واتایەکەی فراوانەو هەموو پەیداکراو و داهێنراوێك دەگرێتەوە، چ چاك بێ چ خراپ، بۆیە ڕایان وایە کە (بیدعەت) پێنج حوکمە شەرعییەکانی بەسەردا دەچەسپن، بەڵام وەك دوایی ڕوونی دەکەینەوە، ئەو ڕایە ڕاست نیەو، ڕاست ئەوەیە کە چەمك و واتای وشەی بیدعەت تایبەتییەو، بیدعەتیش چاکی تێدانیەو هەمووی خراپە، وەك فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ بەڕاشکاویی گوتوویانە.

کەواتە:

ئەو پێناسەیەی (سلطان العلماء) بۆ بیدعەت، کاتێك ڕاست دەردەچێ کە بڵێین:

مەبەست لە: (کردنی شتێك کە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ نەبووبێ) هەر شتێکە کە لە هەردووك بواری عەقیدەو عیبادەتدا بێ، نەك تێکڕای بوارەکانی دینو ژین بەگشتی.

٣- (الشاطبي)یش لە پێناسەی بیدعەتدا گوتوویەتی:

(هي طريقة في الدين مُخْتَرعَةٌ تُضاهي الشرعية يُقصدُ بالسُّلوك عليها المبالغة في

---

١ – القواعد الكبرى، ج٢، ص٣٣٧.

التَّعبُّد لله)[1] .

واتە: رێچکەیەکە لە دیندا دادەهێنرێ لەبەرانبەر رێبازی شەرعیی دایە، مەبەست لە گرتنەبەری زێدەڕۆیی کردنە لە پەرستنی خوادا.

٤- (ابن باز)یش لەوبارەوە بەمجۆرە پرسیاری لێکراوەو وەڵامی داوەتەوە:

(السؤال: متى يُوصَفُ العَملُ بأنّه بدعة في الشرع المطَهَّر، وهل إطلاق البدعةِ يكون في أبواب العبادات فقط، أم يشمل العبادات و المعاملات؟!

الجواب: البدعة في الشرع المطهَّر هي كل عبادة أحدثها الناسُ ليس لها أصلٌ في الكتاب و لا في السنة لقول النَّبي ﷺ: ((مَنْ أحدثَ في أمرِنا هذا ما ليس منهُ فهوَ ردٌّ)) وتطلق البدعة في اللغة العربية على كل مُحدَثٍ على غير مثال سابقٍ، لكن لايتعلق بها حكم المَنْع إذا لَمْ تكُنْ منَ البِدَعِ في الدين، أمّا في المعاملات فما وافق الشرع منها فهوَ عَقدٌ شرعي و ماخالفَه فهوَ عقدٌ باطلٌ، ولايُسمَّى بدعة في الشرع لأنّه ليسَ من العبادة)[2].

واتە: پرسیار: ج کاتێك لە شەریعەتی پاکدا کردەوەیەك بە بیدعەت دادەنرێ، وە ئایا وشەی بیدعەت تەنیا لەبواری عیبادەتدا بەکاردێ، یان گشتگیرە بۆ خوا پەرستییەکانو هەڵسوکەوتەکان ؟!

وەڵام: بیدعەت لە شەریعەتی پاکدا: بریتیە لە هەر جۆرە خواپەرستییەك کە خەڵك پەیدای دەکەنو بنەمایەکی لە کتێبو لە سوننەتدا نیە، لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: ((هەرکەسێك لەم دینەماندا شتێك دابێنێ کە پێی ناموّ بێ، ئەوە ڕەتکراوەیە)).

١- الإعتصام، ص ٥٠.

٢- فتاوى علماء البَلد الحرام، ص ٩٨٣.

وه وشەی بیدعەت لە زمانی عەرەبید بۆ هەر داهێنراوێکی بێ پێشینە بەکاردێ، بەڵام ئەگەر لەبواری دینداریی (خواپەرستیی)دا نەبوو، حوکمی ڕێڵێگیران نایگرێتەوە، بەڵام لەبواری هەڵس‌و کەوتەکاندا هەرشتێك بەپێی شەرع بێ، ئەوە گرێبەستێکی شەرعییە، وە هەرشتێك پێچەوانەی شەرع بێ، گرێبەستێکی بەتاڵە، بەڵام لە شەرعدا پێی ناگوترێ بیدعەت، چونکە لەبواری عیبادەتدا نیە.

٥- (ابن عثیمین)یش لەوبارەوە گوتوویەتی:

(البدعة شرعاً ضابطها: التعبُد لله بما لم يُشَرِّعْهُ الله، و إن شئت فقل: التعبُد لله تعالى بما ليس عليه النبي ﷺ ولا خلفاؤه الراشدون، فالتعريف الأول مأخوذ من قوله تعالى: ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُا۟ شَرَعُوا۟ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ...﴿٢١﴾ ﴾ الشورى، والتعريف الثاني مأخوذ من قول النبي ﷺ: ((عليكم بسُنَّتي و سُنَّة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي تمسَّكوا بها و عَضُّوا عليها بالنواجد، وإياكم و مُحدثات الأمور...))، فكل مَنْ تعبَّد لله بشيء لم يُشَرِّعْهُ الله، أو بشيء لم يكن عليه النبي و خلفاؤه الراشدون، فهو مُبتدِع سواء كان ذلك التعبُد فيما يتعلق بأسماء الله و صفاته أو فيما يتعلق بأحكامه و شرعه، أمّا الأمور العادية التي تتبع العادة و العرف، فهذه لاتسمّى بدعة في الدين، و إن كانت تسمّى بدعة في اللغة)[1].

واتە: بیدعەت لە زاراوەی شەرعدا پێناسەکەی: پەرستنی خوایە بە شتێك کە خوا داینەنابێ، دەشتوانی بڵێی: پەرستنی خوای بەرز بە

١- فتاوى علماء البلد الحرام، ص٩٨٦.

شـتێكو بەشـێوەیەك كـە پێغەمبـەر ﷺو جێنشـینە سەرپاسـتەكانی لەسەری نەبووبن.

جا هەرچی پێناسەی یەكەمە ئەوە لە فەرموودەی خوای بەرز وەرگیراوە كە فەرموویەتی: ((یان ئایا چەند هاوبەشێكیان هەن كە بەرنامەیەكیان لـە ئـایین بـۆ دانـاون كـە خـوا مۆڵـەتی لەسـەر نیـە؟!)) الشـوری-٢١-، وە پێناسـەی دووەم لـە فـەرموودەی پێغەمبـەر ﷺ وەرگـیراوە، كـە فەرموویـەتی: ((رێبـازی مـنو رێبـازی جێنشـینە سەرپاسـتە رێنمـایی كراوەكـانی دوای مـن بگـرن، تونـد دەسـتی پێبگـرنو ددانـانی لەسـەر رۆبگرن، وە خۆتان لە شتی پەیداكراو دوور بگرن...)).

كەواتـە: هـەر كەسـێك بەشـتێك بەندایـەتیی بـۆ خـوا بكـات كـە خـوا داینـەنابێ، یـان بـە شـتێك كـە پێغەمبـەرو جێنشـینە سەرپاسـتەكانی لەسـەری نـەبووبن، ئـەوە بیدعەتچـییە، ئنجـا یەكسـانە ئـەو پەرسـتنە پەیوەسـت بـێ بـە نـاو و سـیفەتەكانی خـواوە، یـان پەیوەسـت بـێ بـە بەرنامەكەیو یاساكانییەوە.

بەڵام كاروباری ئاسایی كە شوێن عادەتو باو دەكەون، ئەوە بـە بیدعـەت ناونابرێن، هەرچەندە لەڕووی زمانەوانیشەوە بە بیدعەت ناونابرێن.

دیارە ئەوەی لـە كۆی ئـەو پێناسـانەی زانـاو پێشـەوایانی ئیسـلامەوە بـۆ بیدعەت دەستگیردەبێ ئەوەیە كە:

{بیدعەت تایبەتە بەبواری عیبادەتەوە، واتە: بـەبواری مامەڵـەی مرۆڤـ لەگـەڵ خـوای بـەرزو بـێ وێنـەدا، چ مامەڵـەی فیكریـی، چ مامەڵـەی كردەیـی، واتـە: چ لـەبواری ئیمـانو عەقیـدەدا، كـە بێگومـان ئیمـانو عەقیـدە بناغـەی خواپەرسـتییو بەندایـەتیی كردنـە بـۆ خـوا، وە چ

لەبواری دروشمەکان (شعائر)دا، وە بیدعەت هیچ پەیوەندیی بەبواری هەڵس‌و کەوت‌و عادەتەکانەوە نیە، کە بواری مامەڵەو هەڵس‌و کەوتی مرۆڤەکانە لە بەینی خۆیاندا}.

ئنجا لێرەدا ڕەنگە یەکێك بپرسێ:

ئەدی چی لە قسەی ئەو زانایانە دەکەی کە گوتوویانە: بیدعەت دوو جۆرە:

١- بیدعەتی باش (البدعة الحسنة).

٢- بیدعەتی خراپ (البدعة السَّيئة).

وە چی لە قسەی ئەو زانایانە دەکەی کە گوتوویانە: بیدعەت پێنج حوکمە شەرعییەکان (الأحكام الشرعية الخمسة)ی بەسەردا دەچەسپن؟!

واتە: وێڕای بیدعەتی حەڕامو ناپەسند (مكروه)، بیدعەتی ڕەوا (مباح) و پێویست (واجب)و پەسند (مُستَحَبَ)یش هەیە؟!

وە زانایانی وەك:

(النَّووي) و (ابن حَجَر العَسقَلاني) و (العز بن عبدالسلام) و (ابن حَجَر الهَيتمي)یشیان لەنێودا هەن؟!

لە وەڵامدا دەڵێین:

مادام پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (أمَّا بَعدُ، فَإنَّ خير الحديث كتاب الله و خَيرَ الهَدْيِ هَدْيُ محمدٍ ﷺو شرَّ الأمورِ مُحْدَثاتُها، وكلَّ بِدعةٍ ضلالة) رواه مسلم: ٨٦٧، عن جابر بن عبدالله رضي الله عنهما.

واتە: پاش ستایشی خوا، بێگومان چاکترین قسە کتێبی خوایە، وە باشترین ڕێباز ڕێبازی موحەممەدە ﷺ، وە خراپترین شت پەیداکراوانن، وە هەموو داهێنراوێك (لەدینداریی) گومڕاییە.

هەروەها مادام فەرموویەتی: (مَنْ أحدَثَ في أمرنا هذا ما ليسَ منه فهوَ رَدٌّ) رواه البخاري: ٢٦٩٧، ومسلم:١٧١٨، واتە: هەر کەس شتێك لەم کارەی ئێمەدا پەیدابکات کە لەو نەبێ، ئەوە ڕەتکراوەیە.

هەروەها فەرموویەتی: (مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لیسَ علیه أمرُنا فهوَ ردٌّ) رواه مسلم:١٧١٨، واتە: هەر کەسێك کردەوەیەك بکات کە فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێ، ئەوە ڕەتکراوەیە.

کە هیچ گومانی تێدا نیە مەبەست لە (أمرنا هذا) و (أمرُنا) لایەنی دینداریی و خواپەرستیی مسوڵمانەیێتیە، بەهەردووك جۆری ئیمانو عەقیدەو دروشمەکانەوە، چونکە خواو پێغەمبەری خوا ﷺ لەو دوو بوارەدا خاڵیان خستوونە سەر پیتان (وضعا النقاط على الحروف)، وە هەر شتێك لەو دوو بوارەدا دابهێنرێ، زیادەیەو ناپێویستەو ڕەتکراوەیە.

بەڵێ، ئنجا مادام پێغەمبەری خوا ﷺ بەڕوونو ڕاشکاویی ڕایگەیاندوە کە هەموو پەیداکراو و داهێنراوێك "لەبواری دینداریدا بە مانا تایبەتییەکەی" گومڕاییو ڕەتکراوەیە، بگرە خراپترین شتە: (وشرُّ الأمور مُحدَثاتها)، کەواتە: هەرچییەك پێناسەی بیدعەت بیگرێتەوە، خراپو گومڕاییو ڕەتکراوەیە.

بەڵام ئەدی بۆچی هەندێك لەزانایان پێیان وایە بیدعەتی چاكو خراپ هەیە؟!

وەڵامەکەی ئەوەیە کە:

ئەو زانایانە چەمكو واتای (بدعة)یان زۆر فراوان کردوە، کە هەرچی شتی داهێنراو و پەیداکراوە جێگای تێدابۆتەوە، ج لەبواری خواپەرستییدا بێ، ج لەبواری هەڵسو کەوتو عادەتەکاندا، واتە:

ئـەوان وشـەی (بدعـة)یـان بـەمانا زمانەوانییەکـەی (بمعناهـا اللُغـوي) بـەکارهێناوە، کـە وشـەی (بدعـة) بـەمانا زمانەوانییەکـەیو لەئەسڵی زمانـدا، بەهەر جۆرە داهێنراو و پەیداکراوێك دەگوترێ، چ لەبواری خواپەرستییدا بـێ، چ لـەبواری هـەڵس‌و کـەوتو عادەتـدا، هـەر بۆیـەش زانایـەکی وەك (العـز بـن عبدالسّلام) کاتێك باسی جۆرەکانی بیدعەت دەکاتو، بۆ پێنج جۆریـان دابـەش دەکات، چوار وێنە بۆ بیدعەتی پێویست (البدَع الواجبـة) دێنێتـەوە، کـە هـیچ پەیوەندییان بە بیدعەتەوە نیـە، بـەو پێناسـەیەی کـە لـە زانایانـەوە هێنامـان، چونکە ئەو دەڵێ:

(وللبدَع الواجبة أمثلة:

أحَدُها: الإشتغال بعلم النَّحو، الذي يُفْهَم بهِ كلامُ الله و كلامُ رسوله ﷺ.

المثال الثاني: حفظ غريب الكتاب و السُنَّة من اللغة.

المثال الثالث: تدوين أصول الفقه.

المثال الرابع: الكلام في الجرح و التعديل لتمييز الصَّحيح من السَّقيم.)[1]

وەك دەبینین، فێربوونی هەرکام لە زانستەکانی:

١- ڕێزمانی عەرەبیی.

٢- وشە ناموّکانی قورئانو سوننەت.

٣- نووسینەوەو دانانی (أصول الفقه).

٤-باسـی حـاڵی ڕاوییـەکانی دەقـەکانی سـوننەت، لـەڕووی متمانـە پێکـرانو پێنەکرانیانەوە.

بەبیدعەتی پێویست دەزانێ، لەحاڵێکدا کە ئەمانـەو هاووێنـەکانیان دەچـنە

---

[1]- القواعد الكبرى: الموسوم بـ(قواعد الأحكام في مصالح الأنام، ج٢، ص٣٣٧.

بازنەی بەرژەوەندییە ڕەهایەکان (المصالح المرسلة)ەوە، هیچ پەیوەندییان بە بیدعەتەوە نیە، چونکە هیچ کامیان پەیوەندییان بە مامەڵەکردن لەگەڵ خوادا نیەو، لەبواری عەقیدەو عیبادەتدا نین.

ئنجا هەرچەندە لەڕووی زمانەوە سەرجەم داهێنراو و پەیداکراوەکان بە بیدعەت دادەنرێن، بەڵام ئەوەی ڕێمان لێدەگرێ کە چەمك و واتای بیدعەت لەسەر بناغەی واتا زمانییەکەی هێندە فراوان بکەین، کە هەموو پەیداکراو و داهێنراوەکان بگرێتەوە، ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ تێکڕای داهێنراو و پەیداکراوەکان (کل البدع و المحدثات)ی بە خراپترین شتو بە گومڕایی دانـاون (وشَرَّ الأمور مُحْدَثاتها و کلّ بدعة ضلالة)، ئاشکراشە کە داهێنراو و پەیداکراوەکانی بواری هەڵسو کەوتەکان، هەموویان خراپو گومڕایی نینو چاك و خراپیان تێدایە.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ داهێنانو پەیداکردنی خراپو ناشەرعیی، بە بەند (قید)ی (أمرنا هذا) و (أمرنا)ەوە بەستۆتەوە، کە وەك گوتمان مەبەست پێی بواری دینداریی تایبەتە کە عەقیدەو خواپەرستییە.

ئێستاش زۆرباش ڕوونبۆوە کە بیدعەت هیچ پەیوەندیی بە بواری هەڵسو کەوتو نەرێتەکانەوە نیەو، تەنیا لەبازنەی عەقیدەو عیبادەتدایەو، هەر بۆیەش بیدعەت هەمووی خراپەو هەمووی هەر گومڕاییە، چونکە لە هەردووك بواری ئیمانو عەقیدەو دروشمەکاندا، کە دەتوانین بە وشەی: خواپەستیی فیکریی و کردەیی، تەعبیری لێبکەین، خواو پێغەمبەری خوا خاڵیان خستۆتە سەر پیتانو، هیچ بواری پەیداکردنو داهێنانیان تێدا نیە، بۆیە هەر شتێك لەو دوو بوارەدا پەیدابکرێو دابهێنرێ، بە زیادەو خراپو گومڕایی دادەنرێ.

بـەڵام بـواری هـەڵس‌و کەوتـەکان‌و عادەتـەکان، کـە سـەرجەم لایەنـەکانی حـوکم‌و سیاسـەت‌و ئـابوریی‌و کۆمەڵایـەتیی‌و جـەنگ‌و ئاشـتیی دەگرنـەوە، لـە سـۆنگەی ئـەوەوە کـە لـە مـەودای عـەقڵ‌و ئـەزموونی مرۆڤـدان، شـەریعەت نەچـۆتە نێـو وردەکارییـەکانیان‌و بـە دانـانی چوارچـێوەیەکی فـراوان‌و، چـەند بنەمایـەکی سـەرەکیی لێیـان گـەڕاوە، بۆیـە بـواری زۆر هەیـە بـۆ داهێنـان‌و پەیداکردن تێیانداو، سەنگی مەحـەکیش لـەو بـوارەدا هێنانـەدی بەرژەوەنـدیی (تحقیق المصلحة)یە.

ئنجا پێشتریش خستمانەڕوو کە یـادو بۆنـەو جەژنـەکان لـە بازنـەو خانـەی هـەڵس‌و کـەوت‌و نەرێتەکانـدان، کەواتـە: یـادو بۆنـەو جەژنـەکان هـیچ پەیوەنـدییان بـە بیدعەتـەوە نیـە، مەگـەر کەسێك بـە نـەزانیی، یـەکێك لـەو بۆنانە بە جۆرێك لە خواپەرستیی دابنێ، ئەوکاتە دەڵێین:

ئەو کارو ڕەفتارەی بەپێی گومان‌و تێگەیشتنی هەڵـەی خـۆی، بـە بیدعـەت دادەنرێ، هەرچەندە لەبنەڕەتیشدا وانیە.

بنەمای دەیەم:

هەرکات حوکمێکی شەرعیی

لەسەر بناغەی عورف و عادەتێك بنیات نرا،

بە گۆڕانی عورف وعادەتەکە ئەو حوکمەش دەگۆڕێ

ئەم بنەمایەش یەکێکە لەو بنەما شەرعییانەی کە تێکڕای زانایانی ڕۆچوو بە زانستدا لەسەری پێکهاتوون و، چاك لێتێگەیشتنی و پێوە پابەندبوونیشی، کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە واقیعیی بوونی مسوڵمانان و، بەجێ نەمانی دینیان لە ژینیان.

شایانی باسیشە هەندێك لە زانایان بەمجۆرە تەعبیریان لەم بنەمایە کردوە: (لایُنکَرُ تغَیُّر الأحکام بتغَیُّر الأزمان) واتە: نکوولێی ناکرێ لە گۆڕانی حوکمەکان بەهۆی گۆڕانی ڕۆژگارەکانەوە.

زانایەکیش کە زۆر گرنگیی و بایەخی بەم بنەما شەرعییە داوەو، هەوڵی ڕوونکردنەوەو جێگیرکردنی داوە، لە عەقڵی مسوڵمانانداا بەگشتی و زانایانیاندا بەتایبەت، بریتیە لە (القرافي)، بۆ وێنە لەوبارەوە گوتوویەتی:

(انَّ إجراء الأحكام التي مدركها العوائد مع تغيّر تلك العوائد، خِلاف الإجماع و جهالة في الدين، بل كل ما هو في الشريعة يَتْبَعُ العوائدَ، يَتَغيّر الحكم فيه عند تغيُّر العادة إلى ماتقتضيه العادة المتجدِّدة، وليس هذا تجديداً لاجتهادٍ من المقلِّدين، حتى يُشتَرَط فيه أهلية الإجتهاد، بل هذه قاعدة إجتهد فيها العُلماءُ و أجمعوا عليها، فنحن نَتْبَعهُم فيها من دون استئناف اجتهادٍ...)[1]

واتە: بێگومان جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە لەسەر بناغەی عادەتو باوەکان دامەزراون، لەکاتی گۆڕانی عادەتو باوەکاندا، پێچەوانەی یەکدەنگیی (زانایان)و نەزانییە لە ئایینداا، چونکە سەرجەم یاساکانی شەریعەت، کە شوێن عورفو عادەتەکان دەکەون، لەکاتی گۆڕانی عورفو عادەتەکەدا، دەگۆڕێن

١- (الإحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام، وتصرفات القاضي و الإمام) ص٢١٩،٢١٨.

بەرەو ئەوەی کە عادەتو باوە تازەکە دەیخوازێ.

وە ئەمەش کۆشش (إجتهاد)ێکی تازەی لاساییکەرەوان (مقلدین)، نیە تاکو پەکی لەسەر شایستەیی کۆششکردن (أهلیة الإجتهاد) بکەوێو تێیدا بەمەرج بگیرێ، بەڵکو ئەوە بنچینەیەکە زانایان ئیجتیهادیان تێداکردوەو لەسەری رێککەوتوون‌و، ئێمەش لەوەدا شوێنیان دەکەوین، بێئەوەی ئیجتیهادی تازەی بۆ بکەین.

پاشان (القرافي) هەر لەوبارەوە دەڵێ:

(وكذلك الإطلاق في الوصايا و الأيمان و جميع أبواب الفقه المحمولة على العوائد، إذا تَغَيَّرت العادة تَغيَّرتِ الأحكام في تلك الأبواب، وكذلك الدَّعاوى إذا كان القولُ قول من ادّعى شيئاً لأنه العادة، ثم تَغيَّرت العادة، لم يَبْقَ القولُ قولَ مُدَّعيه بل انعكس الحال فيه)[1].

واتە: هەروەها هەمان بنەما لە وەصیەتەکان‌و سوێندخواردنەکان‌و تێکڕای بوارەکانی شەرعدا، کەلەسەر بناغەی عادەت‌و باوەکان دامەزراون، هەرکات عادەتەکە گۆڕا، یاسا شەرعییەکانی ئەو بوارانەش دەگۆڕێن، وە هەروەها دەعوایەکان ئەگەر بەگوێرەی عورف‌و عادەت، قسە قسەی دەعواکەری شتێك بووبێ، پاشان عورف‌و عادەتەکە گۆڕا، ئەوکاتە قسە قسەی دەعواکەر نامێنێ، بەڵکو حاڵەتەکەی تێدا پێچەوانە دەبێتەوە.

شایانی باسیشە ئێمە لە بەشی سێیەمی ئەم باسەدا کە تایبەتمان کردوە بە قسەکردنەوە لەبارەی بۆنەی نەورۆز، باسی چۆنیەتی چەسپاندن (تطبيق)ی ئەم بنەما شەرعییە دەکەین، بەسەر بۆنەی نەورۆزو هەر بۆنەیەکی دیکەشدا،

١- هەمان سەرچاوە، ص٢١٩.

که ڕەنگە کاتی خۆی بەشێوەیەك داهێنرابێ و حوکمێکی بووبێ، بەڵام پاش گۆڕانی ئەو هەل و مەرج و عادەت و باوەی ئەوکاتەو، پەیدابوونی عادەت و باوێکی دیکەو، هەل و مەرجێکی دیکەی جیاواز لە هی ئەوکاتە، حوکمەکەشی دەگۆڕێ، وە وەك (القرافي) گوتوویەتی: "کە زانایەکی ناوداری مالیکیی مەزهەبە" ئەم بنەمایە زانایان لەسەری یەکدەنگن و ڕێککەوتوون و پێچەوانەکەیشی نیشانەی نەشارەزایی و بێ ئاگاییە لە دین!

ئەنجامگیریی:

بەڕێزان !

ئێستا پاش خستنە ڕووی ئەو دە (١٠) بنەما گەورەو گرنگە، دەتوانین بڵێین:

جەژنو یادو بۆنەکان بەگشتیو بە هەرسێك جۆرەکانی: ١- ئایینیو، ٢- نیشتیمانییو نەتەوەییو، ٣- جیهانییەوە، لە خانەو بازنەی هەڵسو کەوتو عادەتەکاندان، کە بناغە تێیاندا ڕێپێدرانو ڕەواییە، مەگەر شتێك بەڵگەیەکی شەرعیی ڕوونو بێ چەندو چوونی لەسەربێو قەدەغەی کردبێ.

وە سەنگی مەحەك لەبواری هەڵسو کەوتو عادەتەکاندا، بریتیە لە هێنانەدی بەرژەوەندیی (تحقیق المصلحة) کە ئەویش، یان هێنانەدی سوودەکانە، یان لاچوونی زیانەکان (جَلبُ المنافع أو دفع المضار) یان هەردووکیانە وێکڕا، بۆیە لەبواری جەژنو بۆنەکاندا سەرنج دەدەین:

١- بۆ جەژن وبۆنە ئایینیەکان:

ئەگەر بەجۆرێك بوون کە لە چوارچێوەی شەریعەتدا بوونو ئامانجە شەرعییەکانیان پێ دەهاتنەدی، وەك: ١- زیاتر دامەزراندنی ئیمان، ٢- یادی خوا کردن، ٣- شارەزابوون لە قورئان، ٤- زیاتر ئاشنا بوون بە پێغەمبەری خوا ﷺ، ٥- بەرپەرچدانەوەی گومانو تۆمەتەکان، ٦- ڕەواج پێدانی یاساکانی شەریعەتو ڕەوشتو بەها بەرزەکان، ٧- هاندانی مسوڵمانان بۆ دینداریی چاکترو پابەندیی زیاترو...هتد.

٢- بۆ جەژن وبۆنە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان:

ئەگەر لە خودی خۆیاندا ناشەرعیی نەبوون‌و دەشبوونە مایەی:

١- یادکردنەوەی چاکەو نیعمەتەکانی خوا.

٢- دەرس‌و پەندوەرگرتن لە مێژوو و ڕابردوو.

٣- داکۆکییکردن لە مافە ڕەوایەکان.

٤- شارەزایی‌و بەرچاو ڕوونبوونەوە بەنسبەت ڕووداو و کارەساتێك.

٥- بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی‌و نەتەوەیی‌و نیشتیمانییەکان.

٦- بەرگرییکردن لە نیشتیمان‌و نەتەوە،..هتد.

٣- بۆ جەژن وبۆنە جیهانییەکان:

ئەگەر لەخودی خۆیاندا ڕەوابوون‌و دەشبوونە هۆکاری:

١- بەرگریی کردن لە بەها بەرزەکانی وەك: دادگەریی، ئازادیی، یەکسانیی، ڕێزو حورمەتی مرۆڤ، بەزەیی‌و سۆز...

٢- لەسەرکردنەوەی تۆێژێکی دیاریکراو و دابین کردنی مافەکانی، بۆ نموونە: دایکان، منداڵان، کەمئەندامان، زیندانییان، ڕۆژنامە نووسان، بەسااڵداچوان...

٣- گرنگیی‌و بایەخدان بە بابەتێك کە بەرژەوەندیی گشتی تێدایە، وەك: ئاشتیی‌و تەبایی، پاراستنی ژینگە، بنبڕکردنی ماددە سڕکەرەکان، بنبڕکردنی جگەرەکێشان...

٤- بەیەك ئاشنابوون‌و یەکدی ناسین، لەسەر ئاستی نەتەوەو کۆمەڵگایەکان...

بـەڵێ، هـەرکات بۆنـەو جـەژنو یـادە ئـایینیو نەتـەوەییو نیشـتیمانییو جیهانییەکان، بەو جۆرە بوون کە ئاماژەمان پێیان کردو، چەند نموونەیـەکمان لێ خستنە بەرچاو، واتە:

بەجۆرێك بوون کە ئامانجە شەرعییەکانیان دەهێنایە دی، ئەوە وەك زانایان گوتوویانـە: بەرژەوەنـدیی لـە کـوێ بـێ، شـەریعەتیش لەوێیـە (أینمـا وجـدت المصـلحة فـثمّ شـرع الله)، وە بـە شـەرعییو ڕەوا دەدەنـرێن، چـونکە سـەنگی مەحەك لەبواری هەڵسو کەوتو عادەتەکاندا هێنانەدی بەرژەوەندییە.

بەڵام ئەگەر وانەبوون، ئەوە حوکمەکەیان دەگـۆڕێو، بـەگوێرەی نێـوەڕۆك و جەوهەرەکەیان حوکمیان دیاریی دەکرێ.

شایانی باسیشە ئەوەی لێرەدا گوتمان، سەرجەم جەژنو بۆنەکان دەگرێتـەوە بـە نەورۆزیشـەوە، بـەڵام لەبەرئـەوەی جـەژنو بۆنـەی نـەورۆز مشـتو مـڕی زیاتری لەبارەوە کراوەو دەکرێ، بەباشم زانی بەشی سـێیەمی ئـەم کتێبـەی بـۆ تەرخان بکەینو تیشکی زیاتری بخەینەسەر.

بەشی دووەم

هەڵسەنگاندنو لەبیّژینگدانی
بەڵگەو قسەکانی ئەوانەی
سەرجەم یادو بۆنەکان بە حەڕام دەزانن،
بیّجگە لەهەردوو جەژنی
ڕەمەزانو قوربانو ڕۆژی جومعە.

بەڕێزان !

لەم بەشی دووەمەدا سەرنجی قسەو بەڵگەکانی هەندێك لەو زانایانە دەدەین، کە پێیان وایە دروست نیە مسوڵمانان جگە لە دوو جەژنەکان (عید الفطر و عید النّحر)و ئەو ڕۆژانەی دیکە کە دەقیان لەسەرە، دروست نیە بەشداریی هیچ یادو بۆنەو جەژنێکی دیکە بکەن، چ ئایینی بن چ دنیایی.

پاش سەرنجدانیشم لە قسەکانی ئەو جۆرە زانایانە، بۆم دەرکەوت کە ئەوانە بەگشتی سێ جۆرە بەڵگان دێننەوە، بۆ ئیسپاتی ناڕەوابوونی یادو بۆنەکان بەگشتی، جگە لەوانەی دەقیان لەسەر هاتوە، کە وەك دوایی لە (إبن عُثیمین)ەوە دەیهێنین، دەڵێ: تەنیا جەژنی ڕەمەزانو جەژنی قوربانیی سەربڕینو ڕۆژی جومعەن- ئەو سێ جۆرە بەڵگانەش ئەمانەن:

بەڵگەی یەکەم: خستنە ڕووی قسەو بەڵگەکانیان.

بەڵگەی دووەم: ئەنجامدانی ئەو یادو بۆنانە خۆ پێچواندنی کافرانە (التشبُه بالکفّار).

بەڵگەی سێیەم: کارو ڕەفتارو قسەی ناشەرعییان تێدادەکرێ.

بەڵگەی یەکەم: خستنە ڕووی قسەو بەڵگەکانیان.

ئێستاش با سەرنجی چەند قسەیەکی هەرکام لە (عبدالله بن عبدالعزیز بن باز) و (ابن عثیمین) خوا لێیان خۆش بێ، بدەین، کە هەردووکیان ڕایان وایە بێجگە لە دوو جەژنەکانو ڕۆژی جومعە، دروست نیە مسوڵمانان لە هیچ بۆنەو یادێکی دیکەی ئایینیو دنیاییدا بەشداربن.

جا ئێمە سەرەتا قسەکانی ئەوان وەك خۆیان دێنینو، پاشان بۆیان دەگەڕێینەوەو هەڵیان دەسەنگێنین:

یەکەم: (ابن باز) وەك لە (فتاوى علماء البلد الحرام)دا هاتوە، ئەم پرسیارەی لێکراوە: (أَحْدَثَ بَعْضُ المشَايخ احتفَالات لا أعرف لَهَا وَجهاً في الشَّرع، كَالإحتِفَال بِمَولد النَّبِيّ ﷺ وبلَيلَة الإسرَاءِ والمعرَاج والهجرة النبوية، نَرجو أن توضّحوا لَنَا مَا دَلَّ عَلَيْهِ الشرع في هَذِهِ الْمَسَائِل حَتَّى نَكُونَ عَلَى بَيِّنَةٍ؟) واتە: هەندێ لە زانایان هەندێ ئاهەنگیان داهێناون، کە هیچ ڕوویەکیان لە شەرعدا نیە، وەك ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەر ﷺو، شەوی شەوڕۆ و بەرزبوونەوەو، کۆچی پێغەمبەر ﷺ، ئومێدمان وایە ئەوەمان بۆ ڕوون بکەنەوە، ئەوەی کە شەرع دەلالەتی لەسەر دەکات، لەو مەسەلانەدا، تاکو ئێمە بەرچاومان ڕۆشن بێ.

ئەویش لەوەڵامدا دەڵێ: (لا رَيْبَ أنَّ اللّه سُبْحَانَهُ قَد أكمل لهذهِ الأمَّة دينَها وأتَمّ عليها النعمة، كَمَا قَالَ سُبْحَانَهُ: ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا ﴿٣﴾﴾المائدة، الآية. وقد تَوفَّى اللّه نبيَّه ﷺ بعد ما بلَّغ البلاغ المبين وأكمل اللّه به شرائع الدين، وقال ﷺ {مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ} مُتَّفَقٌ عَلَى صحَّتِهِ مِن حديث عائشة

رضي اللّٰهُ عنها. وأخرج مسلم في صحيحه عنها رضي اللّٰه عنها أن النبي ﷺ قال: {مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ} وَمعنى قوله: "فَهُوَ رَدٌّ أي: مردود لا يجوز العمل به لأنه زيادة في الدين لم يأذن اللّٰه بها، وقد أنكر اللّٰه سبحانه في كتابه المبين على من فعل ذلك، فقال عَزَّوَجَلَّ في سورة الشورى: ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ﴿٢١﴾﴾، وفي صحيح مسلم عن جابر رضي اللّٰه عنه أن النبي ﷺ كان يقول في خطبة الجمعة: أَمَّا بَعْدُ، فَإِنَّ خَيْرَ ٱلْحَدِيثِ كِتَابُ ٱللَّهِ، وَخَيْرَ ٱلْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ، وَشَرَّ ٱلأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا، وَكُلُّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ... وهذه الإحتفالات التي ذكرت في السؤال، لم يفعلها الرسول ﷺ وهو أنصح الناس وأعلمهم بشرع اللّٰه، وأحرصهم على هداية الأمة وإرشادها إلى ما ينفعها ويُرْضي مولاها سبحانه، ولم يفعلها أصحابه رضي اللّٰه عنهم وهم خير الناس وأعلمهم بعد الأنبياء، وأحرصهم على كل خير، ولم يفعلها أئمة الهدى في القرون المفضلة وإنما أحدثها بعض المتأخرين..)[1]

واتة: بيَطومان خواى ئاك دينى ئةم ئوَمةتةى تةواو كردوة، وة نيعمةتى خوّى بة تةواويى بةسةردا رِشتوون، وةك خوا دةفةرموىّ: ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا ﴿٣﴾﴾المائدة، واتة: ئةمرِوّ ئاينةكةتانم بوّ تةواو كردوون و چاكةى تةواوةتيم لةگةلّدا كردوون، وة ئيسلاميشم بة بةرنامة بوّ بةسند

---

١ - بڕوانە: (فتاوى علماء البلد الحرام) ص٩٩٣-٩٩٥.

کردوون، پێغەمبەریش ﷺ کاتێك خوا بردیەوە کە بە تەواویی دینی ڕاگەیاند، وە خوا بەرنامەکانی دینی پێ تەواوکردن، (بۆیە هیچ کەسێك بۆی نیە، لە دینی خوادا شتێك کە خوای پەروەردگار داینەناوە، دایبنێ)[1] وە پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی، {مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ} (مُتَّفَقٌ عَلَيهِ: رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ برقم: (٢٦٩٧)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٤٥٨٩))، واتە: هەرکەس لەم ئایینەماندا شتێك دابێنێ کە لەوی نەبێ، ئەوە ڕەتکراوەیە، وە فەرموویەتی: {مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ} (رَوَاهُ مُسْلِمٌ برقم: (٤٥٩٠))، واتە: هەرکەسێك کردەوەیەك بکاتو فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێ ئەوە ڕەتکراوەیە، ئنجا دەفەرموێ: (فَهُوَ رَدٌّ) واتە: ڕەتکراوەیەو دروست نیە کاری پێ بکرێ، چونکە زیادەیەکە لە دیندا کە خوا فەرمانی پێنەکردوە، یان مۆڵەتی لەسەر نیە، وە خوا "سبحانه و تعالی" لە کتێبی ڕوونی خۆیدا نکوولیی لەو کەسە کردوە کە ئەوە دەکات، وەك دەفەرموێ: ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ﴿٢١﴾﴾الشوری، واتە: ئایا چەند هاوبەشێکیان هەن، شتێکیان لە دیندا بۆ داناون، کە خوا فەرمانی لەسەر نیەو مۆڵەتی پێ نەدراوە، وە لە (صحیح مسلم)دا هاتوە، کە جابیر دیگێڕێتەوە، کە پێغەمبەر ﷺ لە وتاری ڕۆژی جومعەدا، دەیفەرموو: {أَمَّا بَعْدُ، فَإِنَّ خَيْرَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللَّهِ، وَخَيْرَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ، وَشَرَّ الْأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ} (رَوَاهُ مُسْلِمٌ برقم: (٢٠٤٢))، واتە: پاش ستایشی خوا: باشترین

---

١ - ئەوەی نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی مەبەست.

فەرموودە کتێبی خوایەو، باشترین ڕێباز ڕێبازی موحەممەد پێغەمبەرە ﷺ، وە خراپترین کردەوەکان ئەوانەن کە پەیداکراون، وە هەموو داهێنراوێکیش گومڕایی یە.

وە ئەو یادو بیرەوەرییانە، کە لە پرسیارەکەدا هاتوون، پێغەمبەر ﷺ نەیکردوون، کە لە هەموو کەس دڵسۆزتر بووە بۆ خەڵک، وە شارەزاتر بووە بە شەرعی خوا، وە سوورتر بووە، لەسەر هیدایەتی ئۆممەتو ڕێنموونی کردنی، بۆ شتێك کە سوودی پێ دەگەیەنێو خوای پەروەردگاری پێ ڕازی دەکات، وە هاوەڵە بەڕێزەکانیشی نەیانکردوون خوا لێیان ڕازی بێ، کە باشترین خەڵکو زاناترین خەڵك بوون لە دوای پێغەمبەر، وە پێشەوایانیش نەیانکردوون، لەسەدە پەسندکراوەکاندا، بەڵکو هەندێ لە زانایانی دواین دایانهێناون.

هەروەها (ابن باز) لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا دەڵێ: (...ولم يشرع لنا سبحانه وتعالى عيداً للميلاد لا ميلاد النبي ﷺ ولا غيره، بل قد دلت الأدلة الشرعية من الكتاب والسنة على أن الإحتفال بالموالد من البدع المحدثة في الدين ومن التشبه بأعداء اللّه من اليهود والنصارى وغيرهم، ... وفي مسند أحمد بإسناد جيد عن ابن عمر رضي اللّهُ عنهما أن النبي ﷺ قال: "مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ"، وفي الصحيحين عن أبي سعيد رضي الله عنه عن النبي ﷺ أنه قال: " لَتَتَّبِعُنَّ سَنَنَ الذين منْ قَبْلِكُمْ شِبْرًا بِشِبْرٍ وَذِرَاعًا بِذِرَاعٍ، حَتَّى لَوْ دَخَلُوا فِي جُحْرَ ضَبٍّ لاتبعتموهم، قلنا يَا رَسُول اللّهُ! اليَهُودُ وَالنَّصَارَى؟ قَالَ : "فمن؟")[1]، واتە: خوا "سبحانه و تعالى" بۆی دانەناوین، یادی لەدایك

---

١ – فتاوى علماء البلد الحرام، ص٩٨٧،٩٨٨، فەرموودەکەش (بخاري) بەژمارە: ٧٣٢و (مسلم)

بوونی هیچ کام له پێغەمبەران بکەین، نەهی پێغەمبەر (محمد) ﷺ، نە هی هیچ کەسێکی دیکە، بەڵکو بەڵگە شەرعییەکان لە قورئان و سوننەتدا دەلالەت لەسەر ئەوە دەکەن، کە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لەدایك بوونەکانەوە، لە داهێنراوەکانن لە دینداا، وە لە خۆ وێچواندنن بە دوژمنانی خوا، لە جوولەکەکان و نەصڕانییەکان، وە غەیری ئەوانیش وەك، لە: (مسند أحمد)دا بەسەنەدێکی باش لە (ابن عمر)ەوە هاتوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ}، واتە: هەرکەسێك خۆی وەك قەومێك بچوێنێ، ئەوە لەوانە.

وەلەهەردووك (صحيح)ی (بخاري و مسلم)دا هاتوە، کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: بە دوای ڕێو شوێنی ئەوانی پێش خۆتان دەکەون موو بەموو، بست بە بستو ، باسك بە باسك، هەتاکو ئەگەر چووبنە کونی بزن مژمیەکەوە، ئێوەش دوایان دەکەون، گوتمان: ئەی پێغەمبەری خوا ! ﷺ مەبەستت پێ جوولەکەو نەصڕانییەکانە؟ فەرمووی: ئەدی مەبەستم پێ کێیە؟

دووەم- (إبن عثيمين)یش ڕەحمەتی خوای لێ بێ، پرسیارێکی لێکراوە بەم شێوەیە:

(سئل عن حكم الإحتفال بالمولد النبوي؟ فأجاب قائلاً: أولاً : ليلة مولد الرسول، ﷺ ليست معلومة على الوجه القطعي، بل إن بعض العصريين حقق أنها ليلة التاسع من ربيع الأول وليست ليلة الثاني عشر منه، وحينئذ فجعل الإحتفال ليلة الثاني عشر منه لا أصل له من الناحية التاريخية.

بەژمارە: ٢٦٦٩ هێناویانە.

ثانياً : من الناحية الشرعية فالإحتفال لا أصل له أيضاً لأنه لو كان من شرع اللّه لفعله النبي ﷺ أو بلّغه لأمته ... وإذا لم يكن من دين اللّه فإنه لا يجوز لنا أن نتعبد به اللّه - عز وجل - ونتقرب به إليه ، فإذا كان اللّه تعالى قد وضع للوصول إليه طريقاً معيناً، وهو ما جاء به الرسول ﷺ فكيف يسوغ لنا ونحن عباد أن نأتي بطريق من عند أنفسنا يوصلنا إلى اللّه ؟ هذا من الجناية في حق اللّه - عز وجل- أن نشرع في دينه ما ليس منه، كما أنه يتضمن تكذيب قول اللّه - عز وجل-: ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِى ﴿٣﴾﴾المائدة،

فنقول: هذا الإحتفال إن كان من كمال الدين، فلا بد أن يكون موجوداً قبل موت الرسول ، ﷺ وإن لم يكن من كمال الدين، فإنه لا يمكن أن يكون من الدين لأن اللّه -تعالى- يقول: ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِى ﴿٣﴾﴾المائدة، ومن زعم أنه من كمال الدين وقد حدث بعد الرسول ، ﷺ، فإن قوله يتضمن تكذيب هذه الآية الكريمة، ولا ريب أن الذين يحتفلون بمولد الرسول ، ﷺ ، إنما يريدون بذلك تعظيم الرسول ،عليه الصلاة والسلام، وإظهار محبته وتنشيط الهمم على أن يوجد منهم عاطفة في ذلك الإحتفال للنبي ﷺ وكل هذا من العبادات ؛ محبة الرسول ﷺ، عبادة، بل لا يتم الإيمان حتى يكون الرسول، ﷺ أحب إلى الإنسان من نفسه وولده ووالده والناس أجمعين ، وتعظيم الرسول ﷺ من العبادة، كذلك إلهاب العواطف نحو النبي ﷺ من الدين أيضاً، لما فيه من الميل إلى شريعته ، إذاً:

فالإحتفال بمولد النبي، ﷺ من أجل التقرب إلى اللّه وتعظيم رسوله ﷺ عبادة، وإذا كان عبادة فإنه لا يجوز أبداً أن يحدث في دين الله ماليس منه ، فالإحتفال بالمولد بدعة ومحرم)[1]، واتە: پرسیاری لێکرا دەربارەی حوکمی یادکردنەوەی لەدایکبوونی پێغەمبەر ﷺ؟ وەلآمی دایەوەو گوتی:

یەکەم: شەوی لەدایکبوونی پێغەمبەر ﷺ بەشێوەیەکی جێی دڵنیایی زانراو نیە، بەڵکو هەندێك لەهاوچەرخان ساغیان کردۆتەوە کە شەوی نۆیەمی ڕەبیعی یەکەمە، نەك شەوی دوازدەیەمی، کەواتە: گێڕانی شەوی دوازدەیەمی بە کاتی یادکردنەوەو گردبوونەوە لەڕووی مێژوویەوە، هیچ بنەمایەکی نیە.

دووەم: وە لەڕووی شەرعییەوە دیسان ئەو گردبوونەوەو یادکردنەوەیە بنەمای نیە، چونکە ئەگەر لەشەریعەتی خوا بووایە پێغەمبەر دەیکرد، یان بەئۆممەتەکەی ڕادەگەیاند... ئنجا مادام لەئایینی خوا نەبێ، بۆمان نیە کە خوای زاڵو بەرزی پێ بپەرستینو بەهۆیەوە لێی نیزیك ببینەوە، چونکە مادام خوای بەرز بۆ پێگەیشتنی ڕێیەکی دیاریکراوی داناوە "کە بریتیە لەوەی پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی" چۆن ئێمەی بەندە بۆمان هەیە لەلایەن خۆمانەوە ڕێیەك بۆ گەیشتن بەخوا دابنێین؟ ئەوە تاوانە بەرانبەر بەمافی خوا "عز وجل" کە شتێك لەئایینی خوادا دابێنین کە لەو نەبێ.

هەروەها ئەوە بەدرۆ دانانی فەرمایشتی خواش دەگرێتە خۆی:

---

١ - فتاوى علماء البلد الحرام، ص٩٩٦،٩٩٧.

((ئەمڕۆ ئایینەکەتانم بۆ تەواو کردوون‌و چاکەی خۆمم بەتەواویی لەگەڵ کردن)) المائدة -٣-.

بۆیە دەڵێین:

ئەو ئاهەنگ گێڕان‌و یادکردنەوەیە، ئەگەر لەتەواویی ئایین بوایە، دەبوو پێش مردنی پێغەمبەر ﷺ ببوایە، وەئەگەر لەتەواویی ئاینیش نەبێ، ناگونجێ بەشێك بێ لەئایین، چونکە خوای بەرز فەرموویەتی: ﴿...ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ ...﴿٣﴾﴾ المائدة، هەرکەسێك پێی وابێ لەتەواویی ئایینەو پاش پێغەمبەریش پەیدابووە، ئەوە قسەکەی بەدرۆ دانانی ئەم ئایەتە بەڕێزە دەگەیەنێ.

ئنجا بێگومان ئەوانەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر ﷺ دەکەنەوە، مەبەستیان بەگەورە گرتنی پێغەمبەرو دەرخستنی خۆشویستنی‌و جووڵاندنی هیممەتیانە کە لەو یادکردنەوەیەدا سۆزیان بەرانبەر بەپێغەمبەر بجووڵێ، هەموو ئەوانەش لەخوا پەرستییەکانن، جا خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ عیبادەتە، بگرە ئیمان تەواو نابێ هەتا مرۆڤ پێغەمبەری لەخۆی‌و ڕۆڵەی‌و باب‌و دایکی‌و تێکڕای خەڵکی خۆشتر نەوێ، هەروەها بەگەورەگرتنی پێغەمبەر عیبادەتە، هەروەها سۆزو جووڵاندن بەرەو پێغەمبەر ﷺ دیسان لەئایینە، چونکە دەبێتە مایەی خۆشویستنی شەریعەتەکەی!

کەواتە:

یادکردنەوەی لەدایکبوونی پێغەمبەر ﷺ لەپێناو نیزیك کەوتنەوە لەخوادا، وە بەگەورە گرتنی پێغەمبەر عیبادەتە، ئنجا مادام عیبادەت بێ، ئەوە بێگومان هەرگیز دروست نیە شتێك لەئایینی خوادا پەیدا بکرێ کە لەو نیە،

بۆیە یادکردنەوەی لەدایکبوونی پێغەمبەر ﷺ بیدعەتو حەرامە.

ئنجا هەر (ابن عثيمين) بە بۆنەی (عيد الأم) جەژنی دایکەوە، پرسیاری لێکراوە: (ئایا ئێمە لە شوێنێکین، کە هەموو ساڵان لەو ڕۆژەدا، لە (٢١)ی مارسی هەر ساڵێك، هەموو خەڵك کۆدەبنەوە بەو بۆنەوە، ئنجا ئایا ئەوە حەڵاڵە یان حەرام، وەئایا یاد بکەینەوەو دیاریی ببەخشینەوە، یان نا؟! ئەویش دەڵی: (إن كل الأعياد التي تخالف الأعياد الشرعية كلها أعياد بدع حادثة لم تكن معروفة في عهد السلف الصالح، وربما يكون منشؤها من غير المسلمين أيضا ؛ فيكون فيها مع البدعة مشابهة أعداء اللّه سبحانه وتعالى ، والأعياد الشرعية معروفة عند أهل الإسلام ، وهي عيد الفطر ، وعيد الأضحى، وعيد الأسبوع (يوم الجمعة) وليس في الإسلام أعياد سوى هذه الأعياد الثلاثة ، وكل أعياد أحدثت سوى ذلك فإنها مردودة على محدثيها وباطلة في شريعة اللّه سبحانه وتعالى، لقول النبي ﷺ {مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ} (مُتَّفَقٌ عَلَيهِ: رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ برقم: (٢٦٩٧)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٤٥٨٩))، أي : مردود عليه غير مقبول عند الله وفي لفظ : {مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ} (رَوَاهُ مُسْلِمٌ برقم: (٤٥٩٠))، وإذا تبين ذلك، فإنه لا يجوز في العيد الذي ذكر في السؤال والمسمى عيد الأم، لا يجوز فيه إحداث شيء من شعائر العيد ، كإظهار الفرح والسرور ، وتقديم الهدايا وما أشبه ذلك)[1] واتە: هەموو ئەو جەژنانەی کە پێچەوانەی جەژنە شەرعییەکانن، هەموویان جەژنی داهێنراون‌و پەیداکراون، وە لەسەردەمی پێشینی چاکماندا نەبوون، وە

---

١ – هەمان سەرچاوە: ص١٠٥٢،

دەشگونجێ سەرچاوەی سەرهەڵدانیشیان غەیری مسوڵمانانیش بێ، بۆیە وێڕای بە بیدعەت لەقەڵەم درانیان، خۆپێچواندنی دوژمنانی خواشیان "سبحانه وتعالى" تێدایە، دیارە جەژنە شەرعییەکانیش لەلای ئەهلی ئیسلام زانراون، کە بریتین لە:

جەژنی ڕۆژوو شکاندن (عيد الفطر)و، جەژنی قوربانیی سەربڕین (عيد الأضحى)و، جەژنی هەفتە (ڕۆژی جومعە)، وە لە ئیسلامدا جگە لەم سێ جەژنە هیچ جەژنی دیکە نیە، وە سەرجەم ئەو جەژنانەی دیکە کە پەیداکراون، ئەوە بەسەر خاوەنە پەیداکەرەکانیاندا دەدرێنەوەو، لە شەریعەتی خوای پاکو بەرزدا بەتاڵن، لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: (مَنْ أحدثَ فِي أمرنا هذا ما ليسَ منه فهوَ ردٌّ) متفق عليه، واتە: ڕەتکراوەیەو لەلای خوا وەرگیراو نیە، وە لە ڕیوایەتێکدا: (مَنْ عَمِلَ عَمَلاً ليسَ عليهِ أمرنا فهوَ ردٌّ) رواه مسلم.

ئنجا ئێستا کە ئەوە ڕوونبۆوە ئەوە بەدڵنیاییەوە لەو جەژنەدا کە پرسیارکەر باسیکردوەو ناوی ناوە: (جەژنی دایك) دروست نیە هیچ کام لەو شتانەی کە دروشمی جەژنن تێیدا ئەنجام بدرێن، وەك دەرخستنی خۆشیی‌و شادیی‌و پێشکەشکردنی دیاریی‌و وێنەی ئەوانە...

هەڵسەنگاندنی ئەو قسەو بەڵگانە:

سەرەتا دەڵێم:

ئێمە رێزو حورمەتی هەموو زانایانی ئیسلاممان لەلایەو، هەرکام لە (إبن باز) و (إبن عثیمین)یش خوا لێیان خۆش بێ، لەبواری پسپۆریی خۆیانداو بە ئەندازەی بۆلوانو رێپێدرانیان، خزمەتیان کردوەو خوا پاداشتیان بداتەوەو، لە هەڵەو کەمو کووڕیو، ئێمەش و ئەوانیش ببووڕێ.

بەڵام بێگومان وەك لە بنەمای یەکەم "لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا" گوتمان: ئیسلام لە قوڕئانو سوننەتدا کورت هەڵاتوەو، غەیری قوڕئانو سوننەت، هەمووی بە تێگەیشتنی زانایان لەبارەی ئیسلامەوە دادەنرێ، نەك بەخودی ئیسلام، وە هەموو مرۆڤەکانیش جگە لە پێغەمبەران "علیهم الصلاة والسلام" کە خوا پاراستوونی، دەگونجێ بەهەڵەدا بچنو نەپێکن.

ئێستاش با سەرەتا هەرسێك بەڵگەکانی ئەو دوو زانا بەڕێزەو هاوڕایەکانیان هەڵسەنگێنین، پاشان بەوردیی قسەکانیشیان بڕار بکەین، لە دوو بڕگەی سەرەکییدا:

بڕگەی یەکەم: هەڵوەشاندنەوەی بەڵگەکانیان:

بەڵگەی یەکەم: بە بیدعەت دانانی جەژنو بۆنەکان:

دیارە ئەم بەڵگەیە، بەڵگەی بنەڕەتیی ئەو دوو زانا بەڕێزەو هاوڕێنەکانیانە، چونکە ئەو قسانەی کە لێیانەوە نەقڵمان کردن، بەزۆریی هەر لەو خولگەیەدا دەسووڕێنەوەو، بەڵگە پێهێنانەوەی هەردووکیان بە ئایەتەکانی:

★﴿ ...ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي ...﴿٣﴾ ﴾ المائدة.

★ ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَاؤُا شَرَعُوا لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ...﴿٢١﴾ ﴾ الشورى.

وه فەرموودەکانی:

★ (مَنْ أحدث في أمرنا هذا ما ليسَ منه فهو ردّ) متفق عليه.

★ (مَنْ عَمِلَ عَمَلاً ليسَ عليهِ أمرنا فهوَ ردٌّ) رواة مسلم.

★ (لَتَتبعُنَّ سَنَن الذين من قبلكم شبْراً بشِبْرٍ و ذراعاً بِذراعٍ، حتى لو دخلوا في جُحْرِ ضَبٍّ لاتَّبعتموهم، قلنا يا رسول الله ! اليهود و النصارى؟ قال: فَمَنْ؟) رواه البخاري: ٧٣٢، ومسلم: ٢٦٦٩.

کە پێشتر ماناماں کردوون، هەر لەسەر ئەو بناغەیە کە: مادام ئیسلام بەرنامەیەکی تێرو تەواوە، نابێ هیچ شتێکی تێدا زیاد بکرێ.

ئێمەش لەوەلامی ئەو قسەیەدا دەڵێین:

١- لەڕابردوودا "لەبنەمای نۆیەمدا" باسمان کردو ڕوونمان کردەوە، کە بیدعەت تایبەتە بە هەردووک بواری ئیمانو عەقیدەو عیبادەتەوە، وە تەنیا ئەو شتانە دەگونجێ بیدعەتیان تێدا دابهێنرێ، کە پەیوەندییان بەنێوان بەندەو خواوە هەیەو، بەندە بۆیە ئەنجامیان دەدات کە پێیان لەخوا نێزیک بکەوێتەوە، وەک (إبن باز) گوتوویەتی: (البدعة في الشرع المطهَّر هي كل عبادة أحدثها الناسُ ليس لها أصلٌ في الكتاب و لا في السنة، لقول النبي: مَنْ أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو ردٌّ...)[1]

١- فتاوى علماء البلد الحرام، ص٩٨٣.

"کەپێشتریش هێنامان".

وە (ابن عثیمین)یش گوتوویەتی: (البدعة شرعاً ضابِطُها: التعبُّد لله بما لم يُشَرِّعْهُ الله...)[1] کە ئەمیشمان پێشتر هێنا.

٢- هەروەها لە ڕابردوودا "لەبنەمای هەشتەمدا" ڕوونمان کردەوەو سەلماندیشمان کە یادو بۆنەو جەژنەکان چونکە لەچوارچێوەی هەڵس‌و کەوت‌و عادەتەکاندان‌و ئەوانیش بناغە تێیاندا ڕەواییە، مەگەر بەڵگەیەکی تایبەت هەبێ لەسەر قەدەغە بوونیان، بۆیە: یادو بۆنەو جەژنەکان، ناگونجێ لەبارەیانەوە باسی بیدعەت هەر بکرێ، چونکە بریتین لە مامەڵەی مرۆڤەکان لەنێو خۆیانداو، ڕاستەوخۆ بۆ خوا ئەنجام نادرێن، وەك عیبادەت‌و خۆ پێ نێزیك خستنەوە لە خوا.

٣- ئنجا بەدانپێداهێنانی (ابن باز)، فەرموودەکانی: (مَنْ أحدث في أمرنا هذا ما ليسَ منه فهو ردّ) وە: (مَنْ عَمِلَ عَمَلاً ليسَ عليهِ أمرنا فهوَ ردٌّ) مەبەست پێیان عیبادەتە: نەك بواری هەڵس‌و کەوتەکان، وەك لەو قسەیەوە دیارە کە تۆزێك لەمەوبەر لێیەوە هێنامان.

هەروەها بەدانپێداهێنانی (ابن عثیمین)یش ئایەتی: ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ...﴿٢١﴾ ﴾ الشوری، مەبەست پێی بواری عیبادەتە[2]، چونکە پاش پێناسەی بیدعەت، دەڵێ: (فالتعريف الأول مأخوذ من قوله تعالى:﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ ... ﴾).

١- هەمان سەرچاوە، ص٩٨٦.

٢- بەڵام من پێم وایە چەمکی ئایەتەکە لەوە فراوانترە، بەڵام لێرەدا بەپێی بنچینەی: (أدينك من فمك) ڕەفتارم کردوە.

٤- کەواتـە: جـەژنو بۆنـەکان لـە بابـەتی هـەڵس‌و کـەوتو عادەتـەکانن‌و لەبازنەی ئەواندان‌و، هیچ پەیوەندییان بە عیبادەتەوە نیـە، نـە لـەڕووە فیکرییەکەیەوە، کە ئیمان‌و عەقیدەیەو، نە لەڕووە کردەییەکەیـەوە، کـە لە دروشمەکان (الشعائر)دا خۆی دەنوێنێ.

٥- مەبەستیش لە فەرموودەی: (لَتتبعُنَّ سَنَنَ[1] الذين من قبلكم شبراً بشبرٍ و ذراعـاً بـذراعٍ...) شـوێنکەوتنی جوولەکـەو نەصـرانییەکان‌و غـەیرە دینەکانی دیکەیە، لەو شتانەدا کە پێچەوانەی شەریعەتن‌و لەگەڵیدا تێك دەگیرێـن، وەك لەوەڵامدانـەوەی بەڵگـەی دووەمـدا باسـی دەکـەین، کـە بێگومـان ئـەو بۆنـەو یـادەوەریی‌و جەژنـە ئـاییننی‌و نەتـەوەیی‌و نیشتیمانیی‌و جیهانییانـەی کـە لـە خـودی خۆیانـدا ناشـەرعیی‌و خـراپ نـین‌و، هۆکـارن بـۆ هێنانـەدی ئامانجـە شـەرعییەکان، ئەگـەر نـا مسوڵمانانیش دایانهێنابن، مادام لە تایبەتمەندییە ئایینییەکانیان نـین‌و، لەچوارچـێوەی هـەڵس‌و کـەوتو نەرێتـەکان (المعـاملات و العـادات)دان، مسـوڵمانان دەسـتیان کراوەیـە بـۆ بـەکارهێنانیان وەك خـوای کاربـەجێ "عز وجل" فەرموویەتی: ﴿ فَبَشِّرْ عِبَادِ ﴿١٧﴾ ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٨﴾ ﴾ الزمر.

واتە: دەجا موژدە بدە بەو بەندانەم: کە گوێ بـۆ هـەموو قسـەیەك دەگـرن، پاشان شوێن چاکترینی دەکەون، ئا ئەوانە کەسانێکن خوا رێنمـایی کـردوون، وە ئەوانەن خاوەن عەقڵان.

١- السنَن، الطريقة و المثال، المعجم الوسيط، ص٤٥٦.

بەڵگەی دووەم: ئەنجامدانی ئەو یادو بۆنانە، خۆ پێچواندنی کافران (التشبُه بالكفّار) ە:

هەڵبەتە ئەم قسەیەش کە: یادکردنەوەی ئەوبۆنەو جەژنانەی کە دەقی شەرعییان لەسەر نیە خۆپێچواندنی کافرانیان تێدایە، لەسەر ئەوە بنیات نراوە کە ئەو یادو بۆنانە عیبادەتنو، عیبادەتیش جگە لەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ داینناوە بیدعەتە، بۆیە بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو قسەیە لە وەڵامی بەڵگەی یەکەمدا، بناغەی ئەم بەڵگەی دووەمەش نەماوەو، بەڵگەکەش هەرمسی هێناوە.

بەڵام وێڕای ئەوەش دەڵێین:

زانایانی قوولّو موعتەبەر لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە خۆبەکافران چواندن (التشبُه بالكُفّار) تەنیا لەو شتانەدا قەدەغەیە، کە تایبەتمەندیی ئایینیو فیکریی کافرانن، نەك لە هەموو شتێکدا، با لەوبارەوە سەرنجی چەند قسەیەکی هەرکام لە (إبن حجر العسقلاني) و (إبن عُثيمين) بدەین:

١- (إبن حجر) گوتوویەتی: (وقد كره بعضُ السَّلَفِ لُبْسَ البُرْنُسِ لأنه كان من لباس الرُّهبان، وقد سُئِلَ مالك عنه، فقال: لابأس به، قيل: فإنه من لبوس النَّصارى، قال: كان يُلْبَسُ هَهُنا)[1].

واتە: هەندێك لەپێشووان پێیان ناخۆش بووە بورنوس بپۆشرێ، چونکە پۆشاکی ڕاهیبەکان بووە، وە لەوبارەوە پرسیار لە مالیك کراوە، ئەویش گوتوویەتی: قەیناکات، گوترا: ئەوە پۆشاکی نەصرانییەکانە، گوتی: لەم دەقەرە دەپۆشرا.

---

١ – فتح الباري: ج١، ص٢٧٢.

واتە: مادام خەڵکی مسوڵمانیش ئەو پۆشاکەی پۆشیبێ، کەواتە: لەوە شۆراوە کە لە تایبەتمەندییە ئایینیەکانیان دابنرێو، ئاساییە کە بپۆشرێ.[1]

هەروەها (إبن حجر) گوتوویەتی: (و انْ قلنا: النهي عنها (أي المياثر الأرجوان) من أجل التشبُّه بالأعاجم فهو لمصلحة دينيةٍ، لكن كان ذلك شعارهم حينئذٍ و هم كُفار، ثم لّما لم يصر الآن يَختصُّ بشعارهم، زال ذلك المعنى، فتزول الكراهة)[2].

واتە: ئنجا ئەگەر گوتمان: قەدەغەکرانی (واتە: پۆشاکی ڕەنگکراو بەسوور)[3] لەبەر خۆ وێچواندنی بێگانان (نامسوڵمانان) بووە، کەواتە: ئەوە لەبەر بەرژەوەندییەکی ئایینیە، بەڵام دیارە ئەو کاتە ئەو جۆرە بەرگە دروشمیان بووە، کە کافر بوون، بەڵام مادام ئێستا دروشمێکی تایبەت نیە بەوانەوە، ئەوە ئەو مانایە لاچووە و ناپەسندیی (کراهة)یەکەش نەماوە.

٢- (إبن عُثيمين)یش لەوبارەوە ئەم پرسیارو وەڵامەی بووە:

(السؤال: عن معيار التشبُّه بالكفار، ما هو؟

الجواب: معيار التشبُّه أن يفعل المشتَبّه مايَختصُّ المتشَبَّه به، فالتشبه بالكفار أن يفعل المسلم شيئاً من خصائصهم، أما ما انتشر بين المسلمين و صار لايتميز به الكفار، فإنه لايكون تشبُّهاً فلايكون حراماً من أجل أنه

---

١ – البرنس: كل ثوب رأس منه ملتزق به، قلنسوة طويلة، لباسُ الحمّام. المعجم الوسيط، ص٥٢ .

٢- الفتح الباري، ص ٣٠٧

٣- المياثر الأرجوان: جۆرە پۆشاکێکە....

تشبُّه، الاّ أن يكون من جهةٍ أخرى).[1]

واته: پرسیار لەبارەی پێوەری خۆ بە کافر چواندن، ئایا چییە؟!

وەڵام: پێوەری خۆ بە کافر چواندن ئەوەیە، کە بابای خۆپێچوێنەر شتێك بکات کە تایبەتە بە خۆ پێچوێنراو، کەواتە: خۆ بەکافران چواندن ئەوەیە کە مسوڵمان شتێك لە تایبەتمەندییەکانیان (تایبەتمەندییە ئایینییەکانیان) بکات، بەڵام ئەوەی کە لەنێو مسوڵمانانداا بڵاوبۆتەوەو کافرانی پێ جیاناکرێتەوە، ئەوە بە خۆپێچواندن دانانرێ، لەبەرئەوە قەدەغە نابێ کە خۆپێچواندنە، مەگەر لەلایەکی دیکەوە قەدەغە بێ.

کەواتە: فەرموودەی: (مَنْ تشبَّهَ بقومٍ فهوَ منهُم)رواه أحمد، مەبەستی پێی خۆپێچواندنو چاولێکردنی مسوڵمانانە بۆ کافران، لەو شتانەدا کە تایبەتمەندیی ئایینی ئەوانن، دروشمێکیانن کە پێی دەناسرێن، نەك لەهەر شتێکدا، وەك لە (إبن حجر العسقلاني) و (إبن عثيمين)ەوە هێنامان.

کەواتە:

ئەو بۆنەو جەژنو یادانەی کە مۆرکێکی ئیسلامییان هەیە، یان نەتەوەیی و نیشتیمانیین، یان جیهانیین، وە تایبەت نین بە کەسانێکی کافرەوە دروشم و جیاکەرەوەیان نین، هەر لەسەر بنەڕەتیی خۆیان کە ڕەواییە ماونەوەو، مادام مسوڵمانان بەرژەوەندییان تێدا ببینن، هیچ ڕێگرێکیان نیە سوودیان لێ ببینین، وەك هەر بیرۆکەو ئەزموونو ئامرازو شێوازێکی دیکەی سوود بەخش.

١- فتاوى علماء البلد الحرام، ص٩٤٤.

بەڵگەی سێیەم: کارو ڕەفتارو قسەی ناشەرعییان تێدادەکرێ:

وەڵامی ئەم بەڵگەیەش ئەوەیە کە:

شتی هەڵەو ناشەرعیی هەمیشە هەر ڕەتکراوەیە، چ لە بۆنەو جەژنەکانداو، چ لە هەر حاڵەتێکی دیکەشدا، بەڵام بێگومان بۆنەیەکی شەرعیی لەبەرئەوەی کە هەڵەو ناشەرعیی تێدادەکرێ، خۆی نابێتە ناشەرعیی، بۆ وێنە:

هاوسەرگیریی و زەماوەند حەڵاڵە، بەڵام کەسێك کە لە پەنای ئەو شتە حەڵاڵەدا، دەچێ شتێکی حەڕامی وەك (ڕەشبەڵەك) دەکات، ناگونجێ خودی زەماوەندەکەشی لەگەڵ قەدەغە بکەین!

هەروەها کەسێك کە دەچێ لە پەنای سەیران و گەشتی ڕەوادا، شەڕاب دەخواتەوەو قومار دەکاتو...هتد، ناگونجێ بڵێین: گەشتو سەیرانەکەشی هەر قەدەغەیە!

کەواتە: پێویستە تەماشای ئەو یادو بۆنەو جەژنانە بکەین کە لە بنەڕەتدا ڕەوان: ئەگەر بۆ ئامانجێکی پێویستو پەسند (واجب و مندوب) یان لانی کەم ڕەوا (مباح) دەکران و، بەشێوەیەکی ڕەوا ئەنجام دەدران، ئەوە دەڵێین: ڕەوان بەڵام ئەگەر شتی ناڕەوایان لەگەڵدا ئاوێتە کرابوو، ئەوە شتە ناڕەوایەکە جیادەکەینەوەو ڕەتیدەکەینەوە، ئەوەش کە ڕەوایە لەسەر ئەسڵی خۆی دەمێنێتەوە.

دیارە پێشتریش لە بنەمای شەشەمدا خستمانەڕوو کە: ((شتی ڕەوا بەهۆی بەهەڵە بەکارهێنرانی و، خراپە ڕەگەڵ خرانییەوە، حوکمە ئەسڵییەکەی ناگۆڕێ و قەدەغە نابێ)).

هەڵبەتە ئەگەر بەگوێرەی ئەو بنەمایەش ڕەفتار نەکەین، مەگەر چۆن دەنا هیچ شتێکی چاکمان بەدەستەوە نامێنێ، چونکە زۆربەی هەرەزۆری شتە باشەکان، خەڵك ناهەقیی و ناشەرعیی و هەڵەو پەڵەیان لەگەڵ تێکەڵ دەکەن، یان بەشێوازی هەڵەو خراپو بۆ ئامانجی خراپ بەکاریان دێنن.

بڕگەی دووەم: لەبێژینگدانی قسەکانیان:

لە بڕگەی دووەمی ئەم هەڵسەنگاندنەماندا، بە پێویستی دەزانم چەند قسەیەکی (إبن باز) و (إبن عثیمین) بەتایبەت لە مەحەکی عەقڵو نەقڵ بدەین، کە لەو قسانەیاندا هاتبوون، کە پێشتر لێیانەوە هێنامانن:

یەکەم: (إبن باز):

یەك: لە وەڵامی پرسیارێکدا کە لەبارەی شەرعییبوون یان شەرعیینەبوونی یادکردنەوەی بیرەوەریی لەدایك بوونی پێغەمبەر (محمد) ﷺ، وە شەوی شەوڕۆو بەرزبوونەوەو کۆچکردنی پێغەمبەر بۆ مەدینە، ئاڕاستەی کراوە، پاش چەند قسەیەك گوتوویەتی: (فلیسَ لأحَدٍ أن یُحدِثَ في دینهِ ما لمْ یشرَعْهُ الله "عزّ وجل" کما قال ﷺ: (مَنْ أحدثَ في أمرنا هذا ما لیسَ منه فهوَ ردٌ) متفق علیه عن عائشة، و أخرج مسلم في صحیحه عنها: (مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لیسَ علیهِ أمرنا فهوَ ردٌ)...).

کە پێشتر تەواوی قسەکانیمان هێناو ماناشمان کردن، لە وەڵامیدا دەڵێین:

وەك پێشتر باسمان کردو سەلماندیشمان کە یادو بۆنەو جەژنەکان

لەجۆری عادەت‌و هەڵس‌و کەوتەکانن‌و، لە خانەو بازنەی عیبادەتدا نین، تاکو بە چەمك‌و واتای (دین) بە بەشێك لە (دین) دابنرێن‌و، داهێنانیان بە داهێنان لە ئایینداا (الإبتداع في الدين) و زیادکردن لە دیندا دانانرێ، بەڵکو بە داهێنان لەبواری هەڵس‌و کەوتەکان (الإبداع في المعاملات)دا دادەنرێن.

هەروەها هیچ کام لە ئایەتی: ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ...﴿٢١﴾ ﴾ الشوری، وە فەرموودەکانی: (مَنْ أحدثَ في أمرنا هذا ما ليسَ منه فهوَ ردٌ) وە (مَنْ عَمِلَ عَمَلاً ليسَ عليهِ أمرنا فهوَ ردٌّ)، وە فەرموودەی: (أمَّا بَعدُ، فَإنَّ خير الحديث كتاب الله و خَيرَ الهَدْيِ هَدْيُ محمدٍ ﷺ و شرَّ الأمورِ مُحْدَثاتُها، وكلَّ بدعةٍ ضلالة) رواه مسلم: ٨٦٧، ناگونجێ بکرێنە بەڵگەی ئیسپاتی ناڕەوایی ئەنجامدانی ئەو یادو بۆنانەی کە لەخودی خۆیاندا ناشەرعیی نین‌و، مسوڵمانانیش سوودو بەرژەوەندییان تێدا دەبینین، چونکە:

١/ داهێنان لەبواری هەڵس‌و کەوت‌و عادەتەکاندا، ئیزن‌و مۆڵەتی شەریعەتی خوای لەسەرەو چەمکی ڕستەی: ﴿مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ﴾ نایگرێتەوە.

٢/ وە یادو بۆنەکان مادام لەبازنەی عیبادەتدا نەبن، ئەنجامدەرانیان چەمکی فەرموودەکانی (مَنْ أحدثَ في أمرنا هذا) و (مَنْ عَمِلَ عَمَلاً ليسَ عليهِ أمرنا) نایانگرێتەوە، چونکە هیچ شتێکیان لە ئایینداا دانەهێناوەو زیاد نەکردوە، مەگەر کەسێك ئەو یادو بۆنانە بە

خەیاڵی خۆی بەجۆرێك لە عیبادەت بزانێ، کە ئەوکاتە بێگومان یادکردنەوەکەی بە بیدعەتو شت زیادکردن لە ئایینداا دادەنرێ.

٣/ هەروەها یادو بۆنەکان مادام لەبازنەی عیبادەتدا نەبن، چەمکی ڕستەی: (و شرَّ الأمورِ مُحدَثاتها وکلَّ بدعةٍ ضلالة) نایانگرێتەوە، چونکە بەدڵنیاییەوە مەبەست لە شتە پەیداکراو و داهێنراوەکان، ئەوانەن کە لەبواری عەقیدەو عیبادەتدا پەیدادەکرێن، نەك بەگشتی، ئەگەر نا دەبووایە سەرجەم ئەو شتانەی کە لە بوارەکانی حوکمو سیاسەتو جەنگو ئاشتییو ئیداریی‌و پیشەسازیی‌و بازرگانیی‌و...هتددا، داهێنراون‌و پەیداکراون، بیانگرێتەوە، هەرچەندە هیچ دەقێکی تایبەتیش لەسەر قەدەغەکردنیان نەبێ‌و، بەرژەوەندییشیان تێدابێ!

دوو: هەروەها هەر لەوبارەوە "وەك پێشتر قسەکانیمان هێناو ماناشمان کردن" دەڵێ: (وهذه الإحتفالات التي ذكرت في السؤال لم يفعلها الرسول... ولم يَفْعَلْها أصحابه... ولم يفعلها أئمة الهدى في القرون المُفَضَّلة...).

وەڵامەکەشی ئەوەیە کە بەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺو هاوەڵانی بەڕێزی‌و زانایانی پێشین بەو یادو بۆنانە هەڵنەستاون، بەڵام بێگومان مەرجی بواری هەڵس‌و کەوت‌و عادەتەکان، ئەوە نیە کە پێغەمبەری خوا "صلى الله عليه وسلم" پاشان هاوەڵانی "خوا لێیان ڕازی بێ"و زانایانی پێشین "خوا لێیان خۆشبێ" کردبیانن، چونکە ئەگەر وابێ، دەبێ زۆرێك لە هەڵس‌و کەوت‌و عادەتەکانی ئێستامان ناشەرعیی‌و گوناه بن، هەرچەندە

پێچەوانەی هیچ دەقێکی شەریعەتیش نەبن‌و پەکیشمان لەسەریان کەوتبێ، هەر دوور نەڕۆین:

هەبوونی دەستەی فەتوادان لە سعوودیە (هيئة الإفتاء في السعودية)، شێخی ئەزهەر لە میسر (شيخ الأزهر في مصر)! کە دوو شتی پەیداکراون‌و پێشتر شێوەو وێنەیان نەبووە!

سێ: دیسان هەر لەوبارەوە گوتوویەتی: (ولم يُشَرِّعْ لنا سبحانه وتعالى عيداً للميلاد لا ميلاد النبي و لا غيره بل قد دلت الأدلة الشرعية من الكتاب و السنة على أن الإحتفال بالموالد من البدع المحدثة في الدين، ومن التشبُّه بأعداءِ الله من اليهود و النصارى و غيرهم...).

ئێمەش دەڵێین:

١- جەژن‌و یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر ﷺ چونکە عیبادەت نەبووە، بۆیە خوا "عز وجل" داینەناوە، بەڵام کە داشینەناوەو فەرمانیشی پێنەکردوە، لە هیچ دەقێکی شەریعەتیشدا ڕێی لێ نەگرتوەو، لە ناوچەی بەجێهێڵراو (منطقة العَفو)دا هێشتوویەتەوە، وە ڕاستیش نیە کە بەڵگەکانی شەرع لە قورئان‌و سوننەت، ڕێیان لەو یادو بۆنانە گرتبێ‌و، ئایەت‌و فەرموودەکان بەگشتی باسی قەدەغەبوونی لادان‌و شت لە ئایینِدا پەیداکردن‌و داهێنان دەکەن‌و، هەڵسان بەو یادو بۆنانەش وەك عادەتێکی باش‌و بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیی دین‌و ژین، بە لادان‌و شت لە ئایینِدا پەیداکردن دانانرێ.

٢- پێشتریش باسی مەسەلەی خۆچواندن بە کافران (التشبُه بالكُفّار)مان کرد، کە تەنیا لە حاڵەتێکدا بە خۆبەکافران چواندن دێتەدی، کە

مسـولّمانان لـەو شـتانەدا چـاویان لێ بکـەنو وەك وان بکـەن، کـە تایبەتمەندیی ئایینی ئەوانن، نەك لە هەموو شتێکدا، چونکە پێغەمبـەر ﷺ وەك (بخاري و مسلم) هێناویانە:

پاش ئەوەی ویستی نامە بـۆ پادشـاکانی فـارس‌و ڕۆم‌و میصـر بنووسـێ‌و هەواڵیشیان پێدا کـە پادشـایەکان نامـەی بـێ مـۆر (خَـتم) ناخوێننـەوە، فەرمانی کرد مۆرێکی بۆ دروست بکەن کە لە سەری نووسرابوو: (محمـد رسول الله)، بەڵام بەم شـێوەیە بـوو: (الله محمـد رسـول)[1]، هـەروەها کـە لـە ڕۆژگاری (عمر بن الخطاب) خەلیفـەی دووەمـی پێغەمبـەردا "خـوا لێی ڕازی بێ"، دەوڵەتی ئیسلامیی فراوان بوو، عومەر کۆمـەڵێك ڕێکخسـتنی ئیداریی ڕۆم‌و فارسەکانی بەکارهێنا وەك:

١- دانانی دیوانەکان (تدوين الدواوين).

٢- دانانی پۆستە (البريد).

٣- دانانی حەپسخانە (السجن).

٤- دروستکردنی شارەکان (تعمير الأمصار).

٥- دانانی سوپای تەرخانکراو (الجيش النظامي)...

دیارە هیچ کەسیش نەیگوت: ئەو شتانە خۆپێچواندنی کـافرانی فـارس‌و ڕۆمن!!

ئنجا بێگومان فەرموودەی: (لَتتبعُنَّ سَنَن الـذين مـن قـبلكم...) مەبەسـت ئەو کەسانەیە کە لە تایبەتمەندییەکانی کافراندا شوێنیان دەکـەون، کـە

---

١ – عن أنس أنّ النبيّ ﷺ أراد أن يكتب الى كسرى وقيصر والنجاشي، فقيل: إنهم لايقبلون كتاباً الاّ بخاتم، فصاغ رسول الله ﷺ خاتماً حلقةُ فِضّةٌ ونقش فيه: محمد رسول الله. رواه البخاري: ٦٥، ومسلم: ٢٠٩٢/٥٨.

زیاتر لەبواری عەقیدەو عیبادەتدا بەرجەستە دەبن، نەك لەبواری هەڵس‌و کەوت‌و عادەتەکاندا، کە بناغە تێیاندا ڕەوایی‌و دەستکراوەییە، مەگەر شتێك بە دەقێکی تایبەت قەدەغە کرابێ.

دووەم: (ابن عُثيمين):

ئەمیش لەو قسانەدا کە پێشتر لێیەوە نەقڵمان کردن‌و ماناشمان کردن، چەند شتێك دەڵێ، بۆ نموونە:

یەك: لەبارەی ئاهەنگ گێڕان (إحتفال) بەبۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەرەوە ﷺ گوتوویەتی: (... ومن الناحية الشرعية فالإحتفال لا أصل له أيضاً لأنه لو كان من شرع الله لفعله النبيّ أو بلغه لأُمته... و إذا لم يكن من دين الله فإنه لايجوز لنا أن نتعبَّد به لله "عزّ وجل" و نتقرَّب به لله...).

ئێمەش دەڵێین:

١- شەرعیی نەبوونی شتێك، دوو واتای هەن:

أ/ دەقێکی شەریعەتی لەسەر نیە (واتە: قورئان‌و سوننەت)، کە بێگومان ئەوە بەس بۆ بواری عیبادەت (ئیمان‌و عەقیدەو دروشمەکان) پێویستە، چونکە وەك لە (بنەمای پێنجەم)دا هاتوە، بناغە لە خواپەرستییەکاندا شوێنکەوتن (إتباع)ە.

ب/ پێچەوانەی دەقێکی ڕوون‌و بێ چەندو چوونی شەریعەتە.

ئنجا دەڵێین: بەڵێ هیچ دەقێکی قورئان‌و سوننەتی ڕوون لەسەر یادو بۆنەکان نیە کە بفەرموێ: بیانکەن، یان ڕەوان، بەڵام هیچ دەقێکیش

لەسەر رێ لێگرتنو قەدەغەکردنیان نیەو، ڕەوابوونی شتێکیش لەبواری هەڵسو کەوتو عادەتەکاندا، هیچ پەکی لەسەر دەقێکی تایبەت نەکەوتوە، چونکە بناغە تێیاندا ڕەواییو ڕێپێدرانە[1].

٢- بێگومان پەرستش بۆ خواو خۆ لێ نیزیك خستنەوەی (التعبد لله و التقرب إليه) تەنیا بەو شتانە دەکرێ کە خواپەرستیی (عبادة)ن، ئنجا مادام یادو بۆنەکان لەجۆری هەڵسو کەوتو عادەتەکانن، دیارە بەمەبەستی ئەوە ناکرێن کە ڕاستەوخۆ مرۆڤ لە خوا نیزیك بخەنەوە، هەرچەندە بەنیەتی باشەوە بە طاعەت دادەنرێن و، پاداشتیشیان لەسەر هەیە، وەك لە (بنەمای حەوتەم)دا خستمانەڕوو.

٣- پاشان دەڵێین: ئەگەر مەبەست لەوە، کە یادو بۆنەکان بەشێك نین لە ئایینی خوا، ئەوە بێ کە دەقێکی تایبەتی شەریعەتیان لەسەر نیە، ئەوە ڕاستەو، ئەمەش تەنیا لەبواری عەقیدەو عیبادەتدا بە مەرج گیراوە.

بەڵام ئەگەر مەبەست ئەوەبێ کە پێچەوانەی شەریعەتنو، بەڵگەیان لە شەریعەتدا لەسەر نیە، ئەوە هەڵەیە، چونکە بواری عادەتو هەڵسو کەوتەکان، ئەسڵو بناغە تێیاندا ڕەواییەو، ئەمەش بەڵگەیەکی گەورەی شەریعەتە بۆ ڕەوا پێدانی سەرجەم ئەو شتانەی کە مسوڵمانان بەرژەوەندیی دینو ژینی خۆیانیان پێ دێننەدی، لەو بوارەدا کە سەنگی مەحەك تێیدا هێنانەدی بەرژەوەندیی (تحقيق المصلحة)یە.

---

[1] - {فقال ابن عقيل: فإن أردت بقولك: ((الأ ما وافق الشرع} أي: لم يخالف ما نطق به الشرع، فصحيح، وإن أردت: لاسياسة الأ ما نطق به الشرع، فغلط وتغليط للصحابة...))} الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، ص٢٢، لابن قيم الجوزية.

دوو: هەروەها هەر لەوبارەوە گوتوویەتی: (هذا الإحتفال ان كان من كمال الدين فلا بُدَّ أن يكون موجوداً قبل موت الرسول ﷺ، و إنْ لم يكن من كمال الدين، فإنّه لايمكن أن يكون من الدين، لأنَّ الله تعالى يقول: ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ﴾، وَمَنْ زَعَم أنه من كمال الدين، و قد حدث بعد الرسول، فإنَّ قوله يتضمَّنُ تكذيب هذه الآية...) كە پێشتر هێنامانو ماناشمان كرد.

ئێمەش دەڵێین:

١- ئەو قسانە هەموویان لەسەر ئەوە بنیات نراون، كە یادو بۆنەكان "لەنێوانیشیاندا یادی لەدایكبوونی پێغەمبەر ﷺ" جۆرێكن لە خواپەرستیی (عبادة)، بەڵام وەك پێشتر "لە بەشی یەكەمو لە (بنەمای هەشتەم)و (بنەمای نۆیەم)دا- خستمانەڕوو یادو بۆنەكان لە بازنەو خانەی هەڵسو كەوتو عادەتەكاندان.

كەواتە:

یادو بۆنەكان هەرچەندە بەشێك نین لە تەواویی ئایین (كمال الدين)، بەڵام پێچەوانەی ئایین نینو، لەگەڵیشی ناكۆك نین "وەك پێشتریش باسمان كرد" چونكە ئایین خۆی ڕێی داوە كە مسوڵمانان هەرچی بە باشی دەزانن‌و، پێیان وایە بەرژەوەندیی دینو ژینیان دابین دەكات، لە بواری هەڵسو كەوتو عادەتەكاندا، بیهێننەدی.

٢- بەڕەوادانانی یادو بۆنەكان ئەوە ناگەیەنێ كە فەرمایشتی خوا: ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ﴾ ڕاست نیە، چونكە دەڵێین:

یادو بۆنەكان بەشێك نین لە دین، تاكو بگوترێ: چۆن دەبێ دین

بەشێکی پاش مردنی پێغەمبەر ﷺ دابنرێ؟ بەڵکو هەڵس‌و کەوتێکن کە ئیسلام، ئایینی تێرو تەواوی خوا، بە دەقە گشتییەکانی ڕێی پێداون، ئاشکراشە ئایین‌و بەرنامەی تێرو تەواوی خوا، ڕێی هێنانەدی هیچ بەرژەوەندییەك لە شوێنکەوتووانی خۆی ناگرێ!

سێ: دیسان هەر لەوبارەوە گوتوویەتی:

(ولا ريب أن الذين يحتفلون بمولد الرسول ﷺ إنّما يريدون بذلك تعظيم الرسول وإظهار محبته و تنشيط الهِمَم على أن يوجد منهم عاطفة في ذلك الإحتفال للنبي و كل هذا من العبادات... و إن كان عبادة فإنه لايجوز أبداً أن يُحْدَثَ في دين الله ما ليس منه...) کە پێشتر هێنامان‌و ماناشمان کرد.

ئێمەش دەڵێین:

١- هەرچەندە خۆشویستن‌و ڕێزگرتن‌و بەگەورەگرتنی پێغەمبەری خوا ﷺ، بەخواپەرستیی ڕاستەوخۆ (العبادة المباشرة) بۆ خوا دانانرێ‌و، تەنیا فەرمانبەریی خوا (إطاعة الله)یە، بەڵام ئەگەر گریمان قسەی (ابن عثيمين)یش بسەلمێنین‌و ئەو شتانە خواپەرستیی (عبادة)بن، ئەوە هیچ گرفتێك لەئارادا نیە، چونکە خوای کاربەجێ کاتێك فەرمانی بە ئیمانداران کردوە کە شوێن پێغەمبەرەکەی بکەون: ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ ... ﴿٣١﴾ ﴾ آل عمران، وە ئیمانی پێ بێنن‌و ڕێزی بگرن‌و پشتی بگرن: ﴿ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُوا۟ ٱلنُّورَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿١٥٧﴾ ﴾ الأعراف، هەروەها بە حورمەت ڕێزو

بەگەورەگرتنـەوە مامەڵـەی لەگـەڵ بکـەن، ﴿ لِّتُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴿٩﴾ ﴾ الفـتح، بـەڵێ کاتێـك فـەرمانی بـەوە پێکـردوون، بەگشـتی فـەرمانی پێکـردوونو، میکـانیزمو چـۆنیەتیو شـێوەی ئـەو ڕێزلێگـرتنو خۆشویسـتنو بەگەورەگرتنو پشتگرتنەی دیاری نـەکردوە، هـەروەها کاتو شوێنی دیاریی نەکردوون، بۆیـە بەهـەر شـێوەیەکو لەهـەر کاتێکداو لەهـەر جێیەکدا، ئـەو فەرمانانـە جـێ بـەجێ بکـرێن، شـەرعیو پەسـندە و هیچ گرفتو ئیشکاڵێکی تێدا نیە.

٢- ئنجا ئەگەر یادکردنەوەی لەدایك بوونی پێغەمبەر ﷺ لەبەرئەوە بە بیدعـەتو زیـادکردن لـە دینـدا دابنـرێ، کـە باسـی خۆشویسـتنو ڕێزلێگرتنو بەگەورەگرتنی پێغەمبەری تێدادەکرێ، دەبـێ بەهـەمان شـێوە دەرسو وتـاری وانـە بێـژانیش لـە قوتابخانـەو زانکۆیـەکانو هۆڵەکانیشدا، کە ڕێزو خۆشەویستیو پشتگیریی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دەردەبـڕن، هـەمووی هـەر بیدعـەتو داهێنـان بـێ لـە ئایینـدا، چونکە بەشێوەو میکانیزمێکو لە کاتو شوێنێکدا ئەنجام دەدرێ، کـە پێغەمبەری خواو هاوەڵانیو زاناو پێشەوایانی پێشین (علماء و أئمة السلف) نەیانفەرمووەو نەیانکردوە!!

٣- لەڕاستییدا داهێنـانی شـێوازو ئـامڕازو چـۆنیەتی تـازەو هاوچـەرخ بـۆ جێبەجێکردنی ئەمرو نەهییە دیـنەکانی قورئانو سوننەت، مانای ئەوە نیە کـە شـتێك لـە ئیسلام زیـادکراوەو ئـایینو بەرنامـەی تێـرو تەواو (کامل) خوا بە ناتـەواو دانـراوە! بـەڵکو مەسـەلە تـەنیا ئەوەیـە

كه بەشێوازو چۆنیەتیو ئامرازی تازەو هاوچەرخ، خزمەتی ئایینو بەرنامە تێرو تەواوەکەی خوا کراوە، وە ئایینی ڕاستو تەواوی خوا، هەرگیز ڕازی نابێ شوێنکەوتووانی بەشێوازو ئامرازو چۆنیەتی کۆنو نەگونجاو و کات بەسەرچوو، خزمەتی بکەنو، سەرەنجام ئایینەکەیانو خۆشیان وا بخەنە بەرچاو کە لە ڕەوتی ڕۆژگارو ژین بەجێماون !

چوار: هەروەها (ابن عثيمين) کاتێک لەبارەی جەژنی دایک (عيد الأم)ەوە پرسیاری لێکراوە کە لەڕۆژی: ((٢١)ی مارس)ی هەر ساڵێک دایە، گوتوویەتی:

(إن كل الأعياد التي تخالف الأعياد الشرعية كلّها أعياد بِدَعٍ حادثة ما كانت معروفة في عهد السلف الصالح، وربَّما يكون منشؤها من غير المسلمين أيضاً، فيكون فيها مع البدعة مشابهة أعداء الله "سبحانه وتعالى"... وإذا تبيَّن ذلك فإنه لايجوز في الذي ذَكَرتِ السائلة و التي سَمَّتْهُ عيد الأُم، لايجوز فيه إحداثُ شيءٍ من شعائر العيد كإظهار الفَرَحِ و السرور و تقديم الهدايا و ما أشبه ذلك...) کە پێشتر هێناماندو ماناشمان کرد.

ئێمەش لە وەڵامدا دەڵێین:

١- هیچ دەقێکمان نیە جەژنە شەرعییەکانو ناشەرعییەکانی لەیەک جیاکردبنەوە، بەڵێ "وەک پێشتر باسمان کرد" هەرکام لە جەژنەکانی قوربانو ڕەمەزانو ڕۆژەکانی تەشریقو ڕۆژی جومعە، بە ڕۆژانی جەژنی مسوڵمانان دانراون، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە کە

نـەگونجێ مسوڵمانان هـیچ یـادو بۆنەیـەکی دیکـەیان هـەبێ، چـونکە مادام جـەژنو بۆنـەکان لەبازنـەی هـەڵس‌و کـەوتو عادەتەکانـدا بـن، مسوڵمانان دەستیان کراوەیـە کـە ڕۆژانـی دیکـەش بەبۆنـەی دیکـەوە، بکەنە ڕۆژی یادکردنەوەو خۆشیی‌و شادیی دەربڕین‌و گردبوونەوە.

کەواتـە: هـەر بۆنـەو جـەژن‌و یادێـک کـە نێـوەڕۆک‌و شـێوازەکەی لـەخودی خۆیـدا پێچـەوانەی شـەریعەت نـەبێ، ئـەوە لەسـەر ئەسـڵی خۆی کە ڕەواییـە ماوەتـەوەو، سـەرجەم جـەژن‌و بۆنـەکان شـەرعیین، مەگەر ئەوەی لەگەڵ دەقێکی شەریعەتدا تێک بگیرێ.

٢- پێشتر باسمان کـرد کـە چـاولێکردنی کـافران‌و خۆپێچـواندنیان، تـەنیا لەو شتانەدا قەدەغەو ڕێلێگیراوە، کە تایبەتمەنـدیی ئـاییـنیی ئـەوانن، ئەگـەرنا سـوودمەندبوون‌و بـەهرە وەرگرتنـی مسوڵمانان لـە غـەیری خۆیان، شتێکی ڕەواو پەسندو بگـرە جـاری وایـە پێویستیشـە، بـەپێی فـــەرموودەی خـــوا: ﴿ ...فَبَشِّرْ عِبَادِ ﴿١٧﴾ ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ... ﴿١٨﴾ ﴾الزمر، وە بەپێی شوێنەوار (أثر)ی: (الحكمة ضالة المؤمن، فحيثما وجدها فهو أحق بها) رواه الترمذي.

هەڵبەتـــە دیـــاریکردنی ڕۆژێکـــیش بـــۆ تێـــدا یادکردنـــەوەی ڕێـــزو حورمەتی دایک‌و مافەکانی‌و جـەخت لەسـەر کردنـەوەیان، هـەروەها: منداڵ‌و ماموّستاو کرێکارو زینـدانیی‌و ڕۆژنامـەنووس‌و... هتـد، نـەک هەر لەگـەڵ هـیچ ئایـەت‌و فەرموودەیەکدا دژو پێچـەوانە نیـە، بگـرە چەندان ئایەتی قورئان‌و دەقی سوننەت هەن، کـە بـە چـەمک‌و واتـای گشتی‌و تایبەتییان دەڵالەت لەسەر ئەو ئامانجانە دەکەن، کە ئەو یادو

بۆنانەیان بۆ دانراون.

٣- ئنجا بەڕاستیی شتێکی سەیریشە (إبن عثیمین) خوا لێی خۆشبێ، هەرکام لە خۆشحاڵیی‌و شادمانیی دەربڕین‌و دیاریی‌و خەڵات بەخشینەوەی، بە دروشمەکانی جەژن داناون: (لایجوز فیه إحداثُ شيءٍ من شعائر العید کإظهار الفَرَح و السرور و تقدیم الهدایا و ما أشبه ذلك...) چونکە بێگومان ئەو جۆرە شتانە تایبەت نین بە جەژنەوەو، گریمان ئەگەر تایبەتیش بن، هیچ بەڵگەیەك نیە لەسەر ئەوەی کە دروست نیە لە غەیری ڕۆژی جەژندا شادمانیی دەربڕرێ‌و دیاریی‌و خەڵات ببەخشرێتەوە !

لێرەشدا کۆتایی بە بەشی دووەم دێنین‌و، دەگوازینەوە بۆ بەشی سێیەم‌و کۆتایی، کە تەرخانمان کردوە بۆ باسی (نەورۆز).

بەشی سێیەم

لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی ڕەوایی و نا ڕەوایی یادکردنەوەی ڕۆژی نەورۆزەوە

خوا پشتیوان بێ ئەم بەشی سێیەمە کە تەرخانمان کردوە بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی بۆنەی نەورۆزو ڕەوایی‌و نارەوایی یادکردنەوەی‌و ئاهەنگ تێداگێڕانی، بۆ پێنج خاڵی سەرەکیی دابەش دەکەین، کە ئەمانەن:

یەکەم: چەمك‌و واتای وشەی (نەورۆز)‌و کات‌و هەل‌و مەرجی سەرهەڵدانی.

دووەم: تێڕوانینی زانایان بۆ جەژنی نەورۆزو، مامەڵەی حوکمڕانانی دەوڵەتی ئیسلامیی لەگەڵیدا، جۆراو جۆر بووە.

سێیەم: ئاگرکردنەوەی ڕۆژی نەورۆزو، ئاگری بەردەوامی مەجووسییەکان، دووشتی جیاوازن.

چوارەم: حوکمی یادکردنەوەی نەورۆز، لەبەر ڕۆشنایی عادەت‌و باو و هەل‌و مەرجی ئێستایدا دیاریی دەکرێ.

پێنجەم: بۆنەی نەورۆزو ئاگر تێداکردنەوەی، چ شادیی دەربڕین بێ، بەسەرهتای بەهارو نەمانی سەرماو زوقمی زستان، چ شادمانیی بێ، بەنەمانی ستەمکارێکی خوێن مژو دەربازبوونی خەڵکێکی چەوساوە، گرنگ ئەوەیە شێوازو ئامانج‌و نێوەرۆکێکی پێچەوانەی شەریعەتی نەبێ.

یەکەم: چەمک و واتای وشەی (نەورۆز) و کات و هەل و مەرجی سەرهەڵدانی:

خوێنەری بەڕێز!

بۆ نووسینی سەرگوزشتەی بۆنەی نەورۆزو، کات و هەل و مەرجی سەرهەڵدانی، وێڕای چەند ڕۆژێك گەڕان و پشکنین و پرسیارکردن لەکەسانێکی شارەزا، سوودم لەم سەرچاوانەش بینی:

١- شاهنامه/ حكيم أبوالقاسم فردوسي.

٢- تأريخ الأمم والملوك / لأبي جعفر محمد بن جرير الطبري، ج١

٣- مروج الذهب ومعادن الجوهر/ للمسعودي، ج١.

٤- الكامل في التأريخ / لابن الأثير، ج١.

٥- تأريخ غرر السير / لأبي منصور عبدالملك بن محمد الثعالبي.

٦- موسوعة تأريخ إيران السياسي / د. حسن كريم الجاف، ج١.

٧- الجذور الأسطورية لملحمة نوروز الشعبية / د. حسين قاسم العزيز.

٨- المفصّل في نشأة نوروز الذهنية الإبداعية / د. حسين قاسم العزيز.

٩- کاوەو نەورۆز لەنێوان ئەفسانەو ئایینداا / حسن محمود حمه کریم.

١٠- نەورۆز لەڕەگو ڕیشەی مێژوودا، خوێندنەوەیەکی ئایینیانە بۆ ئەفسانەی نەورۆزو کاوەو ئاگر / حسن محمود حمه کریم.

١١- (الكرد وكردستان: جدلية الأسطورة والتأريخ والدين) د. فرست مرعي.

چەمك‌و واتای وشەی (نەورۆز)

وشەی (نەورۆز) وشەیەکی لێکدراوە لە هەردووك وشەی (نەو) و (رۆز)، واتە: رۆژی نوێ (الیوم الجدید) کە ئێستا بە رۆژی بیست‌و یەکی مارت (٣/٢١)ی هەر ساڵێك دەگوترێ‌و[١]، هەرکام لەنەتەوەی کوردو فارس بەسەرهتای ساڵی خۆیانی دادەنێن.

هەرچەندە لەکتێب‌و سەرچاوە عەرەبییو فارسییەکاندا، تایبەت کراوە بە نەتەوەی فارسەوەو باسی کورد نەکراوەو، هۆکاری سەرەکیی ئەوەش بریتیی بووە لە بێ قەوارەییو بێ دەوڵەتیی کورد[٢].

هەڵو مەرج‌و کاتی سەرهەڵدانی نەورۆز

بەنسبەت کاتی سەرهەڵدانی نەورۆزیشەوە، وەك جەژن‌و بۆنەیەك کە سالانە لەلایەن ژمارەیەك گەلانی دنیاوە یاد دەکرێتەوە، وەك کورد، فارس، ئەفغان، تاجیك، ئازەر، ئۆزبەك، عێراقییەکان، میصرییەکان... مێژوونووسان یەك قسەنین‌و ڕاجیایی زۆریان هەیەو، هەندێکیان دەڵێن: وا پێدەچێ پێش ئەوەی (فیردوسی) لە (شاهنامە)کەی خۆیدا وەك گەلێك بەسەرهات‌و ئەفسانەی دیکە تۆماری بکات، پێشتر تەنیا وەك چیرۆکێکی دەماودەم گێڕابێتەوە.[٣]

شایانی باسیشە کە (نۆڵدکە) ڕۆژهەڵاتناسی ناودار ڕای وایە کە کتێبی: (خدای نامە) کە بەزمانی پەهلەویی بووەو دوایی بۆ فارسی وەرگێڕراوە،

---

[١] - المعجم الوسیط، ص٩٦٢ ط٢، وە (المنجد) ص٨٥٠، ط٤٣.

[٢] - میللەتان بەبێ قەوارەی سیاسیی، بوون‌و مێژوو و ئایین‌و کلتووری خۆیان بۆ ناپارێزرێ.

[٣] - نەورۆز لە ڕەگ‌و ڕیشەی مێژوودا... لاپەڕە:٦.

سەرچاوەی سەرەکی هەرکام لە (شاهنامە)و کتێبە عەرەبییەکانیشە، کە لەبارەی مێژووی کۆنی ئێرانەوە نووسراون[1].

دیارە بەسەرنجدانی مێژووی کۆچی دوایی مێژوو نووسە بەعەرەبیی نووسەکانی وەك: (اليعقوبي) و (الطبري) و (المسعودي) و (الثعالبي)یش و، بەراورد کردنیان لەگەڵ هی (فردوسی)دا، بۆمان دەردەکەوێ کە مەگەر فیردەوسی لەوانی وەرگرتبێ، ئەگەرنا ناگونجێ ئەوان هیچیان لەفیردەوسی وەرگرتبێ، چونکە:

١- (اليعقوبي) خاوەنی: (تأريخ اليعقوبي) لە سالّی: (٢٩٢)ی کۆچییدا مردوە.

٢- (الطبري) خاوەنی: (تأريخ الأمم والملوك) لەسالّی: (٣١٠)ی کۆچییدا مردوە.

٣- (المسعودي) خاوەنی: (مروج الذهب ومعادن الجوهر) لە سالّی: (٣٤٦)ی کۆچییدا مردوە.

٤- (الثعالبي) خاوەنی: (تأريخ غُرَر السِّير) لەسالّی: (٤٢٩)ی کۆچییدا مردوە.

٥- بەلاّم فیردەوسی خاوەنی: (شاهنامە) لەسالّی: (٤٣٨)ی کۆچییدا مردوە.

کەواتە: ناگونجێ بڵێین: (شاهنامە)ی فیردەوسی یەکەمین سەرچاوەی نووسراوە، کە باسی بەسەرهاتی ئەفسانەیی کاوەی ئاسنگەرو ئەژدەهاك (ضحاك)و جەژنی نەورۆزی کردوە، ئەوەتا (المسعودي) لەباسی (جمشید)دا گوتوویەتی: (وذهب كثير من الناس الى أن النّيروز في أيامه أحدث وفي ملكه رُسِمَ)[2]، واتە: وە زۆرێك لەخەڵکی پێیان وایە کە لەڕۆژانی حوکمڕانیی ویدا نەورۆز داهێنراوەو کراوەتە بۆنەیەکی فەرمیی.

---

١ - الجذور الأسطورية للحمة نوروز الشعبية، ص٢٣٢ط:٢٠١٠.

٢ – مروج الذهب، ج١، ص١٧٧.

ئنجا لەبارەی هۆکاری پەیدابوونی نەورۆزەوە، وەك جەژنو بۆنەیەك بەگشتیی، سێ بۆچوون هەن:

یەك: ڕاپەڕینو شۆڕشکردنی خەڵكو جەماوەرێکی چەوسێنراوە، بە ڕابەڕایەتیی کاوەی ئاسنگەر (کاوە الحداد)، لەدژی ئەژدەهاك (ضحاك) کە حوکمڕانێکی زۆردارو خوێنڕێژ بووە، کە دوایی بەسەرهاتەکەی باس دەکەین.

دوو: دەربازبوونی خەڵك لەوشوێنانەدا کە زستانیان زۆر ساردە، لەسەرماو زوقم‌و، کەوتنە نێوکەشی بەهارەوەو دەستپێکردنی ساڵێکی نوێ.

سێ: نیشتنەوەی کەشتیەکەی (نووح) "علیه السلام"و لەنگەرگرتنی لەسەر چیای جوودیی، کە خوای کاربەجێ لەوبارەوە فەرموویەتی: ﴿ وَقِيلَ يَٰٓأَرۡضُ ٱبۡلَعِي مَآءَكِ وَيَٰسَمَآءُ أَقۡلِعِي وَغِيضَ ٱلۡمَآءُ وَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ وَٱسۡتَوَتۡ عَلَى ٱلۡجُودِيِّۖ وَقِيلَ بُعۡدٗا لِّلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٤﴾ ﴾ هود، واتە: وەگوترا: ئەی زەوی ئاوەکەت قوت بدەە! وە ئەی ئاسمان، چیدیکە مەبارێنە ! وەئاوەکە ڕۆچوو و نەما وەکارەکە تێپەڕی، وە (کەشتییەکە) لەسەر (چیای) جوودیی لەنگەری گرت، وەگوترا: دووریی (لەبەزەیی خوا) بۆ کۆمەڵی ستەمکاران.

ئەم ڕایەش هی مامۆستا (حەسەن مەحموود حەمە کەریم)[1]و نەمبینیوە کەسی دیکە پێش وی گوتبێتی، بەڵام (الطبري) گوتوویەتی: (...وقد بلغنا أن الضحاك هو نمرود وأن ابراهيم خليل الرحمن ﷺ ولد في زمانه وأنه صاحبه

[1] - کاوەو نەورۆز لەنێوان ئەفسانەو ئایینداا، لاپەڕە: ١٢، چاپی یەکەم.

الذي أراد إحراقه...)[1]، واته: وەپێمان گەیشتوە کە ئەژدەهاك نەمروودە، وە ئیبڕاهیم دۆستی نیزیکی خوا ﷻ لەڕۆژگاری ئەودا لەدایك بووەو، هەر ئەویش بووە کە نەمروود ویستوویەتی بیسووتێنێ.

شایانی باسیشە کە بەسەرهاتی هەوڵدان بۆ سووتاندنی ئیبڕاهیم "علیه السلام" لەلایەن (نەمروود)ەوە لەسووڕەتی (الأنبیاء)دا هاتوە، کە ئەمە بەشێکیەتی: ﴿ قَالُوا۟ حَرِّقُوهُ وَٱنصُرُوٓا۟ ءَالِهَتَكُمْ إِن كُنتُمْ فَٰعِلِينَ ﴿٦٨﴾ قُلْنَا يَٰنَارُ كُونِى بَرْدًا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ ﴿٦٩﴾ وَأَرَادُوا۟ بِهِۦ كَيْدًا فَجَعَلْنَٰهُمُ ٱلْأَخْسَرِينَ ﴿٧٠﴾ ﴾ الأنبیاء، گوتیان: ئیبڕاهیم بسووتێنن‌و پەرستراوەکانتان سەربخەن، ئەگەر تەمای شتێکتان هەیە، گوتمان: ئەی ئاگر ! ساردو سەلامەت بە لەسەر ئیبڕاهیم، وە ئەوان پیلانیان لە دژ گێڕاو، ئێمەش گێڕامانن لە زیانباران‌و دەستخەڕۆمان کردن.

هەروەها مامۆستا (حەسەن مەحموود) پێی وایە دەگونجێ کاوەش هەر ئیبڕاهیم بێ[2]، وە بەپیرۆزگرتنی ئاگر (تقدیس النار)یش هەر لەوکاتەوە داهاتبێ‌و، خەڵکی ئەو ئاگرەیان بەپیرۆز دانابێ کە ئیبڕاهیمی نەسووتاندوە![3].

بەڵام بێگومان ئەو قسانە هەموویان بۆچوون‌و شیکردنەوەی میژوویین‌و، هیچ بەڵگەو دیکۆمێنت (وثیقة)یك پشتڕاستیان ناکاتەوە.

ئنجا بێگومان بەپیرۆزگرتنی ئاگر بەهۆی نەسووتاندنی ئیبڕاهیمەوە "علیه السلام" شتێکی بێجێیە، چونکە:

سروشتی ئاگر سووتاندنە (طبیعة النار الإحراق)، کەواتە: ئەگەر بەس ئاگر

---

١ – تأریخ الأمم والملوك، ج١ ص٩٩، ط دار الفكر-١٩٧٩.

٢ – نەورۆز لەڕمگ‌و ڕیشەی میژوودا... لاپەڕە:١٤.

٣ - هەمان سەرچاوە، لاپەڕە:١١-١٣.

خۆی بووایە، ئیبڕاهیمی دەکردە قەرە بڕوود، بەڵام ئەوە خواو بەدیهێنەری ئاگربوو، کە نەیهێشت ئاگر بەپێی سروشتی ئاسایی خۆی ڕەفتار بکاتو ئیبڕاهیم بسووتێنێ، بەڵکو لەجیاتی ئەوە ساردو سەلامەت بێ: ﴿ قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ ﴿٦٩﴾ ﴾ الأنبياء، کەواتە: عەقڵو مەنتیق خوازیاری ئەوەن، کە بەدیهێنەرو پەروەردگاری ئاگر، بە بەرزو پاکو پیرۆز بگیرێ، نەک ئاگر، کە جگە لەدروستکراوێکی خواو سەربازێکی فەرمانبەری چی دیکە نیە.

منیش بۆچوونی خۆمم هەیە لەبارەی هۆکارو چۆنیەتی پەیدابوونی بیرۆکەی بەپیرۆزگرتنی ئاگرو خۆرو ڕووناکیی، کە پێموایە هەموویان پێکەوە پەیوەستنو دوایی باسیدەکەم.

ئەفسانەی پادشا ئەژدەهاکو کاوەی ئاسنگەرو فەرەیدوون

دیارە ئەو ئەفسانەیە زۆرێک لەسەرچاوەکانی مێژووی کۆن هێناویانە، لەوانە: (تأريخ الطبري[1]) و (مروج الذهب[2]) و (تأريخ غرر السير[3]) و (شاهنامه[4]) و (الكامل في التأريخ[5])، بەڵام لەوردەکارییەکانیدا هەندێک جیاوازییان هەیەو، ئەوەش پوختەی ئەو بەسەرهاتە ئەفسانەییە، وەک هەرکام لە (الطبري) و (المسعودي) و (الثعالبي) و (فردوسي) و (ابن الأثير) هێناویانە، بەهەندێک وردە جیاوازییەوە:

پاش یەکەمین پادشای فارس (کیومەرث)، ئنجا هەرکام لە: (ئوشهەنگ) و

---

١ – ج١، ص٩٨-١٠١.
٢ – ج١، ص١٧٥–١٧٩.
٣ – ص١٧-٣٩.
٤ - شاهنامه، ص٦-١٥.
٥ – ج١، ص٧٤-٧٧.

(طەهمووورەث)، کە یەکەمیان هەزار (١٠٠٠) ساڵو دووەمیان چل (٤٠) ساڵو سێیەمیان سی (٣٠) ساڵ حوکمڕانییان کردوە، ئەوجار (جەم) یان (جەمشید)ی بۆ (طەهمووورەث) بووبە پادشاو هەندێك دەڵێن: حەوسەد (٧٠٠) ساڵو[1]، هەندێکیش دەڵێن: شەشسەد (٦٠٠)و هەندێکیش گوتوویانە: نۆسەد (٩٠٠) ساڵو شەش مانگ حوکمڕانیی کردوە[2]، دیارە جەمشید حوکمڕانێکی زەبەردەستو بەکاربووەو، لەڕۆژگاری ویدا دەوڵەتداریی‌و حوکمڕانیی زۆر گەشەی ستاندوە، لە هەموو ڕووەکانی پیشە سازیی‌و سەربازیی‌و ...هتدەوە[3]، بەڵام جەمشید لەکۆتایی تەمەنیدا وەك (شاهنامە) هێناویەتی، تووشی لەخۆبایی بوون (غرور)و لادان بووەو، لافی پەروەردگارێتیی‌و پەرستراوێتیی (الربوبیة والألوهیة) لێداوە[4].

بۆیە سەرەنجام خەڵك بێزاربووەو زەمینە بۆ ئەژدەهاك (ضحاك)[5] یان (بیوارسب[6]) خۆشبووە کە لە جەمشید ڕاپەڕێو بیکوژێو لەشوێنی وی ببێتە

---

١ – شاهنامە، ص٦.

٢ – مروج الذهب، ج١، ص١٧٧.

٣ – شاهنامە، ص٦،٧، وة (مروج الذهب)، ج١، ص١٧٧.

٤ – شاهنامە، ص٧، (برگشتن جمشید ازفرمان خداو برگشتن ڕۆژگار از او)، واتە: هەڵگەڕانەوەی جەمشید لە فەرمانی خواو هەڵگەڕانەوەی ڕۆژگاریش لەوی.

٥ – (الطبري) بە(بیوراسب) و (ازدهاق) هێناویەتی‌و گوتوویەتی: (والعرب تسمّیه الضحاك فتجعل الحرف الذي بین السّین والزای في الفارسیة ضاداً والهاء حاءً والقاف کافاً...)، ج١ ص٩٨، کەدیارە مەبەست لەو پیتەی لەنێوان (س) و (ز) دایە، پیتی (ژ)یەو بەو پێیە ناوی (ضحاك) لەبنەڕەتدا (ئەژدەهاك)ە کە ئەویش ناوی ماری سێ سەرەو شتێکی ئەفسانەییە، هەروەها (المسعودي) ناوی (ضحاك)ی بە (الدة آك) واتە: (دە دەرد) هێناوە، (مروج الذهب)، ج١، ص١٧٨.

٦ - (الثعالبي) گوتوویەتی: (وإنما سمي: بیوارسب، لأن بیور باللغة الفهلویة ما جاوز مائة الف من العدد وکان له أکثر من مائة الف فرس ... فقولهم: بیوارسب، أي صاحب مائة الف فرس)، الجذور الأصطوریة للحمة نوروز الشعبیة، ص٢١٣.

پادشا.

ئنجا ئەژدەهاکیش بۆماوەی هەزار (١٠٠٠) ساڵ جگە لەیەك ڕۆژ حوکمڕانیی کردوە،[١] هەندێکیش گوتوویانە: هەزارو سەد (١١٠٠) ساڵ.[٢]

ئنجا سەرەنجام ئەژدەهاکیش دەستی داوەتە ستەمێکی زۆر، هەتا ڕۆژێکیان ئیبلیس لەشێوەی مرۆڤدا خۆی پێشانداوەو گوتوویەتی: من چێشت لێنەرێکی زۆر کارامەم بۆ پادشایان‌و، ئەگەر حەزدەکەی با خواردنێکت بۆ دروست بکەم، ئەویش مۆڵەتی دەداو ئیبلیس خواردنێکی زۆر خۆشی بۆ ساز دەکات، وەلەو کاتەدا خەڵك کەمتر گۆشتیان دەخوارد، بەڵام ئیبلیس لەسەر خواردنی گۆشت هانی دەدات تاکو بۆ خوێنڕێژیی‌و ستەمکردن دڵڕەق بێ، وە لەخواردنی باڵندەوە ڕایدێنێ بەرەو خواردنی بەرخ‌و مەڕو گا، وەسەرەنجام وای لێدێ بەبێ خواردنی گۆشت ناسرەوێ.

ئنجا ڕۆژێك پادشا پێی دەڵێ: تۆ خزمەتێکی زۆری منت کردوە پێم بڵێ: چ داواکارییەکت هەیە؟ ئەویش دەڵێ: هیچ پێویستییەکم نیە، مەگەر مۆڵەتم بدەی هەردووك شانەکانت ماچ بکەم‌و، ئەو شەڕەفەم پێ ببەخشی ! ئەویش مۆڵەتی دەدات‌و لە فوو و جادووی خۆی تێیان دەکات‌و سەرەنجام دووماری ڕەش، یان دوو پارچە گۆشتی[٣] لەسەر شانەکانی پەیدا دەبن، هەرکە دەبڕڕێن وەك خۆیان پەیدا دەبنەوە.

دیارە پادشا ئازارێکی زۆری دەبێ‌و خواردن‌و خەوی لێ هەڵدەگیرێ‌و،

---

١ – شاهنامه، ص٩.

٢ – الكامل في التأريخ، ج١، ص٧٧.

٣ – هەرکام لە (الطبري) و (ابن الأثير) دەڵێن: دوو پارچە گۆشت بوون نەك مار، بڕوانە: (تأريخ الأمم والملوك) ج١ ص٩٩، وە: (الكامل في التأريخ) ج١، ص٧٥، بەڵام (فیردەوسی) دەڵێ: دوو ماری ڕەش بوون، شاهنامه، ص٨ کە دەڵێ: (دوو مار سیە ازدو کتفش برست غمین / گشت وازهر سوئی چارە جست).

لەوکاتەشدا ئیبلیس خۆی پەنهان دەکاتو دەڕوات.

بەڵام پاشان کە پادشا دەکەوێتە پرسیارکردن لە پزیشکانو هیچ کەس پێی چارەسەر ناکرێ، دووبارە ئیبلیس لەشێوەی حەکیمو پزیشکێکدا دێتە لای و پێی دەڵێ: جگە لەمن هیچ کەس چارەسەرت نازانێ، ئەویش دەڵێ: ئەگەر چارەسەرم بکەی لە هەمووکەس لەلام بەڕێزترو بە قەدرتر دەبی، ئەویش پێی دەڵێ: تازە ئەو دوو مارە لە کۆڵت نابنەوە، بەڵام بەوە ئازارت نامێنێ، کە ڕۆژانە مێشکی دوو گەنجیان دەخوارد بدرێ، ئنجا دوو گەنج دەگرن و مێشکەکانیان دەخواردی مارەکان دەدرێو، پادشا خەوی لێدەکەوێو ئیسراحەت دەکات، بەڵام کە سبەینێ دووبارە مارەکان دەست دەکەنەوە بە هارو هاج، خەبەری دەبێتەوەو، بەو جۆرە ڕۆژانە دوو گەنج دەگیرێن و دەکوژرێن و مێشکەکانیان دەرخواردی مارەکانی سەرشانی زوحاك دەدرێ، پاشان ئیبلیس لە چێشتخانەی پادشا نامێنێو دوو چێشتلێنەر (طباخ)ی بۆ پەیدا دەبن بەناوی: (ئەڕمایل) و (کەڕمایل) کە زۆر بەزەییان بەو گەنجانەدادێ کە ڕۆژانە دەبێ سەر ببڕێن و مێشکەکانیان دەرخواردی مارەکانی سەرشانی زوحاك بدرێن، بۆیە ڕێك دەکەون کە لەمەودوا یەکێك لە دوو گەنجەکە ئازاد بکەن و، لەجیاتی ئەوە مێشکی مەڕێك لەگەڵ مێشکی گەنجەکەی دیکە تێکەڵ بکەن، ئنجا کاتێك کە ژمارەی گەنجە هێڵراوەو ئازاد کراوەکان دەبوو بە دە (١٠)، هەندێك بزنیان تەسلیم دەکردن و، دەیانگوت بچنە شوێنی چیاوچۆڵ و، خۆتان لەئاوەدانیی بپارێزن و، بەو مێگەلە بزنە خۆتان بژیەنن.

ئیدی بەوشێوەیە بەردەوام بوون و دەکەس دە کەس ئەوانەیان بەڕێ دەکردو، مەڕومااڵیان زۆر بوو، وەئەوانە بوونە بنەچەکە (أصل)ی هەموو کوردان.

(فیردەوسیی) لەوبارەوە گوتوویەتی:[1]

کنون کرد أز آن شحمه دارد نژاد کز آباد بردل نبایدش یاد

واتە: کوردی ئێستا لەو بنەچەکەیەوە هاتوون، کە هەرگیز نابێ ئەوە لەدڵدا نەمێنێو لەیاد بکرێ. لەولاشەوە خەڵکو جەماوەر ڕۆژ بۆ ڕۆژێ بێزارتر دەبوونو دووعایان دەکرد ئەو (فەرەیدوون)ەی چاوەڕێی دەکەن دەرکەوێ، کابرایەکی ئاسنگەریش هەبوو بەناوی (کاوە) "سەرچاوە عەڕەبییەکان دەڵێن: (کابي)"[2]، کە دوو کوڕی هەبوون یەکیان مێشکی کرا بۆ خۆراکی دوومارەکەی سەرشانی پادشاو، ئەوی دیکەشیان گیرابوو و چاوەڕێی سەربڕانی دەکرد، ئیدی کاوە هاواری کردو خۆڵی بەسەر سەری خۆیدا کردو ئەو چەرمە کە لەکاتی ئاسنگەرییدا دەیکردە بەروانکە، بەسەری دارێکیەوە بەستو کردیە ئاڵا (عَلَم)و، پێش خەڵکەکە کەوت بەرەو لای کۆشکی پادشاو، خەڵکەکەش خرۆشاو شوێنی کەوتنو، سەرەنجام چووەلای ئەژدەهاكو قسەی زۆر تونـدی لەگەڵ کردو، پادشاش نەرمیی کێشاو کوڕەکەی بۆ بەردا.

پاشان کاوەی ئاسنگەرو کوڕەکەی کە ناوی (قارن) بوو، لەگەڵ ئاپۆڕای خەڵکەکە بەرەو ئەو شوێنە چوون کە (فەرەیدوون) لەترسی ئەژدەهاك خۆی لێ حەشاردابوو، وە هێنایانەدەرو بەڵێنیان پێدا کە فیداکاریی لەپێناودا بکەن، ئەویش فەرمانی کرد کە ئاسنگەران گورزی سەرەگا (گرز گاوسر)ی بۆ دروستبکەنو، کاوەش ئاڵایەکەی خۆی (درفش کاوە) لەپێش هەڵداو بەهەموویان هێرشیان کردە سەر کۆشکی ئەژدەهاكو پاسەوانو هاوکارەکانیان کوشتو، سەرەنجام فەرەیدوون ئەژدەهاکی بەدیل گرتو لەچیای (دباوند) زیندانیی کرد.

---

١ – شاهنامه: ص٩.

[2] - تأريخ الأمم والملوك، ج١ ص١٠١،١٠٠، وه: الكامل في التأريخ، ج١ ص٧٥.

هەندێکیش گوتوویانە: فەرمیدوون لەڕۆژی نەورۆزدا کوشتوویەتی، وەك (إبن الأثیر) لەوبارەوە گوتوویەتی: (وبعض الفرس یزعم أن أفریدون قتله یوم النیروز فقال العجم عند قتله: إمروز نوروز، أي: استقبلنا الدهر بیوم جدید فاتخذوه عیداً وکان أسره یوم المهرجان)،[1] واتە: وە هەندێك لەفارسەکان پێیان وایە کە فەرمیدوون لەڕۆژی نەورۆزدا کوشتوویەتی، ئنجا عەجەمەکان لەکاتی کوشتنیدا گوتوویانە: {ئەمڕۆ ڕۆژێکی نوێیە} واتە: بەڕۆژێکی تازەوە پێشوازیی ڕۆژگارمان کرد، بۆیە ئەو ڕۆژمیان کردە جەژن، وە ڕۆژی بەدیلگیرانەکەی ڕۆژی میهرەجان بوو.

دەربارەی ماوەی حوکمڕانیی (فەرمیدوون)یش وەك (المسعودي) دەڵێ: پێنج سەد (٥٠٠) ساڵ بووە، هەروەها (فردوسي)یش هەمان شت دەڵێ[2].

ئەمە پوختەی بەسەرهاتی کاوەو ئەژدەهاك بوو، کە وەك گوتم: هەرکام لە: (الطبري) و (المسعودي) و (الثعالبي) و (فردوسي) (إبن الأثیر)، هێناویانە، بەڵام (الطبري) و (المسعودي) و (إبن الأثیر) بەکورتیی و (الثعالبي) و (فردوسي)یش بە درێژیی، وە من لە وردەکارییەکانییدا زیاتر پشتم بە کتێبەکەی (الثعالبي)[3] و پاشان (فردوسي)[4] بەستوە.

کە بەپێی قسەکەی (إبن الأثیر) بێ، جەژنی نەورۆز لەو ڕووداوەوە داهاتوە.

کەواتە:

بۆنەی نەورۆز، یان پەیوەندیی هەیە بەگۆڕانکاریی کەش و هەوای ساڵ و دەربازبوون لە سەرماو زوقمی زستان و، چوونە نێو سەرمتای بەهارەوە،

---

١ – الكامل في التأريخ، ج١ ص٧٦.

٢ - مروج الذهب..ج١ ص١٧٨، وە: شاهنامة، ص١٤.

٣ – تأريخ غرر السير، ص١٧–٣٩.

٤ - شاهنامه، ص٨-١٤.

کەمایەی خۆشحاڵیی‌و شادمانیی دەربڕینی خەڵك بووە، بەتایبەت لەڕۆژگاری زوودا کە هۆکارەکانی خۆپاراستن لەسەرماو سۆڵەی زستان، وەك ئێستا نەبوون‌و، چەندان کەس بەهۆی سەرماوە مردوون.

یاخود پەیوەندیی بە گۆڕانکارییەکی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کە بریتی بووە لە ڕاپەڕینی خەڵکێکی ستەمدیدەو خوێنمژراو و چەوسێنراوە، بە پێشڕەویی بابایەکی شۆڕشگێری جەرگ سووتاو بەناوی (کاوە)، لە دژی حوکمڕانێکی ستەمکاری خوێنمژو دڵڕەق بەناوی (ئەژدەهاك).

چەند ڕوونکردنەوەیەك

لەبارەی نەورۆزو کاوە و ئەژدەهاك و فەرەیدوونەوە.

دەمەوێ ئەگەر بەکورتیی‌و گوشراویش بێ، ئاماژە بەچەند مەسەلەیەك بکەم لەبارەی ئەفسانەی (کاوەی ئاسنگەرو ئەژدەهاك)ەوە.

یەکەم: ئەفسانەبوونی بەسەرهاتەکە، بێ بنەمابوونی ناگەیەنێ:

ئەوە ئێستاکە بۆتە ڕاستییەکی گرنگ لەلای مێژوو زانان، کە بەسەرهاتە ئەفسانەییەکان مەرج نیە هیچ ڕاستییەکی مێژووییان تێدا نەبێ، بەڵام ئەوەندە هەیە خەیاڵی مرۆڤ کاری خۆی تێدا کردوون‌و، وەك کوردەواریی دەڵێ: (ترش‌و خوێی پێوەرکردوون).

کەواتە: وا پێدەچێ کە بەسەرهاتی کاوەو ئەژدەهاکیش بنەمایەکی مێژوویی‌و واقیعیی هەبێ، بەڵام دوایی زیادەی خرابێتە سەر، بەتایبەت مارەکانی سەرشانی ئەژدەهاك شتێکی زۆر دوورە لەڕاستییەوەو، پێموایە

مەسەلەی ئەو مارانە وایکردوە کە زۆر لەمێژوو زانان کۆی بەسەرهاتەکە ڕەتبکەنەوە، بۆ وێنە: (اليعقوبي) لەوبارەوە نووسیویەتی:

(فارس تدعي للوكها اموراً كثيرة مما لا يقبل مثلها من الزيادة في الخلقة حتى يكون للواحد عدة أفواه وعيون، ويكون للآخر وجهٌ من نحاس، ويكون على كتفي آخر حيّتان تطعمان أدمِغَة الرجال، وطول المدة في العمر...)[1]، واتە: گەلی فارس زۆر شتی وا کە عەقڵ قبووڵی ناکات بۆ پادشاکانیان لاف لێدەدەن، وەك زیادە لەجەستەدا، هەتا ئەوەی یەکیان چەندان زارو چاوی دەبن، وە یەکی دیکەیان ڕووی لە مسە، وەلەسەرشانەکانی یەکی دیکەیان دوو مار هەن، کە مێشکی پیاوان دەخۆن، وە ماوەی درێژیی تەمەن...

دوو: کاوە زوحاکی نەکوشتوە:

هەرچەندە وا باوە "بەتایبەت لەنێو کورددا" کە کاوە بەچەکوشەکەی سەری ئەژدەهاکی تەقاندوەو مێشکی پڕژاندوە، بەڵام لەهیچ کام لەو سەرچاوانەدا کە من چنگم کەوتوون، ئەوەیان باس نەکردوە کە کاوە ئەو پادشایەی کوشتبێ، کەواتە: وا دیارە ئەوەش خەیاڵی کورد خستوویەتە سەر، ئەگەرنا ئەوەی لەسەرچاوەکاندا باسکراوە، ئەوەیە کە فەرەیدوون ئەژدەهاکی بەدیل گرتوەو لەچیای دەماوەند زیندانی کردوە، یان پاش گرتنی لەڕۆژی نەورۆزدا کوشتوویەتی.

---

[1] - تأريخ اليعقوبي، ج١، ص١٣٧، ملوك فارس.

سێ: ئایا کاوە کورد بووە، یان پێش کوردانی شۆڕشگێڕ کەوتوە؟

هەرچەندە لەنێو ئێمەی کورددا ئەوە بڕاوەتەوە کە کاوەی ئاسنگەر کورد بووە، بەڵام لەسەرچاوەکاندا ئەو مەسەلەیە مشتو مڕی زۆری لەسەرە، کە لێرەدا بەکورتی ئاماژەیەکی پێدەکەین:

١- مێژووی نووسراوی ئێران، وەك (دکتۆر حەسەن کەریم جاف) گوتوویەتی: دەڵێ: ئەوەی زوحاکی کوشتوە (کۆڕش) بووە،[١] کە یەکێك بووە، لەپادشاکانی ئێران.

٢-مێژووی (بلعمي) دەڵێ: کاوە جوتیارێکی کورد بووە بۆ تۆڵە ستاندنەوەی دوو کوڕەکەی لەدژی زوحاك ڕاپەڕیوە.[٢]

٣- بەپێی ئەفسانەکانی ئێرانیش، کاوە ئاسنگەرێکی ئەصفەهانیی بووە،[٣] هەروەها هەرکام لە (الطبري) و (ابن الأثير) کە باسی کاوە دەکەن بە (کابي الأصفهاني) ناوی دێنن[٤].

بەڵام دیارە بەپێی بەسەرهاتەکە، ئەوانەی لەسەر بڕان دەربازیان بووەو چوونەتە چیاو چۆڵ، بە بنەچەکەی گەلی کورد دادەنرێن، کەواتە:

کاوەی ئاسنگەریش زۆر نیزیکە کورد بووبێ و، سەرجەم ئەوانەش کە سەربڕاون، یان ڕزگاریان بووەو، پاشان لەوپادشا زۆرداڕە ڕاپەڕیونو شوێن کاوە کەوتوون، کورد بووبنو ئەو پادشا زۆرداڕە ئاوا چەوساندبنیەوە.

بەڵام بەڵگەیەکی دڵنیاکەریشمان بەدەستەوە نیە لەوبارەوە.

---

١ - موسوعة تأريخ إيران السياسي، ج١ ص١٨.

٢ - هەمان سەرچاوەو بەرگو لاپەڕەی پێشوو، لە: (تأريخ بلعمي)، ص١٤٣.

٣ - هەمان سەرچاوەو بەرگ، وە: شاهنامە، ج١ ص١١.

٤ - تأريخ الأمم والملوك، ج١ ص١٠٠، وە: (الكامل في التأريخ) ج١ ص٧٥.

چوار: ناگونجێ بۆ ساغکردنەوەی بنەچەکەی نەتەوەی کورد، پشت بە ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر و پادشا ئەژدەهاك ببەسترێ:

بەڵێ بۆ ساغکردنەوەی ئەسڵو بنەچەکەی کورد، کە بۆ ماوەی هەزاران ساڵ لەو شوێنەی کە ئێستا تێیدا دەژی، ژیاوە، هیچ پەکمان لەسەر ئەو ئەفسانەیە نەکەوتوەو، ئاشکراشە کە مەرج نیە نە نەتەوەی کوردو نە هیچ نەتەوەیەکی دیکەش، ڕیشەو خوێنێکی سەربەخۆی خۆی هەبێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە کورد لەمێژە نەتەوەیەکەو نیشتیمانو زمانو کلتوورو مێژووی خۆی هەیە، وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە.

هەڵبەتە لەبارەی ڕیشەو بنچینەکەی کوردیشەوە قسەو باسی زۆرنو، زۆرێك لە شارەزایانی مێژوو لێکۆڵینەوەیان لەو بارەوە کردوە، کە پێم وایە لە لێکۆڵەرانی کورد هەر کام لە: (دکتۆر حەسەن کەریم جاف) لە کتێبی (مَوسوعَة تَأرِيخ إيران السِيَاسِي)دا و(دکتۆر فرست مرعي) لە کتێبی: (الكرد وكردستان: جدلية الأسطورة والتأريخ والدين) وە کتێبی: (كردستان في القرن السابع الميلادي)دا، لەو بارەوە توێژینەوەی باشیان کردوەو، پوختەی توێژینەوەکەشیان ئەوەیە کە میدییەکان (Medes) کە گەلانی هیندۆ ئۆروپیی (الآرية)ین، وەك لە شوێنەواری ئاشوورییەکاندا هاتوە، چەند تیرەو هۆزێکی جۆراوجۆر بوون، کە یەکەیەکی سیاسیی کۆی نەکردوونەتەوەو، لە ڕۆژهەڵاتی دەریای (قەزوێن)ەوە، لە دەوری سەدەی نۆی پیش زایینداا بەرەو لای (باختەریان)و وڵاتی (میدیا) کۆچیان کردوەو، وردە وردە دەستیان بەسەر وڵاتانی دەوروبەریاندا گرتوەو، پاشان وردە وردە گەلانی دیکەی وەك: گوتیی‌و لولوبیی‌و کاسیی‌و مانیی‌و کیمیریی‌و نیریی‌و کاردۆخیی، لەگەڵیان ئاوێتە

بوون‌و به هەموویان باب‌و باپیرانی نەتەوەی کوردیان پێکهێناوە.[1]

وە ئەمە لەمێژە ڕاوبۆچوونی زۆرێك لە مێژوو زانانی ناوداره، بۆ نموونە: (مینۆرسکیی)[2] و (محمد أمین زکی بگ)[3] و (دکتور شاکر خصباك)[4] و (توفیق وَهبي)[5]، وەهەرکام لە دکتۆر حەسەن‌و دکتۆر فرسەتیش هەر پشتیان بەوان بەستوە بەتایبەت (مینۆرسکیی).

دیارە میدییەکانیش لە سالّی(٥٥٠ پ . ز) تاکو (٧٠٧ پ.ز) یان (٧٠١) حوکمیان کردوەو دەوڵەتەکەیان لە ماوەی ئەو سەدو پەنجاوحەوت (١٥٧)، یان (١٥٠) سالّەدا، چوار پادشا حکومڕانییان کردوە، کە ئەمانەن:

١- دیاکۆس (Dyoks)

٢- فرائتورس (فرورتیس)

٣- هوخشترا (کی ئیخسار)

٤- ئیستیاك، ئیشتویکو (ضحاك).

وە دواین پادشایان کە زۆر نیزیکە هەر ئەژدەهاك (زوحاك)ەکەی ئەفسانەی کاوەو زوحاك بێ، لەسەر دەستی (کۆڕشی گەورە) پادشای فارس‌و دامەزرێنەری پادشایەتیی ئێران (الشاهنشاهية الإيرانية) کە بە

---

١ – (الكرد وكردستان: جدلية الأسطورة والتأريخ والدين)، ص٦-٥١، ط٢٠٠٦:١م، کاوە، وە: (كردستان في القرن السابع الميلادي)، ص١٩-٧٠ (تأريخ الكرد قبل الإسلام) وە: (موسوعة تأريخ إيران السياسي)ج١ ص ٢١-٣٦، (الميديون Medes) (٧٠٨ او ٧٠١-٥٥٠ ق.م).

٢ الأكراد أحفاد الميديين، فلاديمير مينورسكي، مجلة: المجمع العلمي الكردي، ج١ العدد الأول بغداد: ١٩٧٣، ص٥٦٠-٥٦٣.

٣ – خلاصة تأريخ كردو كردستان، ص٧٥.

٤ – الكرد والمسألة الكردية، ص١٢.

٥ – أصل الأكراد ولغتهم، مجلة المجمع العلمي الكردي، العدد الثاني، ص١-٢٤، ١٩٧٤.

(ئەخمینییەکانو هەخامەنشییەکان) ناسراون، کۆتایی پێکهاتوه[1].

شایانی باسیشە ئەوەی کە زۆر کەس وەك سەرەتای مێژووی کورد دەینووسن لێرەوە هاتوە، کە دەڵێن: ئێستا (٢٠١٢)ی زایینیو (٢٧١٢)ی کوردییە، واتە: دوو هەزارو حەوت سەدو دوازدە ساڵە دەوڵەتی میدیی دامەزراوە.

هەرچەندە ئەگەر لە جیاتی (٧٠١) بڵێین: (٧٠٧) پ.ز، ئەو کاتە مێژوەکە ئاوای لێ دێ (٢٠١٨)ی کوردیی.

دیارە هەندێك کەسیش تێبینییان لەسەر ئەوە هەیە کە ئەو ساڵە بکرێتە مێژووی کورد، چونکە بوونی کورد لەوە لەپێشترە، یان لەبەر ئەوەی لەو مێژووەدا، میدییەکان دەوڵەتی ئاشوورییان ڕووخاندوە[2].

بەڵام وەنەبێ ڕیشەی بنەچەکەی کورد تەنیا بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی میدییەکان، بەڵکو وەك مێژووزانانی مێژووی کۆن گوتوویانەو لەسەری ڕێککەوتون: نەتەوەیەك بە ناوی: گوتییەکان (الگوتیین) دەوری دوو هەزار ساڵ (٢٠٠٠) پێش زایین لەو شوێنانەدا ژیاون، کە ولاتی نەتەوەی کورد لەو ڕۆژگارەدا پێك دێنێ، وە گوتییەکان هەمیشە هەڕەشەیان لە ئاشوورییەکان کردوەو ئاشورییەکان بە گاردۆ (Gardo) ناویان بردوون[3].

پێنج: دەگونجێ کاوە و فەرەیدوون فارس و ئەژدەهاکیش کورد بووبێ:

ئەمیش بیرۆکەیەکە کە ئەگەر مەبەست لە {ئەژدەهاك (ضحاك)} هەمان پادشا {ئیستیاك (ئیشتیوکو)} دوا حوکمڕانی دەوڵەتی ماد بووبێ، دیارە دەبێ

---

١ – موسوعة تأريخ إيران السياسي، ج١، ص٢٢-٢٣.

٢ – بڕوانە: بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین، نۆشیروان مستەفا ئەمین، لاپەڕە (١٢) چاپی دووەم:٢٠١٢.

٣ – موسوعه تأريخ إيران السياسى، ج١، ص٢٧.

(فەریدوونیش) هەمان (کۆڕشی گەورە) دامەزرێنەری زنجیرەی پادشایەتیی هەخامەنشیی، یان ئەخیمینی ئێران بووبێ، ئنجا کاوەش، یان هەر فارس‌و خزمی فەرەیدوون بووەو لە نەوەی (پیشدادییەکان) بوون "کە ڕەنگە ئەسڵو بنەچەکەی دووری فارس‌و کورد بووبن" یان کورد بووەو هاوکاری فەرەیدوون (کۆڕش)ی کردوە![1]

هەڵبەتە ئەم بیرۆکەیەش کەسانێك لە شارەزایانی مێژوو دەیزانن، بەڵام کەمتر بیستراوە باسی بکەن، لەبەر هەستو نەستی گشتی کورد، کە هەر بەو جۆرەی کە باوە لە ئەفسانەی کاوەو زوحاك گەیشتوون، بەڵام من بە باشم زانی کە ئاماژەیەکی هەر پێبکەم.

دیارە لە حاڵەتی سەلێنرانی ڕاستیی ئەو بیرۆکەیەشدا، تا ڕادەیەك ئیشکال بۆ نەورۆز وەك یادو جەژنێکی نەتەوەیی کورد دروست دەبێ‌و، پێم وایە هەر ئەوەشە زۆر کەسی لە گوتنی ئەو قسەیەو دەرخستنی ئەو بیرۆکەیە دوورخستۆتەوە !!

دووەم: تێڕوانینی زانایان بۆ جەژنی نەورۆزو مامەڵەی حوکمڕانانی دەوڵەتی ئیسلامیی لەگەڵیدا، جۆراوجۆر بووە.

وەك لە خاڵی یەکەمدا خستمانەڕوو، هۆکارو چۆنیەتی پەیدابوونی بۆنەی نەورۆز وەك جەژنێك، لە نێو شارەزایانی مێژووداً، مشتومڕو ڕاجیایی لەسەرەو، بە گشتی دوو بۆچوونی سەرەکی لەبارەوە هەن:

یەك: پەیوەستە بە کەش‌و هەوای ساڵەوەو، کۆتایی پێهاتنی وەرزی زستان‌و

---

١ – هەندێك لەمێژوونووسان دەڵێن: کۆڕشی یەکەم نەوە (کوڕی کج)ی ئیستیاك (Austuges) بووە، بڕوانە: (الکرد وکردستان: جدلیة الأسطورة والتأریخ والدین) ص١٠١.

سەرماو سۆڵەکەی‌و، دەست پێکردنی وەرزی بەهارو هەوا خۆش‌و فێنکەکەی.

دوو: پەیوەستە بە بارودۆخی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و، کۆتایی پێهێنانی ڕژێمێکی ستەمکارو نەهێشتنی حوکمڕانێکی خوێنمژو خراپەکار.

ئەوە لەلایەکەوەو لەلایەکی دیکەشەوە، لە سۆنگەی ئەوەوە کە لە ڕۆژی نەورۆزدا لە نێو ئەو گەلانەدا کە یادیان کردۆتەوە، چەند هەڵسوکەوتێکی جۆراو جۆر کراون، بۆ نموونە:

١- ئاگر کردنەوە.

٢- دیاریی‌و شیرینی بەخشینەوە.

٣- باج‌و پیتاك کۆکردنەوە بۆ حکومڕانان.

٤- چوونە دەر لەَ مالێ بۆ گەشت‌و سەیران.

ئاشکراشە هەر کام لەم هەڵسو کەوت‌و ڕەفتارانە دەگونجێ بە شێوازێکی شەرعیی‌و بۆ ئامانجی ڕەواو پەسند بکرێن‌و، دەشگونجێ بە پێچەوانەوە بە شێوازی خراپ، یان بۆ ئامانجی هەڵەو ناشەرعیی بکرێن، کە دیارە ئەوەش دەبێتە مایەی ڕاجیایی زانایان‌و، جۆراوجۆر بوونی هەڵسوکەوت‌و مامەڵەی حکومڕانان، لەگەڵ ئەو جەژن‌و بۆنەیەدا.

بۆ نموونە:

١- (عومەری کوڕی خەتتاب) "خوا لێی ڕازی بێ" لە سەردەمی حکومڕانیی خۆیدا ئەو عادەتەی پادشاکانی فارسی لەو وڵاتانەی لە ژێر دەستیان دابوو، کە بریتی بوو لە کۆکردنەوەی دیاریی‌و پیتاك لە هەردوو ڕۆژی:

نـەورۆزو میهرەگانـدا، هەڵوەشـاندەوە[1]، بـەڵام موعاویـەی کـوڕی ئـەبو سوفیان خوا لێی خۆشبێ لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی خۆیدا، فەرمانی کرد کە ئـەو دیاریـیانـەی بـۆ کۆبکرێتـەوە، بـەو جـۆرە لـە نـەورۆزو میهرەجانـدا دەهەزار (١٠٠٠٠) درەمی بۆ کۆ دەکرایەوە[2].

دیـارە ئـەوە هـەر بـەردەوام بـووە، تـاکو ڕۆژگـاری (عومـەری کـوڕی عەبدولعەزیز) "خوا لێی خۆشبێ"، کە ئەو عادەتەی هەڵوەشاندەوە[3].

٢- لـە (عَبْـدِ اللَّـهِ بْـنِ عُمَـرَ) "خـوا لێیـان ڕازی بـێ" گێڕڕاوەتـەوە کـە گوتوویـەتی: {مَـنْ بَنَـى بِـبِلادِ الأعَـاجِمِ فَصَنَـعَ نَيْـرُوزَهُمْ وَمِهْرَجَـانَهُمْ، وَتَشَبَّهَ بِهِـمْ حَتَّـى يَمُـوتَ وَهُـوَ كَـذَلِكَ، حُشِـرَ مَعَهُـمْ يَـوْمَ القِيَامَـةِ} (رَوَاهُ البَيْهَقِيُّ فِي السُّنَن الكبرى (٢٣٤/٩)) واتە: هەر کەس لـە ولاتـی عەجەمانـدا نیشـتەجێ بـێو نـەورۆزو میهرەجـانی ئـەوان بکـاتو، خـۆی بـەوان بچوێنێو هەتا دەمرێ ئاوا بمێنێتەوە، لـە قیامـەتێ لەگـەڵ وانـدا حەشـر دەکرێ.

٣- بەڵام هەر لەوبارەوە (إبـن سـيرين) هەڵوێسـتێکی دیکـە لـە (علـي بـن أبـي طالب) "خوا لێی ڕازی بێ" دەگێڕێتەوەو دەڵێ: (أُتِيَ عَلِيٌّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ بِهَدِيَّةِ النَّيْرُوزِ فَقَالَ: مَا هَذَا؟ قَالُوا: يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ! هَذَا يَوْمُ النَّيْرَوزِ، قَالَ: فَاصْنَعُوا كُلَّ يَوْمٍ فَيْرُوزاً، قَالَ أَبو أُسَامَةَ: كَرِهَ أَنْ يَقُولَ نَيْرُوزَاً}(رَوَاهُ البَيْهَقِيُّ فِي السُّنَن الكبرى، كتاب الجزية: (٥٤٨/١))، واتـە: دیـاریی نـەورۆزیان بـۆ

---

١ – تأريخ الحَضَارة العربية الإسلامية، وزارة التربية (١٩٨٢) بغداد، ص١١٤، لە (کاوەو نەورۆز...) لاپەڕە: ٤٧.

٢ – تأريخ اليَعقوبي،ج٢، ص١٥١،١٥٢.

٣ – هەمان سەرچاوەو بەرگ، ص٢١٤.

عەلی "خوا لێی ڕازی بێ" هێنا "ئەو کاتەی خەلیفە بووە لە شاری کووفە" گوتی: ئەمە چییە؟ گوتیان: ئەی فەرماندەی بڕوادارانی ! ئەوە بە بۆنەی ڕۆژی نەورۆزەوەیە، گوتی: هەموو ڕۆژێك فەیرۆزێك بکەن، ئەبو ئوسامە "کە یەکێکە لە ڕاوییەکان" گوتی: عەلی "خوا لێی ڕازی بێ" حەزی نەکرد بڵێ: نەیرووز.

بەڵام من دەڵێم: هیچ جیاوازیی لە نێوان ئەو دوو وشەیەدا نیەو، وا پێدەچێ عەلی هەر گوتبێتی نەیرووزو یەکێك لە ڕاوییەکان لێی گۆڕابێ، یان هەر لە بنەڕەتەوە عەلی "خوا لێی ڕازی بێ" بە (فیروز)[1] لە وشەکە حاڵی بووبێ، نەك بە (نیروز)، وە من پێموایە ئەوە جۆرێك بووە لە قسەی خۆش‌و هاندانی خەڵکەکە لەسەر دیاریی بەخشینەوەیان لەو ڕۆژەدا، واتە: هەموو ڕۆژێ دیاریی ببەخشن، هەڵبەتە قسەکەی (إبن عمر)یش مەبەست پێی بەشداریی کردنی عەجەمەکانە لە یادو بۆنەکانیاندا، بەو پاڵنەرو ئامانجانەی کە ئەوان هەیانن‌و، چاولێکردنیان لەو شتانەدا کە تایبەتمەندیی ئایینییانن، وەك پێشتر لە بەشی دووەمدا باسمان کرد.

٤- هەروەها مەسەلەی ئاگر تێداکرانەوەی ڕۆژی نەورۆز، یەکێکی دی بووە لە هۆکارەکانی ڕاجیایی زانایان لەبارەیەوەو، ئەوانەی کە پێیان وا بووە ئاگر کردنەوەکە بە هاندەری بە پیرۆزگرتن (تقدیس)و پەرستنی ئاگرە،

---

١ – بەڵام (د. فرست مەڕعیی) دەڵێ: (فیروز) هەر وشەی (پیرۆز)ی فارسی‌و کوردییەو، چونکە لەزمانی عەڕەبییدا پیتی (پ) نیە، کردوویانە بە (ف)و، عەلی "خوا لێی ڕازی بێ" بۆ پیرۆزبایی وایگوتوە، ئەگەرنا بەڕوونیی دەیگوت: ئەوکارە مەکەن، بڕوانە: (الکرد وکردستان: جدلیة الأسطورة والتأریخ والدین) ص٦٩.

ڕێگرییـان لێکـردوەو، ئەوانـەش کـە بەشـتێکی ئاسـایی‌و وەك هێمـای دەربـازبوون لـە سـەرماو زوقمـی زسـتان یـان قوتـاربون لـە زسـتانی سـتەمکاریی‌و چەوسـاندنەوە تەماشـایان کـردوە بەلایانـەوە شـتێکی ئاسایی‌و ڕێ پێدراو بووە.

٥- هەڵبەتـە پـاش ئـەوەش کـە خـەڵکی لـە ڕۆژگـاری ئـاگر پەرسـتیی مەجووسـییەکان دوور کەوتوونەتـەوە، مەسـەلەی یـادی نـەورۆز بۆتـە شتێکی ئاسایی، بە بەڵگەی ئەوە کە:

یەك: لە ڕۆژگاری ئومەویی‌و عەبباسیی‌و عوسمانییەکانـدا، گرنگیـی بـەو جەژنە دراوەو یاد کراوەتەوە[1]، (پیرەمێرد) شاعیری گـەورەی کـورد لـە بـارەی گرنگیـی دانـی دەوڵـەتی عوسمـانیی بـە جـەژنی نـەورۆزەوە، گوتوویەتی:

(بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا لە ئەستەمبوڵ جـەژنی نـەورۆزم دی، ئـەم ڕۆژە لێرە بە جەژنێکی پیرۆز دادەنرا، هەموو سالێك لە (٩)ی مارتـدا کاربەدەستان تێکڕا دەستە دەستەو پـۆل پـۆل ئەهاتنـە سـەراو کۆشـك بـۆ پیرۆزبـایی کـردن لـە سـوڵتان، شـەربەتیان دەخـواردەوە، لـە گشـت منارەکانی مزگەوتیش مۆمو قوتیلە دائەگیرسا، دوای بیستو سێ ساڵ کە لە ئەستەمبول فەرمانبـەر بـووم، لـە سـاڵی (١٩٢٦)دا گەڕامـەوە بـۆ سلێمانی...)[2].

دوو: وەك خاوەنی کتێبی (الجذور الأسطورية للحمة نـوروز الشعبية) لـە بەشی (نوروزیات)دا گوتوویەتی: (إبتهج وَأشَادَ عُلَماء وَشُعَراء وَ رِجَال دِين وَمتصَوّفة مُسلِمون مِن مُختلف الشعُوب بعيد النوروز، وَاحتفوا به

---

١ – کاوەو نەورۆز لە نێوان ئەفسانەو ئایینداء لاپەڕە: (٤٨،٤٩،٥٠).

٢ – هەمان سەرچاوە لاپەڕە: ٥٠.

وَخَلَدوهُ برسائلهم و أشعارهم وممارساتهم)[1]، واتە: زانـاو شـاعیرو صۆفییانی مسوڵمان لە گەلانی جۆراوجۆر دڵخۆشیو و شادییان بە بۆنەی نەورۆزەوە دەربڕیوەو گرنگییان پێداوە، بە نامەکانیانو بە شیعرەکانیانو ڕەفتارەکانیان.

کەواتە: بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی ئیسلامیی، کەمو زۆر گرنگیی بە جەژنی نەورۆز دراوەو یاد کراوەتەوەو، هەندێك لە کاربەدەستانو زانایانیش کە هەڵوێستی نەرێنییان لە بەرانبەریدا هەبووە، هۆکارەکەی کاردانەوەیان بووە بۆ شێوازو ئامانجی ناڕەواو خراپی یادکردنەوەکە، یاخود ئەو هەڵسوکەوتو ڕەفتارە هەڵەو ناشەرعییانەی کە تێیدا ئەنجام دراون.

ئەوانەش کە هەڵوێستیان ئەرێنیی (ایجابي)و ئاسایی بووە، لەبەر ئەوە بووە کە لە بنەڕەتدا بە ڕەوا (مباح)یان زانیوەو، لە شێوازو ئامانجو چۆنیەتیەکەشییدا هیچ ناشەرعییەکیان نەدیوە.

سێیەم: ئاگر کردنەوەی ڕۆژی نەورۆز و ئاگری بەردەوامی ئاگر پەرستەکان، دوو شتی جیاوازن:

هەرچەندە بە جەژنو بۆنەیەکی نەتەوەیی دانانی نەورۆزو، ئاگر کردنەوە لەو ڕۆژەدا، دوو شتی پێکەوە پەیوەستو لێك بەستراو نینو، دەگونجێ بەبێ ئاگر تێدا کردنەوە، نەورۆز وەك بۆنەو جەژنێکی نەتەوەیی دابنرێ، بەڵام پێویستە بشزانرێ، کە ئاگر کردنەوە لە ڕۆژی نەورۆزدا، کە لە ساڵێدا جارێکە لە ڕۆژی (٣/٢١)دا، زۆر جیاوازە لە ئاگرکردنەوەی مەجوسییەکان، کە پێویستە

---

١ – بڕوانە: ص٢٣٥، کە سەرو پارچە شیعری بە فارسیو تورکی لە هەرکام لە (الشیخ عبدالرحمن الطالباني -خالص-) و (الشیخ عبدالقادر بن عبدالرحمن -خالص-)وە هێناوە.

چـوار وەرزی سـاڵو بگـرە شـەوڕۆژ ئـەو ئـاگرە بـنایسـێو نەکوژێتـەوە، پاشـان پێویستە ڕێزی لـێ بگیرێو سەجدەو ڕکووعی بۆ ببردرێ.

چونکە شتێکی ئاشکرایە لە مێژووداو ئێستاش، کە ئاگر پەرستەکان بە هەر نـرخێك بووە، ناهێڵن ئاگرەکەیان بکوژێتەوەو، کەسانێکی تەرخانکراو هـەن بـۆ پاراستنی ئەو ئاگرەو هەمیشە خۆشکردنیو داگیرساندنی، کـە پێیـان گـوتراوە: (الهرابذة)، کە تاك (مفرد)ەکەی (هَرَبَذ)ە، وەك (الطبري) لـە بـارەی یـەکێك لـە پادشایەکانی فارس بە ناوی (بشتاسـب) نووسـیویەتی: (..وقیـل إنـه ابتنی بفـارس مدینـة (فسـا) وبـلاد الْهنـد وغیرهـا بیوتـاً للـنیران ووکـل بهـا الهرابـذة...)[1] واتـە: وە گـوتراوە لـە ولاتـی فـارس شـاری (فسـا)ی بنیاتنـا، وە لـە شـارەکانی هینـدو هـی دیکەشـدا، خـانووی بـۆ ئـاگران دروسـت کـردن، وە هـەڕابیزەی ڕاسـپاردن کـە ئاگادارییان بکەنو سەرپەرشتییان بکەن..

هەروەها (المسعودي) لە بارەی ئاگرێکەوە کە لە ڕۆژگـاری وی دا هـەبووە، لـە شاری (دارَابَجَرْدَ) لەسەر زەمینی فارس، دەڵێ: (وهذه النار تُسَمَّى في وقتنا هذا - وهو سنة اثنتين وثلاثين وثلثمائة (٣٣٢)- آزرجوى، وتفسير ذلك نارُ النَّهر، وذلك أنَّ آزر أحد أسماء النار (وجوى) أحد أسماء النهر بالفارسية الأولى، والمجوس تُعَظِّم هذه النار مالا تعظِّم غيرها من النيران والبيوت.

وذكرت الفرس أن (كيخسرو) لما خرج غازيا إلى الترك سار إلى خوارزم، فمرَّ على تلك النار، فلما وجدها عَظَّمها وسجد لها، ويقال: إنَّ (أنو شروان) هو الـذي نقلـها إلى (الكاريـان)، فلمـا ظهـر الإسـلام تخوَّفـتِ الْمَجُـوس أن يُطْفِئَهَـا المسـلمون فتركـوا بعضـها بالكاريـان، ونقلـوا بَعْضَـها إلى (نَسـا) و(البيضـاء) مـن كـورة فـارس، لتبقـى

---

١ - تأريخ الأمَم وَالملوك، ج١، ص٢٩٣.

إحداهُمَا إنْ طُفِئَتِ الأخرى ...)[1]، واتە: وە ئەم ئاگرە لەم ڕۆژگارەماندا "كە سالّی سێ سەدو سی‌و دوو (٣٣٢)یە" پێی دەگوترێ: ئازەرجەوا، مانای ئەوەش (ئاگری ڕووبار)ە، چونكە (ئازەر) یەكێكە لە ناوەكانی ئاگر، وە (جەوا)[2] بە زمانی فارسیی پێشوو یەكێكە لە ناوەكانی ڕووبار، وە مەجووسییەكان ئەوەندەی ئەم ئاگرە بە گەورە دەگرن، هیچ ئاگرو مالّێكی دیكەی ئاگر هێندە بە گەورە ناگرن.

وە فارس باسیان كردوە كە كاتێك كەیخوسرەو[3] بۆ جەنگ لە دژی تورك دەرچوو بەرەو خوارەزم چوو، وە بە لای ئەم ئاگرەدا ڕەتبوو، كە بینی بە گەورەی گرتو سەجدەی بۆ برد، وە دەگوترێ: كە ئەنۆشێروان ئەو ئاگرەی گواستۆتەوە بۆ ئەلكاریان، جا كاتێك ئەهلی ئیسلام زالّبوون، فارسەكان ترساون كە مسوڵمانان ئەو ئاگرە بكوژێننەوە، بۆیە هەندێكیان لە ئەلكاریان جێهێشتوەو، ئەوی دیكەشیان بۆ (نەسا) و (ئەلبەیزاء) لە هەرێمی فارس ڕاگواستوە، تاكو ئەگەر یەكیشیان كوژایەوە ئەوی دیكە هەر بمێنێ...

وەك دەبینین ئاگری مەجووسییە ئاگر پەرستەكان، دەبێ هەمیشە بئایسێ‌و نەكوژێتەوە، پاشان دەبێ بە گەورە بگیرێ‌و سەجدەی بۆ ببردرێ!

ئنجا شایانی باسیشە كە كاتی خۆی ئاگر پەرستەكان زۆریان گرنگیی‌و بایەخ بە خانووەكانی ئاگران (بیوت النیران)داوە، كە فارس بە خانووی ئاگریان گوتوە (آتشگده)، وەك (المسعودي) لەو بارەوەو لە ژێر ناوونیشانی: (ذكرالأخبار

---

١ – مروج الذهب: ج٢، ص٥٠٢.

٢ – ئێستاش وشەی (جۆ) و (جۆگا) بۆ ڕووباری گچكە بەكاردێ.

٣ – كەواتە: كەیخوسرەو فارسەو ئێمە نەوەی وی نین، وەك سروودەكەی (دڵدار) "ئەی ڕەقیب"دەڵێ: {ئێمە ڕۆڵەی میدیاو كەیخوسرەوین}!!

عن بيوت النيران وغيرها)دا گوتوويەتی: (رأيهم في النار والنور: فأما بيوت النيران ومن رَسَمَها من ملوك الفرس الأولى والثانية، فأول ما يُحكى ذلك عنه: أفريدون الملك، وذلك أنه وجد ناراً يُعَظِّمُهَا أهلها، وهم مُعتكفون على عبادتها؟ فسألهم عن خبرها ووجه الحكمة منهم في عبادتها، فأخبروه بأشياء اجتذبت نفسه إلى عبادتها، وأنها واسطة بين الله وَخَلْقِهِ، وأنَّها من جنس الآلهة النورية...

جملة من بيوت النار:

وبيوت النيران كثيرة مِمَّا بَنَتْهُ الْمَجُوس بالعراق وأرض فارس وكرمان وسجستان وخراسان وطبرستان والجبال وأذر والران، وفي الهند والسند والصين...)[1].

واتە: ڕایان (واتە: ڕای فارسە مەجووسییەکان) لە بارەی ئاگرو ڕووناکییەوە: یەکەمین کەس کە خانووەکانی ئاگرانی دانان، لە پادشایەکانی فارسی یەکەمو دووەم، فەریدوون پادشا بوو، ئەویش ئەوە بوو کە ئاگرێکی بینی، خەڵکەکەی بە گەورەیان دەگرتو پەرستنیان بۆ ئەنجام دەدا، ئەویش لەبارەیەوە پرسیاری لێکردن: کە ئایا حیکمەت لە پەرستشیاندا بۆی چییە؟

ئەوانیش هەندێك شتیان پێگوت، کە بوو بە مایەی پەلکێش کردنی بۆ پەرستنی، وە پێیان گوت: کە ئاگر هۆکاری نێوان خواو دروستکراوەکانیەتی، وە کە ئاگر لە ڕەگەزی پەرستراوە نوورانییەکانە...

چەند خانووێکی ئاگر:

...وە ئەو خانوانەی کە مەجووسییەکان لە عێراقو سەر زەمینی فارسو کەرمانو سەجستانو خوراسانو طەبەرستانو جیبالو ئازەربایجانو ڕان، وە لە هیندو سەندو چین، زۆرن...

---

١ - مروج الذهب: ج٢، ص٥٠١ و ٥٠٦.

کەواتە: ئاگری ئاگر پەرستەکان چەند سیفەتێکی تێدا بوون، کە جیای دەکەنەوە، نەك هەر لە ئاگر کردنەوەی ڕۆژی نەورۆز، بەڵکو لە هەر جۆرە ئاگرکردنەوەیەکی دیکە، کە ئەمانەن:

(١)- ئاگرێکی بەردەوام بووەو، نەدەبوایە لە هیچ کاتێکی شەوو ڕۆژدا بکوژێتەوە.

(٢)- چەند خانوو و شوێنێکی تایبەتو تەرخانکراوی بوو ون، کە دەبوایە تەنیا لەو شوێنانەدا بکرێتەوە.

(٣)- کەسانێك دامەزراون بەدیار ئەو ئاگرەوە، کە سەرپەرشتیی بکەنو هەمیشە دایگیرسێنن و نەهێڵن بکوژێتەوە، کە پێیان گوتراوە (هەڕابیذە).

(٤)- دەبوایە ئەو ئاگرە پەرستشی بۆ بکرێو، سەجدەو ڕکووعی بۆ ببردرێو بە گەورە بگیرێ.

بەڵام بێگومان ئاگرکردنەوەی نەورۆز، هیچ کام لەم سیفەتانەی تێدا نین، کەواتە: لە یەك جیاوازن و ناگونجێ وەك یەك سەیر بکرێن.

ئنجا بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونییش، بە پێویستی دەزانم سەرنجێکی پێناسەی ئایینی مەجووسیی (الديانة المجوسية) بدەین:

لە (الموسوعة العربية)دا لە بارەی (المجوسية)ەوە هاتوە، کە من یەکسەر دەیکەمە کوردیی:

{(المجوسية): مەجووس (Magi) وشەیەکی فارسییە، بۆ شوێنکەوتوانی ئایینی زەردەشتایەتیی بەکارهاتوە، ئەویش بریتیە لە ئایینێکی بتپەرستانەی دوانە (ديانة وثنية ثنوية) کە دەڵێ: دوو پەرستراو (إله) هەن، یەکەمیان پەرستراوی چاکە، یان ڕووناکیی: ئەهوڕامەزدا (Ahura Mazda)، وە

دووەمیان پەرستراوی خراپەو تاریکیی: ئەهریمەن (Ahuraman)، وە زانایان ڕاجیاییان هەیە لەبارەی هۆکاری ناونرانیەوە، گوتراوە: پاڵدراومتە لای پیاوێك کە ناوی مەجووسن بووە، یان لای تیرەیەکی فارس، کە پێی گوتراوە: ماگان (Magan).

وە بەشێك لە زانایان دەڵێن: مەجووسییەت پێش زەردەشتایەتیی بووە، بەڵام زەرادەشت (Zoroaster) دیاریکردوەو ئاشکرای کردوەو لێی زیادکردوە.

وە سەرچاوەکان باس دەکەن، کە دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانیی: ئەردەشیر (Artaxerxer)ی یەکەم زەردەشتایەتیی کردە ئایینی فەرمی دەوڵەتەکەی، پاش جێگیربوونی کاروباری لە نێوان ساڵەکانی (٢٢٤پ ز، تاکو ٢٤١)، وە فەرمانی کرد بە کۆکردنەوەی بنچینەکانی کتێبی پیرۆز کە ئاوێستایە، یان ئەڤێستا (Avesta)یە...

وە بە پیرۆز گرتنی ئاگر شتێکی ئاشکراو دیارە لە زەردەشتایەتییدا...، وە پیاوانی ئایینی زەردەشتایەتیی پێیان دەگوترێ: موبیذەکان، کۆی (موبیذ)، وە هەرکامیان سەرپەرشتی کۆمەڵێك دەکات، کە پێیان دەگوترێ: هەربەذەکان کۆی (هەربەذ) کە خزمەتی ئاگری پەرستگا دەکەن، چونکە گەورە پیاوانی ئایینی (زەردەشتایەتیی) زۆر سووربوون لەسەر ئەوە، کە بڵێسەکانی ئاگر لە پەرستگا گەورەکان و مەزارگە بچووکەکانیاندا نەکوژێتەوە.}[1]

دیارە بە سەرنجدانی ئەم پێناسەیەی مەجووسییەتو ئاگر پەرستیی، وەك مانگی چواردە دەدرەوشێتەوە، کە ئاگری نەورۆز زۆر جیاوازە لە هی ئاگرپەرستییو هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نیە.

---

١ - الموسوعة العربية،ج١٧، ص٨٤٦.

کۆتایی ئەم خاڵەش بە دوو قسەی دوو لە نووسەرو شارەزایانی کورد دێنم کە لەبارەی ئاگر کردنەوەی نەورۆزەوە کردوویانن:

یەکەم: (محمد أمین زکی بگ) گوتوویەتی:

{نەورۆز: جەژنی ئاتەش پەرستیی نیە، نابێت تەفسیرێکی بێ ڕێو جێی بدرێتێ}[1]

دووەم: (پیرەمێردی شاعیر) گوتوویەتی:

{ئاگرێ کە خۆم بیکەمەوەو بتوانم بیکوژێنمەوە، کێ باوەڕ دەکات بیپەرستم !}[2].

چوارەم: حوکمی یادکردنەوەی نەورۆز
لەبەر ڕۆشنایی عادەتو باوو هەڵو مەرجی ئێستایدا دیاریی دەکرێ:

مەبەستم لەو ناوونیشانە ئەوەیە کە ئەگەر گریمان یادکردنەوەی نەورۆز کاتی خۆی ڕەگو ڕیشەیەکی کوفرو شیرکیشی بووبێ، وە ئاگر کردنەوەش لە ڕۆژی نەورۆزدا ئامانج لێی بە پیرۆز دانانو بە گەورە گرتن (تقدیس و تعظیم)ی ئاگریش بووبێ "کە واش نیە وەك لە خاڵی سێیەمدا ڕوونمان کردەوە" ئەوە دیسان نابێتە بەڵگەی قەدەغە بوونی یادکردنەوەی نەورۆزو ئاگر تێداکردنەوەی، چونکە:

وەك پێشتریش لە بنەمای(١٠)یەمدا خستمانەڕوو و چەند قسەیەکمان لە(القرافي)یەوە هێنان "کە دوای تۆزێکی دیکە دووبارە ئەوانیشو چەند

---

١ – بڕوانە: ڕۆژنامەی (گەلاوێژ) ژمارە (١)، ساڵی (١٩٤٣)ز، لە (کاوەو نەورۆز...) لاپەڕە (٤).

٢ – بڕوانە ڕۆژنامەی (ژین) ژمارە (٨٢٠)، ساڵی (١٩٢٧ز)، لە (کاوەو نەورۆز...) لاپەڕە (٤).

قسەیەکی دیکەش دێنین" ئەو مەسەلانەی کە حوکمەکەیان لەسەر بناغەی عورف و باوو هەلومەرجێك بنیات دەنرێ، هەر کات ئەو عورف و باوو هەل و مەرجە گۆڕا، دەبێ ئەو حوکمەش بگۆڕێ، بە گوێرەی باو و هەلومەرجی پەیدابوو، ئەگەرنا تووشی هەڵەو ستەم دەبین.

ئێستاش با سەرەتا قسەکانی (القرافي) کە پێشتریش هێناومانن و، چەند قسەیەکی دیکەشی و چەند قسەیەکی (ابن عابدين)یش بێنین، پاشان چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو بنچینە شەرعییە، بەسەر مەسەلەی نەورۆزدا دەخەینە ڕوو:

(القرافي) گوتوویەتی: {إنَّ إجراءَ هَذِهِ الأَحْكام التي مُدْرَكُهَا العَوائد مع تَغيّرُ تلك العوائد، خلاف الإجماع وجهالة في الدين، بل كل ما هو في الشريعة يَتْبَعُ العَوَائِدَ، يتغيَّرُ الْحُكْم فيه عند تغيّر العادة إلى ما تقتضيه العادة المُتَجَدِّدَة...}[1]، کە پێشتر بە درێژیی هێنامان و ماناشمان کرد، بۆیە لێرەدا ماناکردنەکەی دووبارە ناکەینەوە.

هەروەها (القرافي) لە کتێبێکی دیکەیدا هەر لەو بارەوە گوتوویەتی:

{لاتَجْمُدْ عَلى المسطور طُول عُمرَكْ، بَلْ إِذَا جَاءَك رَجُلٌ مِنْ غَير أَهلِ إِقلِيمك يَستَفتِيك لا تُجرِهِ عَلى عُرْفِ بَلَدِك واسألهُ عَنْ عُرْفِ بَلَدِهِ، وَأَجْرِهِ عَلَيهِ وَافْتِهِ بِهِ دونَ عُرْفِ بَلَدِك وَالْمُقرَّرِ في كُتُبك، فَهَذَا هُوَ الحَقُ الواضِحْ، والْجُمُود عَلى المَنقولات أَبداً، ضَلالَ فِي الدِّينْ وَجَهْلٌ بِمَقاصِد عُلَماء الْمُسلمِينَ وَالسَّلَفِ الماضِينْ}[2].

واتە: بە درێژایی تەمەنت خۆت لەسەر شتی نووسراو مەهێڵەوە، بەڵکو

---

١ – (الإحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام وتصرُّفات القاضي والإمام) ج١٨، ص٢١٩.

٢ – الفروق ،ج١ص١٧٦.

هـەرکات پیـاوێکی غـەیری ناوچـەکەی خـۆت هاتـە لاتو پرسـیاری شـەرعیی لێکردی، بە پێی عورفـو باوی دەڤەرەکەت وەڵامی مەدەوەو، لە بـارەی عـورفـو عادەتی شوێنەکەی خۆیەوە پرسیاری لێ بکەو، بە پێی ئەوە قسەی لەگەڵ بکەو فەتوای بۆ بدە، نەك عورفـو بـاوی شـوێنەکەی خـۆتو ئـەوەی لـە کتێبەکانتـدا بڕیاری لەسەر دراوە، ئا ئەوە هـەقی ڕوونـە، وە بـەردەوام مانـەوەو وشـك بـوون لەسەر قسەو فەتوایە نـەقڵ کراوەکـان، گومڕاییـە لـە ئایینـداو نەشارەزاییە بـە ئامانجو مەبەستەکانی زانایانی مسوڵمانو پێشینی ڕابردوو.

هەروەها (إبن عابدین)یش هەر لەو بارەوە گوتوویەتی:

(كَثِيرُ مِنْ الأَحكَامْ تَخْتَلَفُ بِآخْتِلافِ الزَمَانْ لِتَغَيُّرُ عُرفْ أَهلِهِ، أَوْ لِحَدوثْ ضَرورَة أَوْ لِفَسَادْ أَهلْ الزَمَانْ، بُحيثَ لَوْ بَقِي الحُكمْ عَلى مَاكَانَ عَلَيهِ اَولاً، لَلَزِمَ مِنهُ المَشَقَةُ وَ الضَرَرُ بِالنَاسْ، وَ لِخالَفَ قَواعِدْ الشَريعة المَبنيَّةِ عَلى التَخْفِيف وَ اليُسْر وَ دَفْع الضَرَرَ والفَسَادْ ، لِهذَا نَرى مِشَايخ المَذْهَبْ خالَفوا مَانَصْ عَلَيهِ المجتَهِدُ فِي مَواضِع كَثِيرَة بِنَاهَا عَلى مَا كَانَ فِي زَمَنِهِ ، لَعَلَمَهُمْ بِأَنَّهُ لَوْ كَانَ فِي زَمَنِهِمْ لَقَالَ بِما قَالُوا بِهِ، أَخَذاً مِنْ قَواعِد مَذْهَبِهِ)[1]، واتـە: زۆر لـە حوکمـە شـەرعییەکان بـە هـۆی جیـاوازیی ڕۆژگـارەوە دەگـۆڕێن، لـە سـۆنگەی گـۆڕانی عـورفـو بـاوی خەڵکەکەیـەوە، یـان بـە هـۆی پەیدابوونی پێویستییەك، یـان تێکچوونی خـەڵکی ڕۆژگارەوە، بـە جۆرێـك کـە ئەگەر ئەو حوکمە هـەر لەسـەر حاڵـەتی یەکـەمی مابایـەوە، خەڵکەکـە تووشـی ناڕەحەتیی‌و زیان دەبوون، هەروەها "مانـەوەی ئـەو حوکمـە وەك خـۆی لەگـەڵ گۆڕانی عورفـو باودا" پێچەوانەی بنچینەکانی شـەریعەتە کـە لەسـەر بناغـەی سوککردن‌و ئاسانکاریی‌و لابردنی زیان‌و خراپە، بنیات نـراون.

---

١ – مجموعة الرسائل- نَشرُ العُرف،ج٢، ص١٢٥.

بۆیەش دەبینین زانایانی مەزهەب لە زۆر شوێنان پێچەوانەی ئەوەی موجتەهید دەقی لەسەر کردوەو، لەسەر بناغەی ئەوە کە لە ڕۆژگاری خۆیدا هەبووە بنیاتی ناوە، فەتوایان داوە، چونکە زانیویانە کە ئەگەر ئەو موجتەهیدەش لە ڕۆژگاری ئەوان دابوایە، هەمان قسەی ئەوانی دەکرد، بە پێی بنچینەکانی مەزهەبەکەی.

ئێستاش بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردن (تطبیق)ی ئەو بنچینە شەرعییە بەسەر مەسەلەی جەژنو بۆنەی نەورۆزدا، دەڵێین:

ئەگەر گریمان هەڵوێستی نەرێنیی (سَلبي) بەشێك لە زانایان لە بارەی نەورۆزەوە، بە هۆی ئەوەوە بووبێ، کە بۆنی شیرکو کوفریان لێکردوە، ئەوە لەم ڕۆژگارەدا پێویستە ئەو حوکمو هەڵوێستە بگۆڕێ، چونکە:

ئێستا هیچ کەس نە لە نێو گەلی کوردستانو، نە لە نێو هیچ گەلێکی دیکەشدا، بە هاندەرو بە هەوای کوفرو شیرکەوە یادی نەورۆز ناکەنەوە، بەڵکو عادەتو باوو هەلومەرجی خەڵکی یادکەرەوەی نەورۆز لەم ڕۆژگارەدا، بە تایبەت لە کوردستاندا، ئەوەیە کە نەورۆز بە یادو جەژنێکی نەتەوەییو مێژوویی خۆیان دەزانن، یان بە ڕۆژی یەکەمی بەهارو سەرەتای ساڵی تازەی دادەنێنو، ئاگر کردنەوەکەشیان تەنیا ڕەمزو هێمایەکی ئەو بۆنەو یادەیەو، کەمو زۆر خەڵك بیر لە بە پیرۆز گرتنو بە گەورە گرتنو پەرستنی ئاگر، ناکاتەوە.

ئنجا مادام عورفو باوو هەلومەرجی خەڵکی ئەم ڕۆژگارە ئاوایە، کەواتە: یادکردنەوەکەش ئەگەر گریمان لە ڕابردووشدا گرێو ئیشکاڵێکی تێدا بووبێ، ئێستا هیچ گرفتو ئیشکاڵێکی تێدا نیە، چونکە عورفو باوو هەلومەرجەکە لە حاڵەتێکی ناڕەوای کە بۆنی شیرکو کوفر لێهاتوە، گۆڕاوە بۆ حاڵەتێکی ڕەوا

(مباح)، چونکه وەك پێشتر باسمان کرد:

١- نەورۆز یان سەرەتای بەهارو دەستپێکی ساڵی تازەیەو، قوتاربوونی خەڵکە لە سەرماو سۆڵەو زوقمی زستان، کە بێگومان شادمانیی‌و دڵخۆشیی دەربڕین بەو بۆنەیەوە، شتێکی ئاسایی‌و ڕەوایەو، بەشەر حەزیان بە خۆشیی‌و ئاسانیی‌و ئاوو هەوای نە سارد نە گەرمی بەهارە.

٢- یان یادی دەرباز بوونی گەلی چەوساوەو خوێنمژراوی کوردە، لە چەنگ پادشا ئەژدەهاکی زۆردار، بە سەرمەشقێتی کاوەی ئاسنگەر، کە بێگومان دژی ستەمو چەوساندنەوە بوون‌و، لەگەڵ ستەملێکراوادا بوون، پەسند، بگرە پێویستەو، شتێکی ڕەواو پەسندە کە مسوڵمانان خۆشحاڵیی‌و شادمانیی دەربڕن، بە بۆنەی دەربازبوونی گەلێکی ستەمدیدە لە زوڵمو زۆری حکومڕانێکی ستەمکارو خراپە کار، بە بەڵگەی ئەوە کە خوای کاربەجێ نەفرینی لە ستەمکاران کردوەو فەرموویەتی: {أَلا لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ} هود، ١٨، وە سەرزەنشتی مسوڵمانانێکی کردوە، کە ئامادە نەبوون لە پێناوی خواو قوتارکردنی چەوساوان دا بجەنگن‌و فەرموویەتی: {وَمَا لَكُمْ لا تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ}النساء، ٧٥، هەروەها خوای بەرزو مەزن ستایشی خۆی کردوە، بە بۆنەی ئەوەوە کە ستەمکارانی نابود کردوەو فەرموویەتی: {فَقُطِعَ دَابِرُ الْقَوْمِ الَّذِينَ ظَلَمُوا وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ} الأنعام، ٤٥.

کەواتە: یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە، کە گەلێکی چەوساوەی تێدا قوتار بووەو حوکمڕانێکی ملهوڕو خوێنمژی تێدا گرفتار بووە، لەگەڵ بەها بەرزەکانی ئیسلامو ئامانجە گەورەکانی شەریعەتدا کۆك‌و تەبایەو، هیچ گرفت‌و

ئیشکالێکی تێدانیەو، گرنگ ئەومیە شێوازی یادکردنەوەکەو، ئامانجەکەی ڕێكو ڕەوا بێو، نا شەرعیی لەگەڵ تێکەڵ نەکرێ.

پێنجەم: بۆنەی نەورۆزو ئاگر تێدا کردنەوەی، چ شادیی دەربڕین بێ، بە سەرەتای بەهارو نەمانی سەرماو زوقمی زستان، وە چ شادمانیی بێ، بە نەمانی ستەمکارێکی خوێنمژو دەرباز بوونی خەڵکێکی چەوساوە، شتێکی ڕەوایەو گرنگ ئەومیە شێوازو ئامانجو نێومرۆکەکەی پێچەوانەی شەریعەت نەبێ.

لە ڕاستییدا ئەم خاڵی پێنجەمە بریتیە لە ئەنجامگیریی (إستنتاج)ێك کە لە چوار خاڵی ڕابردوو دەکرێو، بە پێویستی نازانم ئەوەی لە ڕابردوودا گوتراوەو، ئەنجامەکەی ئەومیە کە لەم خاڵی پێنجەمەدا، (واتە: ناوونیشانەکەیدا) خراوەتەڕوو، دووبارە بکەینەوەو بە کورتییو پوختیی دەڵێم: مادام بناغە لە هەڵسوکەوتەکاندا ڕەوایی و ڕێپێدران بێ، مەگەر شتێك دەقێکی ڕوونو بێ چەندو چوونی شەریعەت قەدەغەی کردبێو، ڕێی لێگرتبێ، وە جەژنو یادو بۆنەکانیش لە بازنەی هەڵسوکەوتو عادەتەکان دابنو، هیچ دەقێکی شەریعەتی ڕوونو ڕاشکاویش نەبێ لەسەر قەدەغەکرانو ڕێ لێگیرانی یادو بۆنەکان بە گشتی.

پاشان هەر کام لە خۆشحاڵیی دەربڕین، بە بۆنەی کۆتایی هاتنی وەرزی زستانو بەسەرچوونی سەرماو سۆڵەو هاتنی وەرزی بەهار، وە شادمان بوون، بە ڕاپەڕینی گەلێکی چەوساوەو ستەمدیدە، بە ڕووی حکومڕانێکی ستەکارو خوێنمژداو، کۆتایی پێهێنانی ستەمو جەوری، لە خودی خۆیاندا دوو شتی ڕەواو سروشتیین و، لەگەڵ بنچینە شەرعییەکانو ئامانجو بەها بەرزەکانی

شەریعەتدا تەباو کۆکن، بۆیە دەتوانین بە ڕاشکاویی بڵێین: یادو بۆنەی نەورۆز شتێکی ڕەواو ڕێ پێدراوەو، هیچ گرفتو ئیشکاڵێکی تێدا نیە، وە ئەگەر گریمان لە ڕابردووشدا هەندێك کەس گرفتو ئیشکالیان لەو ڕووەوە بووبێ، کە ئەو یادو بۆنەیە وێچوونی هەیە لەگەڵ هەندێك یادو دروشمی ئەهلی کوفرو شیرکدا "بۆ نموونە: مەجووسییەکان" ئەوە بێگومان لە نێو گەلێکی مسوڵمانی وەك کورددا، هیچ جێیەك بۆ ئەو گومانو گرفتە نیەو، هیچ کەسێکی مسوڵمان نەك هەر بە هاندەری بە بەرزو پیرۆز گرتنی ئاگر یادی نەورۆز ناکاتەوە، بگرە هەر بیریش لەوە ناکاتەوە، چونکە دەزانێ کە تەنیا خوا "عزو جل" (قُدُوس)ەو، ئاگریش جگە لە دروستکراوێکی خوا چی دیکە نیە.

مەسەلەی بە پیرۆز گرتنی ئاگریش، پێموایە ڕەگو ڕیشەکەی هەمان ئەو ڕەگو ڕیشە فیکرییە ئەفسانەییەیە، کە بە درێژایی مێژووی بەشەرو لە کاتی خەفەبوونی چرای وەحیو کزبوونی ڕووناکییو شۆقی پێغەمبەرایەتییدا، مرۆڤ پەنای بردۆتە بەر دیاردە سروشتییەکانو، بە خەیاڵی خۆی بۆ زیاتر بەهرە لێوەرگرتنیانو، سەلامەتو بێ بەڵابوون لە زەرو زیانیان، هەڵساوە بە بەرزو پیرۆزگرتنیان، چونکە وایزانیوە کە هەرکامێکیان ڕووحێکی تایبەتی لە پشتەوەیە کە ئاڕاستەی دەکات!

ئاگریش وەچەرخانێکی گەورەی لە ژیانی بەشەردا دروست کردوە، کە مرۆڤ وێڕای خۆ پێ گەرمکردنەوەو گۆشتو خواردن پێ کوڵاندنو برژاندن، بۆ دروستکردنی ئامێرو کەلو پەلو پاشان خشڵو ... هتدیش لێی بەهرەمەند بووە.

بۆیە بۆ کەسانێکی دوورکەوتووەوە لە وەحیو پێغەمبەرایەتیی، شتێکی ئاسایی و چاوەڕوان کراو بووە، کە سەرەتا ڕێزی ئاگر بگرنو خۆشیان بوێو،

پاشان زێدەڕۆیی لەو خۆشویستنو ڕێزلێگرتنەدا بکەنو، بیگەیەننە ئاستی بە بەرزو پیرۆز گرتنو پەرستن!

هەروەها بەنسبەت خۆرو ڕووناکییو گەلێك لە دیاردە سروشتییەکانی دیکەشەوە، بەهەمان شێوە.

بەڵام پاش هۆشیار بوونەوەی مرۆڤ بە گشتی بە تایبەت بە نسبەت ئەو کۆمەڵگاو گرووپانەی کە لە نێو مسوڵمانانداو دەژین، ڕێژەی بە پیرۆزگرانی ئاگر، زۆر کەم بۆتەوەو، ئێستاکە لە هەموو دنیادا ژمارەیان ناگاتە نیو ملیۆن[1].

پوختەی قسان لە بارەی نەورۆزەوە

١- یادکردنەوەی نەورۆزو بە جەژن گرتنی وەك سەری ساڵ، یان وەك بۆنەیەکی نەتەوەیی، لە بازنەی عادەتو هەڵسوکەوتەکاندایە، کە لە بنەڕەتدا ڕەواو ڕێپێدراون.

٢- بەڵام ڕەوابوونی نەورۆز وەك جەژنو بۆنەیەکی گشتی، یان نەتەوەیی، مانای ئەوە نیە کە هەرچۆنێکی بکرێو هەرچیەکی تێدا بکرێ، هەر ڕەوایە، بەڵکو شتی حەڕامو ناڕەوا "بۆ وێنە: شایی ڕەشبەڵەك" لە نەورۆزو غەیری نەورۆزیشدا، هەر حەڕامو ناڕەوایە.

٣- ئەگەر گریمان کەسێك بە مەبەستی بە گەورەگرتنو بە پیرۆز گرتن (تعظیم وتقدیس)ی ئاگر، ئاگری ڕۆژی نەورۆز بکاتەوە، ئەوە ئەو

---

١ – موسوعة الأديان في العالم، الديانات القديمة،الزرادشتية، ص٢٦٧.

ڕەفتارەی بە شێرك‌و کوفر دادەنرێ، بەڵام حوکمی یادکردنەوەی نەورۆز لە خودی خۆیدا، هەر ڕەوایە ناگۆڕێ.

٤- حوکمی یادکردنەوەی نەورۆز لە نێو گەلی کورددا، لەبەر ڕۆشنایی عادەت‌و باوو هەڵو مەرجی ئێستای ئەو یادکردنەوەیەدا، دیاری دەکرێ‌و، ئەو حوکمەی کە هەندێك لە زانایان لەو بارەوە گوتوویانە: لە هەڵو مەرج‌و عادەت‌و یادێکی دیکەی جیاوازدا، پابەندکەر(مُلزِم)نیە بۆ خەڵکی دوای خۆیان، کە عادەت‌و هەڵو مەرج‌و باوەکەیان گۆڕاوەو جیاوازە.

٥- بە جەژنگرتنی نەورۆزو یادکردنەوەی، لەگەڵ ئاگرکردنەوەدا، دوو شتی پێکەوە پەیوەست نین‌و، دەگونجێ یادی نەورۆز بکرێتەوە بەبێ ئاگرکردنەوە، وە لە ڕاستییدا ئەو سەرچاوانەی من بینیومن لەبارەی ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەرو نەورۆزەوە، هیچیان باسی ئاگرکردنەوەیان تێدا نەبووە، جگە لە نامیلکەکەی مامۆستا حەسەن مەحموود حەمە کەریم، (کاوەو نەورۆز...) کە ئەویش بۆ ئاگر تێدا کردنەوەی نەورۆز تەنیا ئاماژە بە (ئەفسانەی ئەژدەهاك)ی (صابر گرد عازەبانی) دەکات.

٦- هەرچەندە ئاگرکردنەوە لە خودی خۆیدا شتێکی ڕەوایە، بەڵام پێویستە ئاگرکردنەوەکە بە شێوەیەك نەبێ کە ببێتە مایەی پیس بوونی ژینگە، کە لەم ڕۆژگارەدا گرفت‌و کێشەیەکی گەورەی دنیایە.

دیارە ئەویش بەوە دەبێ کە ئاگرێکی بە داروتەختە لەسەر لوتکەی چیایەکی بەرز بکرێتەوە، نەك لە هەموو جادەو کۆڵانێك نەوت‌و قیرو کۆنە تایەو لاستیك بسووتێنرێ.

٧- وەك ساغمان كردەوە، ڕیشەی یادی نەورۆز، یان گۆڕانكاریی كەش‌و هەوای سالّەو كۆتایی هاتنی زستان‌و هاتنی بەهارە، یان ئەفسانەی كاوەی ئاسنگەرو ئەژدەهاكە!

بۆیە وەك چۆن بە شتێكی هەڵەی دەزانم بە ناوی ئیسلام‌و شەریعەتەوە دژایەتیی نەورۆز بكرێ، كە زۆربەی خەڵك وەك هێماو دروشمێكی نەتەوەیی تەماشای دەكەن "بنەڕەتەكەی هەرچییەك بێ"، بە هەمان شێوەش بە هەڵەی دەزانم لە بەرانبەریشدا نەورۆزو ئاگر تێدا كردنەوەكەی، زێدەڕۆیی تێدا بكرێ‌و، بكرێتە تەرازوو و سەنگی مەحەكی كوردایەتیی‌و نەتەوە پەروەریی، چونكە ڕەوا نیە بەسەرهاتێكی ئەفسانەیی، یان گۆڕانكارییەكی كەش‌و هەوای سالّانە، بكرێتە بناغەو پێوەری نیشتیمان پەروەریی‌و كوردایەتیی!

كەواتە:

با ئەوانەی بە ناوی پابەندیی بە شەریعەتەوە دژایەتی نەورۆز دەكەن، بزانن كە هیچ دەقێكی ڕاست‌و ڕوونی شەریعەت پشتگیریی هەڵوێستەكەیان ناكات‌و، با لە خۆیانەوە بازنەی قەدەغە كراوەكان لەسەر حیسابی ڕەواو حەڵاڵ فراوان نەكەن‌و، بە هەڵە خەڵكێكی زۆر وا حاڵی نەكەن، كە ئیسلام دژی قەوارەی سیاسیی‌و ماف نەتەوایەتیی گەلەكەیان‌و، مێژوو و كلتوورو دروشمەكانیەتی!

هەروەها لە بەرانبەریشدا با ئەوانەی بە ناوی كوردایەتیی‌و نەتەوەپەروەریی‌و نیشتیمان پەروەرییەوە، زۆر داكۆكیی لە نەورۆز دەكەن، بزانن كە نەورۆز بناغەیەكی هێندە پتەوی نیە‌و، ناگونجێ كوردایەتیی‌و نەتەوە پەروەریی تێدا كورت بكرێتەوە‌و، بكرێتە سەنگی مەحەكی دڵسۆز

بـوون بـۆ گـەڵو نیشـتیمانو جیاکـەرەوەی: بـە تـەنگ نەتـەوەو نیشـتیمانەوە بووانو، گوێ پێنەدەرانی گەڵو نیشتیمان!

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ وَسَلامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

۹محرم/ ١٤٣٤ ك

۲۳ تشرینی دووەم/ ۲۰۱۲ ز

هەولێر

بەرهەمەکانی دانەر

١- پوختەیەك دەربارەی ئیسلام. چاپی ٢/ ٢٠٠٦.
٢- دەبەرێك ڕاچوونی ئیسلامو ڕێچکان. چاپی ٣/ ٢٠٠٦
٣- یادی خوا، گرنگی یادی خوا لە ژیانی مرۆڤ دا. چاپی ١ /١٩٨٧
٤- کۆمەڵی خـوا. چاپی ١ / ١٩٨٨
٥- پێشمەرگەی ئیسلام، یان مسوڵمانی موجاهید کێیەوچۆنە؟ چاپی٣ /٢٠٠١
٦- دەردو دەرمانی بزووتنەوەی ئیسلامی. چاپی ١ /١٩٨٩
٧- ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ کامەیە؟! چاپی ١/ ١٩٨٩
تێبینی: دواتر خرایە نێو کتێبی (مسوڵمانی کامڵ: بەشی یەکەم: بیروبڕوای مسوڵمان) وە دواتر ئەمیش خرایە نێو کتێبی (ئیمانو عەقیدەی ئیسلامی)یەوە .
٨- ڕێگای صاڵح بوونو بەرەو خوا چوون. چاپی ٥ /٢٠١٢
تێبینی: وەرگێڕدراوە بۆ عەرەبیو لەژێر چاپە .
٩- کوردستان بۆ وێران بووو چۆن ئاوەدان دەبێتەوە؟! چاپی ١ / ١٩٨٩
١٠- حوکمی گەڕانەوە ژێر نیری طاغووت. چاپی ٢ /٢٠٠٥
١١- سۆزی نەتەوایەتیو بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازووی ئیسلامدا. چاپی ٣ /٢٠٠٥
١٢- مسوڵمانی کامڵ/بەشی یەکەم: بیروبڕوای مسوڵمان. چاپی ١٩٩٧/١
تێبینی: ((دواتر خرایە نێو کتێبی (ئیمانو عەقیدەی ئیسلامی)یەوە)).
١٣- چارەسەری کێشەی کورد لە نێوان ئیمانو پەرلەمان دا. چاپی ١ /١٩٩٢
١٤- بزووتنەوەی ئیسلامی لە دووڕیانی مانو نەمان دا. چاپی ١ /١٩٩٣
١٥- بزووتنەوەی ئیسلامیو ئایندەیەکی گەشو ڕوون. چاپی ١ / ١٩٩٥
١٦- پرۆژەی بەرنامەی فیکریی کاری ئیسلامیی. چاپی ١ / ١٩٩٦
١٧- چەند ڕێڕوونییەك بۆ ئیسلامییەکانی کوردستان. چاپی ١ /١٩٩٦
١٨- ئیسلامو کێشە هەنووکەییەکان. چاپی ١ /١٩٩٥
١٩- با وریا بین! داڕووخانی ڕەوشت کۆمەڵگاکەمان بەرەو هەڵدێر دەبات. چاپی ٢ /٢٠٠٦,
٢٠- خواپەرستی ئیسلامیی: بەشی یەکەم/ خواپەرستی بەگشتی، پاکوخاوێنی .
٢١- خواپەرستی ئیسلامیی: بەشی دووەم/ نوێژ بەرپاکردن .
٢٢- خواپەرستی ئیسلامیی: بەشی سێیەم/ مانّ بەخشینو زەکات.
٢٣- خواپەرستی ئیسلامیی: بەشی چوارەم/ ڕۆژوو گرتن، حەجو عومرە، زیکری خوا.
٢٤- گەڕانەوە بۆ لای خـوا ﷻ . چاپی ٥ /٢٠١٠

٢٥- زانایانی ئیسلام کێن‌و چۆنن ؟! چاپی ٣ / ٢٠١١
تێبینی : بۆ زمانی عەرەبیش وەرگێڕراوە.
٢٦- بنچینە گرنگەکانی هەڵس‌وکەوتی شەرعییانەو ژیرانە لەگەڵ ورده بابەتە خیلافییەکاندا، چاپی ١ / ١٩٩٩ .
تێبینی: ئەم نامیلکەیە باسێکی بەرگی یەکەمی کتێبی: (خواپەرستی ئیسلامی)یە، بۆ زمانی عەرەبیش وەرگێڕراوەو چاپیش کراوە.
٢٧- مزگەوتەکانی کوردستان لەنێوان ئاوەدانکردنەوەو وێران کردندا. چاپی ١ /٢٠٠٠
٢٨- تاقیکردنەوەی خوا بۆ بەندەکانی چیەو چۆنە؟ چاپی ١ /٢٠٠٠
٢٩- بنەما شەرعییەکان‌و هێڵە گشتیەکانی کۆمەڵێکی ئیسلامیی ڕەسەن .
تێبینی: (ئەم نامیلکەیە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی).
٣٠- کۆمەڵی ئیسلامیی: ئامانج‌و هەڵوێستەکانی. چاپی ١ /٢٠٠١
٣١- پاساوو بەڵگە شەرعییەکانی بنیاتنانی‌کۆمەڵیی ئیسلامیی، ئاڵقەکانی: ١و ٢ و ٣ و ٤ . چاپی ١ / ٢٠٠١
٣٢- ئافرەتی مسوڵمانی کورد مافە شەرعییەکانی‌و ئەرکە گرنگەکانی. چاپی ١ /٢٠٠٠,
٣٣- ئافرەت‌و خێزان لە سایەی شەریعەت دا . چاپی ٢ / ٢٠٠٥
٣٤- چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم . چاپی ٥ / ٢٠٠٥
تێبینی: وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی.
٣٥- چەند ڕێڕوونییەك بۆ خوشك‌و برایانمان لە هەندەران. چاپی ١ /٢٠٠٢
٣٦- سنووره قەدەغەکان مەشکێنن! (چاوپێکەوتنی دکتۆرحسین محمد عزیز). چاپی ٢ / ٢٠٠٣
٣٧- چۆن هەڵس‌وکەوت لەگەڵ خەڵکی‌دا بکەین؟! چاپی ١ / ٢٠٠٢
تێبینی: وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی.
٣٨- شەهید کێیەو چ پلەوپایەیەکی هەیە؟! چاپی ١ / ٢٠٠٢
٣٩- جیهاد لە ڕێی خواداو چەند سەرنج‌و ئاگادارییەك. چاپی ١/ ٢٠٠٢
٤٠- بۆئەوەی لەسەر جیهادکردنمان قەرزدار نەبینەوە! چاپی ١ / ٢٠٠٢
٤١- جیهاد لەڕێی خوادا چیەو بۆچی دەکرێ‌و چۆن دەکرێ؟ چاپی١/ ٢٠٠٢,
٤٢- ئەشکەنجەو زیندان (چاوپێکەوتنی هاوژین عومەر) چاپی ٣/ ٢٠٠٩ .
تێبینی: وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی، هەروەها دوو تەرجەمەی فارسیشی کراوەو چاپ‌و بڵاوکراوەتەوە، هەروەها بۆ زمانی ئینگلیزیش وەرگێڕراوەو چاوەڕێی چاپە.
٤٣- کارو پرۆژەی ئیسلامیمان (وتاری کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵی ئیسلامیی) چاپی ٢/ ٢٠٠٦ .
٤٤- ئیسلام‌و مسوڵمانەتی‌وکاری ئیسلامیی لەبەر ڕۆشنایی قورئان‌و سوننەتدا. چاپی ١ / ٢٠٠٦ .

٤٥- ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/١، ئیمانو عەقیدەی ئیسلامی چیـیەو چۆنـە؟! ١ تـا ١٢ چاپی ١ / ٢٠٠٦

٤٦- ئیمـانو عەقیـدەی ئیسـلامیی. بـەرگی/ ٢، خـوا بـە یـەکگرتن (التوحیـد) لـە بەدیهێنەرایەتیو پەروەردگارێتی دا. ١٣ تا ٢٦ . چاپی ١ / ٢٠٠٦

٤٧- ئیمـانو عەقیـدەی ئیسـلامیی. بـەرگی/ ٣، خـوا بەیـەکگرتن لـە نـاوو سـیفەتو لـە پەرسـتراوێتی دا، ٢٧ تا ٣٦ . چاپی ١ / ٢٠٠٧

٤٨- ئیمـانو عەقیـدەی ئیسلامیی. بـەرگی/ ٤، ئیمـان بـە فریشـتەکانی خـوا (عـزّو جل)، کتێبەکانی خوا (عـزّو جل)، پێغەمبەرانی خوا (علیهم الصلاة والسلام). ٣٧ تـا ٤٠. چاپی ١ / ٢٠٠٧

٤٩- ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگـی/ ٥، ئیمـان بە ڕۆژی دوایی قەزاو قـەدەر ٤١ تا ٤٥ . چاپی ١ / ٢٠٠٨

٥٠- ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/٦، تایبەتمەندییو دیدو بۆچوونەکانی پـەیڕەوانی ڕێبازی ڕاسـت. ٤٦ تا ٥٠. چاپی ١ / ٢٠٠٨

٥١- تەوژمی ئیسلامییو عەلمانییو خاڵە هاوبەشو جیاوازەکانیان. چاپی ١/ ٢٠٠٧، چاپی ٢/ ٢٠١١.

تێبینی: زۆربەی بە (٢٤) ئایەتە لە هەفتەنامەی (هـاووڵاتی)و ئـەوەی دیکـەش بـە (٩) ئایەتە لە هەفتەنامەی (ئاوێنە)دا بڵاوکراوەتەوە.

٥٢- گەنجەکانـمان لە نێوان ڕەسەنایەتییو لاسایی کردنەوەدا.

٥٣- بە دوورخستنەوەی ئافرەت لە ئیسلام چ زیانێك دەکەین؟

٥٤- سیاسەتی ئیسلامییو چەند ڕوونکردنەوەیەك.

٥٥- چۆنیەتی بوونە پێشەنگو بنیاتنانی بنکەی جەماوەریی.

٥٦- چەند بنەمایەکی گرنگی وتاربێژیی.

٥٧- قوتابیانی زانیاری شەرعیی چەند سەرنجو ڕێنمایی یەك.

٥٨- خوو ڕەوشتی بەرزو پەسند سەنگی مەحەکی مسوڵمانەتی یە.

٥٩- بانگەواز بۆ لای خوا .

٦٠- قوتابیان لەم هەلو مەرجەدا پێویستە چۆن بنو چی بکەن؟!

٦١- ضیف و قضیة (مقابلة مع قناة العربیة). کە دوایی لە شێوەی نامیلکەدا چاپ کراوە

٦٢- حوار خاص (مقابلة مع قناة العالم). کە دوایی لە شێوەی نامیلکەدا چاپ کراوە.

٦٣- خواناسیی، ئایین ، ئیمان. چاپی ٢ / ٢٠٠٩ .

٦٤- واقیعی هەرێمی کوردستان ...دیدێکی ئیسلامییانە. چاپی ١/ ٢٠٠٨ .

٦٥- چـەند بابەتێکی هونەریی لەبەر ڕۆشـنایی قورئانو سـوننەت دا. چاپی ١ /٢٠٠٨

٦٦- چۆن باشتـر لە کتێبی بەرێـزی خـوا بەهرەمەند دەبین؟!

چاپی ١/ ٢٠٠٨، چاپی ٣ /٢٠١٠

٦٧- سروشتو پایەکانی خێزانو مەسەلەی چەندژنیی لە تەرازووی شەرع و عەقڵ دا.
تێبینی: ئەم ناميلكەيە بە(١٤) ئالقـە لە پرۆژنامەی (رۆژنامە)دا بلاوكراوەتەوە.
٦٨- پوختەی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا ﷺ چاپی ٢٠١٠/١، چاپی ٢/ ٢٠١١,
٦٩- چەند بابەتێکی سیاسی هاوچەرخ لەبەر رۆشنایی عەقڵو وەحی دا .
٧٠- کاری ئیسلامیو رەواندنەوەی چەند تەمومژێك.
٧١- حوکمی لە ئیسلام هەڵگەڕانەوەو هەڵسەنگاندنێك.
٧٢- مەلای گەورە کۆیەو تەفسیرەکەیو چەند سەرنجێك.
٧٣- ئەرکی سەرشانمان بەرانبەر بە قورئان .
٧٤- هەڵسەنگاندنێك لەبارەی: هەبوونو نەبوونی نەسخ لە قورئان دا.
٧٥- الإسلام كما يتجلى في كتاب الله تبارك وتعالى، المجلد الأول.
٧٦- تاقیکردنەوەی خوا بۆ بەندەکانی چییەو چۆنە؟!
٧٧- بەرگی یەکەمی (تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز)، کە سووڕمتی (الفاتحة و البقرة)ی گرتۆتە خۆی.
٧٨- بنەما شەرعییەکانو هێڵە گشتییەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی. چاپی/ ٣
٧٩- ڕوونکردنەوەی بنەما شەرعییەکانو هێڵە گشتییەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی.
٨٠- ڕەوەندی کورد لە هەندەرانو ئەرکی سەرشانی.
٨١- تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز / بەرگی دووەم سووڕمتی (آل عمران).
٨٢- ئافرەتو خێزان لە سایەی شەریعەتدا. بەرگی یەكو دوو.
٨٣- خاتوون مەلاژن ئافرەتێکی هەڵکەوتوو و هاوسەرێکی ناوازە.

ئەو بەرهەمانەی لەژێر چاپن

١- خاتوو عائیشە دایکی برۆاداران.
٢- تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز / بەرگی سێیەم، سووڕمتی (النساء).

ئەو بەرهەمانەی چاوەڕێی چاپن.

١- الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله تبارك وتعالى، المجلد (١ - ٩).
٢- خووو ڕەوشتی ئیسلامیی.
٣- گرنگیو پێویستی پابەندیی بە قورئانو سوننەتەوە.
٤- ئیسلامو دەوڵەتداریو حوکمڕانیی.
٥- تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز / بەرگی چوارەم، سووڕمتی (المائدة).

ناوەرۆك

بابەت	لاپەرە
پێشەكی:.....	٧
رێ خۆشكردن.....	١٣
بەشی یەكەم: دە (١٠) بنەمای گرنگ بۆ ڕوونكردنەوەی حوكمی یادو بۆنەو جەژنەكان.	١٥
بنەمای یەكەم: ئیسلام لەقۆڕئانو سوننەتدا بەرجەستەیەو، قسەو بۆچوونی زانایان تێگەیشتنی ئەوانە لەبارەی ئیسلامەوە، نەك خودی ئیسلام.	١٩
بنەمای دووەم: ئاسانكاریی "لەسنووری شەریعەتدا" یەكێكە لە بنەماكانی شەریعەت.....	٢٥
بنەمای سێیەم: ئیسلام حەزناكات بازنەی قەدەغەكراوەكان (محرمات) لەسەر حیسابی ڕەوا (مباح) فراوان بكرێ.....	٣١
بنەمای چوارەم: كردەوەكان بەگشتی بۆ هەردووك جۆری: خواپەرستییەكان (العبادات)و هەڵسو كەوتەكان (المعاملات - العادات) دابەش دەبن.....	٣٧
پێناسەی (العبادات) و (العادات).....	٤٣
أ/ پێناسەی (العبادات):.....	٤٣
ب/ پێناسەی (العادات):.....	٤٤
بنەمای پێنجەم: بناغە لەخوا پەرستییەكاندا قەدەغەبوون (حظر)و، لەهەڵسو كەوتەكاندا ڕەوا (مباح) بوونە.....	٥١

بنەمای شەشەم: شتی ڕەوا بەهۆی بەهەڵە بەکارهێنرانییەوە، حوکمە ئەسڵییەکەی ناگۆڕێ و قەدەغە نابێ..... ٦٩

بنەمای حەوتەم: نیازو مەبەست حوکمی هەڵس و کەوتەکان دەگۆڕێ..... ٧٣

بنەمای هەشتەم: یادو بۆنەو جەژنەکان لەبازنەی هەڵس و کەوت و عادەتەکاندان..... ٧٩

پۆلێن کردنی یادو بۆنەو جەژنەکان..... ٨٤

بنەمای نۆیەم: بیدعەت تایبەتە بەهەردووک بواری عەقیدەو عیبادەتەوە. ٩٣

پێناسەی (بدعة):..... ٩٢

بنەمای دەیەم: هەرکات حوکمێکی شەرعیی لەسەر بناغەی عورف و عادەتێك بنیات نرا، بەگۆڕانی عورف و عادەتەکە، ئەو حوکمەش دەگۆڕێ..... ١٠٥

ئەنجامگیریی:..... ١٠٩

بەشی دووەم: هەڵسەنگاندن و لەبێڕێنگدانی بەڵگەو قسەکانی ئەوانەی سەرجەم یادو بۆنەکان بە حەرام دەزانن، بێجگە لەهەردوو جەژنی ڕەمەزان و قوربان و ڕۆژی جومعە..... ١١٣

بەڵگەی یەکەم خستنەڕووی قسەو بەڵگەکانیان..... ١١٦

هەڵسەنگاندنی ئەو قسەو بەڵگانە:..... ١٢٥

بەڵگەی دووەم: ئەنجامدانی ئەو یادو بۆنانە خۆ پێچواندنی کافرانە (التشبُه بالكفّار)ە:..... ١٣٠

بەشی سێیەم لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی ڕەوایی و نا ڕەوایی یادکردنەوەی ڕۆژی نەورۆزەوە ١٤٧

یەکەم: چەمك و واتای وشەی (نەورۆز) و کات و هەل و مەرجی سەرهەڵدانی ١٥٠

چەمك و واتای وشەی (نەورۆز)..... ١٥١

هەڵو مەرجو کاتی سەرهەڵدانی نەورۆز..... ١٥١

ئەفسانەی پادشا ئەژدەهاك و کاوەی ئاسنگەرو فەرمیدوون..... ١٥٥

چەند ڕوونکردنەوەیەك لەبارەی نەورۆزو کاوەو ئەژدەهاك و فەرمیدوونەوە..... ١٦١

دووەم: تێڕوانینی زانایان بۆ جەژنی نەورۆزو مامەڵەی حوکمڕانانی دەوڵەتی ئیسلامیی لەگەڵیدا، جۆراوجۆر بووە..... ١٦٧

سێیەم: ئاگر کردنەوەی ڕۆژی نەورۆزو ئاگری بەردەوامی ئاگرپەرستەکان، دوو شتی جیاوازن:..... ١٧٢

چوارەم: حوکمی یادکردنەوەی نەورۆز لەبەر ڕۆشنایی عادەتو باوو هەڵو مەرجی ئێستایدا دیاریی دەکرێ..... ١٧٨

پێنجەم: بۆنەی نەورۆزو ئاگر تێدا کردنەوەی، چ شادیی دەربڕین بێ، بە سەرەتای بەهارو نەمانی سەرماو زوقمی زستان، چ شادمانیی بێ بەبۆنەی نەمانی ستەم، ڕەواییە..... ١٨٣

پوختەی قسان لە بارەی نەورۆزەوە..... ١٨٥

بەرهەمەکانی دانەر ١٨٩

ناوەرۆك..... ١٩٣

ئەم کتێبە :

لێکۆڵینەوەیەکە لە بارەی ڕەوایی و ناڕەوایی جەژن و بۆنەو یادەکانەوە بە گشتی ، چ ڕیشەیەکی ئایینیان هەبێ ، چ پەیوەندییان بە پیشەیەك و تۆڕێکەوە هەبێ و ئاستێکی نێونەتەویی و جیهانییان وەرگرتبێ ، وە چ ڕیشەیەکی نیشتیمانیی و نەتەوەییان هەبێ.

هەروها باسێکی سەربەخۆشی لەبارەی ڕۆژی نەورۆزەوە تێدا کراوە ، چ لەڕووی چەمك و واتای و ، چ لەڕووی ڕەگ و ڕیشەیی ئەفسانەیی و میژوویی و ، چ لەڕووی هەڵوێستی شەرعییەوە لە بەرانبەریدا.

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر نوتێلی شیرین پالاس
Mob:00964 750 460 51 22
Tel: 0964 750 25 18 138
www.tafseer-pub.com
tafseeroffice@yahoo.com
Designer